# دەور و گرنگیی زانیاری لە ڕێکخستنی کایەکانی ژیاندا

**قەرەنی قادری**

بۆ ئەوەی شارەزای شتێک، دیاردە، مرۆڤ یان شوێنێک بین، پێشوەختە پێویستمان بە هەندێک "قسە و باس" هەیە، کە بەدڵنیاییەوە دەتوانین ناوی بنێین "زانیاری/Information". گشت کایەکانی ژیانمان پێویستیان بە زانیارییە، بۆ "ئەوەی بتوانین بەرێی خۆمان ببینین"؛ هەمیش بشێین بە کەمترین تێچوو و کێشە بەئاکام بگەین. بەڵام زانیاری هەروا بەئاسانی ڕێکخەری ژیان نییە، بەڵکوو ئەوە ڕێکخستن، پۆلێنکردن و بەکارهێنانی گونجاوی زانیارییە، کە دەتوانێت و بۆی هەیە ئاکام بەدەستەوە بدات. ژیانی بەبێ زانیاری، تاریکستانە و بێ شک پڕە لە هەڵدێر، هەڵخلیسکان، ساتمە، شکست و چەقبەستوویی.

کاتێک زانیاری، کە بە واتا فەلسەفییەکەی "ناسین" (معرفة/ Knowledge)یە، ببێتە بنەمای کار و ژیان، بێ گومان ئاستی چۆنایەتی لە ڕەوتی ژیانی ئێمەدا بەرز دەبێتەوە. تا زانیاری زۆرتر، دروستر و فرەڕەهەندتر بێت، بڕیارەکان گونجاوتر دەبن و ئاستی کەموکورتی و شکستیش کەمتر دەبێتەوە؛ هەروەها لە مەیدانی حوکمڕانییشدا کاتێک پەیوەندیی حکوومەت لەگەڵ هاووڵاتیان لەسەر بنەمای پێدانی زانیاریی دروست و لە کاتی خۆیدا (دەستاودەستکردنی زانیاری) بێت، بێ شک هەم مەودای نێوان حکوومەت و هاووڵاتیان کەمتر و کەمتر دەبێتەوە و هەمیش ئاستی متمانە بەرز دەبێتەوە.

بەتایبەت لەو سەردەمەدا کە چاخی شۆڕشی دیجیتاڵی و تەقینەوە و شەپۆلی زانیارییە، هەروەها بەجیهانیبوونی کەرەسەکانی ڕاگەیاندنی گشتییە (دەستپێڕاگەیشتنی هاووڵاتیان بە کەرەسەکانی ڕاگەیاندن و زانیاری)، لەوانە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، گرنگی و دەوری زانیاری لە گشت کایەکاندا بۆتە پرسێکی ژیانی. ئازادیی دەستپێڕاگەیشتن و دەستاودەستکردنی زانیاری، یەکێکە لە پێوەرەکانی حکوومەتێکی دیموکراتی و ژیان لە دیموکراسیدا. واتە دەتوانین لە ڕوانگەی ئازادیی زانیاری و دەستاودەستکردنییەوە، ئەرێنیبوون یان نەرێنیبوونی حکوومەتێک دەستنیشان بکەین!

بەڵام کاتێک ژیان بێبەری بێت لە زانیاری یان ئەوەتا زانیارییەکان هەڵە بن، یان بەر بە دەستاودەستکردنی زانیاری بگیرێت، هیچ شک لەوەدا نییە کە لێکدانەوە، بۆچوون و بڕیارەکانیش هەڵە دەبن. "ئادەم گرێنت" (Adam Grant)[□] پێی وایە کە کاتێک مرۆڤ ڕوو لە جیهانی زانیاری دەکات، بێ شک پێداچوونەوە، دووبارە بیرکردنەوە و زەینی کراوە لە مرۆڤدا بەگەڕ دەکەوێت؛ هەروەها بەدەستهێنانی زانیاریی نوێ ئەو یارمەتییەیشمان پێ دەدات، کۆمەڵە زانیاری و بۆچوونێک کە لە ڕەوتی زەمان لە مێشکماندا کەڵەکە بوونە یان ژەنگیان هەڵێناوە، جێگەیان لەق دەبێت و وازیان لێ دێنین. واتە شەپۆلی زانیاری و تێکەڵبوون بەو، دەتوانێت نەرمونیانی لە مرۆڤدا چێ بکات و پابەندی شتە چەقبەستووەکانی دوێنێی نەبێت و، هەر بەو پێیەیش دوور دەکەوێتەوە لە پڕوپاگەندە و مۆنۆلۆگ (تاکبێژی)، هەروەها نابێتە چەقی ڕاستییەکانیش. بە واتایەکی تر وەرگرتن و گرنگیدان بە زانیاری، چەشنێکە لە چاکسازی و تیفتیفەدانی هزر و بۆچوون و، ئەم

نوێبوونەوەیش مانا دەبەخشێت.

کۆڵەکەی هەرە سەرەکیی کتێبی "هونەری جەنگ"ی "سوون تزوو" (٥٤٤-٤٩٦ پ. ز)[] کە بە "ستراتیژیی سەرکەوتن" یان "کتێبی هەزار ستراتیژی" ناوی دەرکردووە، زانیارییە. بۆیە زۆر بەدەخۆڕادیوی و دڵنیاییەوە دەڵێت: "فەرماندەی لێهاتوو ئەو کەسەیە کە بتوانێت شارێک بەبێ شەڕ بگرێت." یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی "هونەری جەنگ" و ئەم ڕستە زێڕینە، پشتی بە زانیاریی دروست و بەکارهێنانەکەی بەستووە.

کتێبی "بازنەی نهێنی"[] کە باس لە سیخوڕی و ڕێکخستنی کاروباری سیستەمی سیخوڕی دەکات، کە بنەماکەی "ناسین"ی مرۆڤەکانە، بەردەوام ئاماژە بە پۆلێنکردنی مرۆڤەکان بەپێی توانا و لێهاتوویی، هەروەها شارەزاییان لە کاردا دەدات. چەقی سەرەکیی نووسەرانی ئەم کتێبە، زانیارییە و هەر ئەو زانیارییە دەوری سەرەکی لە ناسینی مرۆڤەکان لە کتێبی "بازنەی نهێنی"دا دەگێڕێت.

"کۆنفۆشیۆس" (٥٥١- ٤٧٩ پ ز)، فەیلەسووفە بەناوبانگەکەی چین دەڵێت: "ڕۆژانە خۆت نوێ بکەوە، دیسانیش هەر خۆت نوێ بکەوە و، هەمیشە خۆت نوێ ڕابگرە! "بڕبڕەی پشتی ئەم وتە بەنرخەی "کۆنفۆشیۆس" ڕێک بۆ زانیاری و وەرگرتنی ئەو دەگەڕێتەوە، کە چۆن زانیاری، نوێمان دەکاتەوە و زانیاریی ماوەبەسەرچوویش لە زەینماندا دەوری نامێنێت.

"سۆلۆن" (٦٤٠-٥٥٨ پ. ز) سیاسەتوان و یاسادانەری "ئەتێن" (ئەسینا)یش، زانیاری، فێربوون و بەرۆژبوونەوە لە زانیاری گرێ دەدات و باس لە نهێنیی خۆی دەکات: "نهێنیی گەنجێتیی من لەوەدایە، هەر ڕۆژێ شتێکی نوێ فێر دەبم. "زانیاری، فێربوون، چاکسازی، زەینی کراوە و چاکسازی، دەوری گرنگیان لە ژیانی "سۆلۆن"دا دەگێڕا. زانیاری، دەسەڵات، هێز و هەژموونی هەیە و تاک، گرووپ، حکوومەت و جڤاک بەهێز دەکات.

## زانیاری چییە؟

"زانیاری بریتییە لە کۆمەڵە ڕاگەیاندنێك، کە ناوئاخنەکەیان باس لە ڕوونکردنەوە، ڕاستکردنەوە، بیروڕا و بۆچوون، زانیاری سەبارەت سروشت و جڤاک، دەسەڵات، بڕیار و چۆنێتیی بڕیاردان، دەنگوباس، ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوە، ڕەخنە، وێنە و ئامار، هەروەها حەز و ئاواتەکان دەکات." هەر بە ڕێگەی زانیارییە، کە هاووڵاتیان شارەزای کاروباری دەسەڵاتداران لە بواری ناوچەیی، سەرانسەری و جیهانی دەبن.

ئەوە زانیارییە، کە دەرفەت بۆ بڕیاردان لە ژیان دێنێتە کایەوە و یارمەتیی هاووڵاتیان دەدات کە چۆن لە ڕەوتی هەر چەشنە هەڵبژاردن و بڕیاردانێکدا بەشدار بن. لەبەر ئەوە زانیاری گەلێك گرنگە، بەڵام زانستیبوون و وردی لە کاری ڕاگەیاندندا، گرنگترە. زانیاری بەپێی سروشتی خۆی بێلایەنە و باس لە ناوەڕۆکی دیاردە، حکوومەت، حزب و کەسەکان دەکات؛ لەبەر ئەم هۆیە، پێویستە وەکوو دیاردەیەکی سەربەخۆ و بێلایەن سەیری بکرێت. دەڵێن "زانیاری خوێنێکی گەرمە کە لەناو لەشی کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا لە هاتوچۆدایە"، بەڵام پێویستە جەخت لەوەیش بکەمەوە کە لە جڤاکی ئێمەدا زۆربەی جار جیاوازی لە نێوان "زانیاری" و "بۆچوون"دا نییە و تێکەڵ بەیەک دەکرێن. واتە لە ژیانی ڕۆژانەیشدا لە بری

ئەوەی گوێت لە "زانیاری" بێت، گوێت لە "بۆچوون" دەبێت! گوتنی زانیاری زەحمەتە، بەڵام دەربڕینی بۆچوون ئاسانە. ئەمەیش یەکێکی ترە لە کێشە جددییەکانی ئێمە کە دەرفەت بۆ تێڕوانینی هەڵە، لێکدانەوە و بڕیاری هەڵە دێنێتە کایەوە. زانیاری بۆچوون نییە، بەڵام بۆچوون دەتوانێت لە پێدانی خۆیدا چەشنێکی تر لە زانیاریی تێدا بێت، کە بەم ڕێگەیەوە مرۆڤەکان بناسیت.

کاتێك ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی بنەماکەی لەسەر گەیاندنی زانیاری دادەڕێژێت، ئەو ئەرکە گرنگەی خۆی لە جڤاکدا بەڕێوە دەبات، کە لە جیاتی هاووڵاتیان و حکوومەت بیر نەکاتەوە، بەڵکوو کار و کردەوەکانی دەسەڵاتداران لە بواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بە هاووڵاتیان بگەیەنێت و بیروبۆچوون و ڕای هاووڵاتیانیش بە دەسەڵات بدات. بەڕێوەچوونی ئەم ئەرکە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی بۆی نییە لە جیاتی هاووڵاتیان بیر بکاتەوە، بەڵکوو دەبێ گۆڕەپانێکی کراوە بێت تا حکوومەت و هاووڵاتیان تێیدا بیروڕاکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن.

جیاوازی لە نێوان زانیاری و دەنگوباس تا ڕادەیەك ناڕوونە. گەرچی زانیاری دەتوانێت دەنگوباس نەبێت، بەڵام دەنگوباسەکان هەموویان زانیارین. ئەوەی گرنگە و دەبێ بزانرێت، زانیارییە کە بواری "بڕیاردان لە ژیان"دا بۆ هاووڵاتیان دێنێتە کایەوە؛ هەروەها یارمەتیی هاووڵاتیانیش دەدات بۆ "هەڵبژاردن" و "دیاریکردنی بەرژەوەندی"ی خۆیان. ئەم چەمکە گرنگە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتێکی دیموکراتیك، بەرپرس، وەڵامدەر و کراوە. دەستپێڕاگەیشتنی هاووڵاتیان بە زانیاری، هەروەها دەستاودەستکردنی زانیارییش بە شێوەیەکی ئازاد، خوڵقێنەری کەشوهەوایەکی ئازادە، کە لەوێدا دۆخێکی کراوە بۆ باس و لێدوان و لێکتێگەیشتن لە نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵاتدا دێنێتە کایەوە. بەم شێوەیە ئەندامانی جڤاک (حکوومەت، هاووڵاتیان و ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی) لە کەشوهەوایەکی ژیرانە و ئاشتییانەدا پێکەوە دەپەیڤن.

دەبێت زانیاری کۆڵەکەی هەرە سەرەکیی ژیانی ئێمە بێت؛ هەم بۆ ئەوەی بتوانین بڕیاری دروست بدەین و، هەمیش "تاک"ێکی بەهێز بین، چونکە کوردستانێکی بەهێز، لە گرەوی تاکی بەهێزدایە!

**سەرچاوەکان:**

**١- کتێب: دوباره فکر کن/ قدرت شناختن آنچه نمی دانید**

نووسەر: آدام گرنت

وەرگێڕ: سبحان خسروجردی و فرزانه حاجخلیلی

**٢- کتێب: هونەری جەنگ**

نووسەر: سوون تزوو

وەرگێڕ: قەرەنی قادری

**٣- کتێب: بازنەی نهێنی/ هەواڵگریی "چین"ی دێرین و ئەمریکای هاوچەرخ لە گەمەی سیخوڕیدا**

نووسەران: ڕاڵف سۆیەر، مارک لۆوێنتال و جۆن میلتۆن

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: سیروان بیەیی و ستار دۆری

---

# کۆبوونەوەی لووتکەی گۆڕانی کەشوهەوا (COP29) بە ئامادەبوونی کام وڵاتان بەڕێوە دەچێت؟

**ئامادەکردن و وەرگێڕان:** پێنووس

بیست و نۆیەمین کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا بە بەشداریی ٢٠٠ وڵات لە باکۆ بەڕێوە دەچێت. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆنفرانسەکەدا دەکات.

نزیکەی ٢٠٠ وڵات لە "باکۆ"ی پایتەختی ئازەربایجان کۆ دەبنەوە بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی گۆڕانی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکان بە ناوی "COP29". ئەم وڵاتانە بەشداریی ئەم کۆبوونەوەیە دەکەن بۆ پێداچوونەوە بە دۆخی ژینگەی جیهانی و بەشداریکردن لە خۆپاراستن لە گەرمبوونی جیهان. ئەو وڵاتانەی بەشداریی ئەم کۆبوونەوەیە دەکەن، کە لە ١١ تا ٢٢ی ئەم مانگە بەڕێوە دەچێت، بڕیارە جارێکی دیکە بڕیار بدەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانی وێرانکەری کەشوهەوا؛ بەڵام پێشبینی دەکرێت گەیشتن بە کۆدەنگی بۆ ڕێککەوتنێکی گشتگیر قورس بێت.

تەوەری سەرەکیی گفتوگۆی لووتکەی ئەمساڵ بریتییە لە کۆکردنەوەی هاوکاریی دارایی بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە بتوانن خۆیان لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا بگونجێنن. زۆرێک لە وڵاتان لەم ساڵانەی دواییدا قەیرانی کەشوهەوای پێشبینینەکراو و پیسبوونی هەوایان بەخۆیەوە بینیوە. وڵاتانی هەژارتر کێشەی جیاوازیان هەیە، ئەویش گۆڕینی سەرچاوەی وزەیانە بۆ سەرچاوەی پاک. لە ساڵی 2009 لە سەروبەندی لووتکەی COP15 لە کۆپنهاگن، بڕیار درا کە ساڵانە 100 ملیار دۆلار هاوکاریی دارایی لە وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو تەرخان بکرێت بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو وڵاتانە بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕێگریکردن لە گۆڕانی کەشوهەوا. لە کۆبوونەوەی ساڵی ٢٠١٥دا ئەم بڕە پارەیە بۆ ساڵانی ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٥ پەسەند کرا. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، گەیشتن بە سەقفی 100 ملیار دۆلار هاوکاریی دارایی بۆ یەکەم جار لە ساڵی 2022 جێبەجێ کراوە.

لە دوای ساڵی ٢٠٢٥، پرۆژەیەکی دیکە بە ناوی "ئامانجی چەندایەتی و بەکۆمەڵی نوێ بۆ پاڵپشتیی دارایی بۆ گۆڕانی کەشوهەوا" کە بەکورتکراوەیی بە CQG ناوی لێ نراوە، جێبەجێ دەکرێت. یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی کۆبوونەوەی کۆپ- بیست و نۆ لە باکۆ، دیاریکردنی ئامانجە داراییەکانە بۆ ئەم پلانە نوێیە.

وڵاتانی تازەپێگەیشتوو دەڵێن، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کەشوهەوا پێویستیان بە 1.1 بۆ 1.3 ترلیۆن دۆلار هاوکاریی دارایی هەیە، بەڵام وڵاتانی پێشکەوتوو دەیانەوێت هاوکارییەکان بە 100 ملیار دۆلار بمێنێتەوە.




**پرۆتۆکۆڵی کیۆتۆ و ڕێککەوتنی کەشوهەوای پاریس**

یەکەمین کۆبوونەوەی ئەندامان کە بە "کۆپی یەکەم" ناسراوە، لە ساڵی ١٩٩٥ لە بەرلین بەڕێوە چوو؛ تیایدا ئەندامان بەڵێننامەکانی ناو ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوایان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، بە ناتەواو هەڵسەنگاند و، لە ئەنجامدا ڕێک کەوتن بۆ دروستکردنی پرۆتۆکۆڵ یان میکانیزمێکی یاسایی تر کە پابەندیی ئەندامان دەستبەر و بەهێزتر دەکات.

لە ماوەی ٢٨ کۆبوونەوەی لووتکەی کەشوهەوای ڕابردوودا، ئەم کۆبوونەوانە دوو دەستکەوتی گرنگیان لێ کەوتەوە: ١- پرۆتۆکۆڵی کیۆتۆ بۆ کۆنترۆڵکردنی شەش گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، میتان، ئۆکسیدی نایترۆجین، هایدرۆفلۆرۆکاربۆن، پەرفلۆرۆکاربۆن و هێکسافلۆرایدی گۆگرد و، ٢- ڕێککەوتنی کەشوهەوای پاریس لە COP21 و، هەروەها لە کۆبوونەوەی یازدەیەمدا ئەندامانی پرۆتۆکۆڵی کیۆتۆ لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ ڕێگریکردن لە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی ٢٪ لە ئاستی جیهانی (لە سەرووی ئاستی پێش قۆناغی پیشەسازی) و بۆ بەدواداچوونی هەوڵەکان بۆ سنووردارکردنی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی بۆ 1.5 پلەی سەدی (لە سەرووی ئاستەکانی پێش شۆڕشی پیشەسازی) و، هەروەها زیادکردنی توانای وڵاتان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا و دروستکردنی سندووقی دارایی بۆ کەمکردنەوەی دەردانی گازی گەرمخانەیی.

**بۆچی کۆماری ئازەربایجان؟**

بڕیارە کۆبوونەوەی لووتکەی COP29 لە باکۆ بەڕێوە بچێت. لە کۆی ١٠ ملیۆن دانیشتووانی

ئازەربایجان، ٢,٣ ملیۆن کەس لە باکۆ دەژین. لەم دواییانەدا بارانبارینی بەخوڕ لە شاری باکۆ، بووە هۆی دروستبوونی لافاوێکی لەناکاو و، ئەمەیش دەری خست کە وڵاتەکە ئامادە نییە ڕووبەڕووی بارودۆخی کەشوهەوای توند ببێتەوە. هەرچەندە بەرپرسان لافاوەکەیان بە ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو وەسف کردووە، بەڵام ڕەخنەگران خراپیی ژێرخانی ئابووری و نەک تەنیا گۆڕانی کەشوهەوایان بە هۆکاری زیانەکانی ناو بردووە.

هەڵبژاردنی ئازەربایجان وەک میوانداری لووتکەیەکی گرنگی کەشوهەوا وەک کۆپ- ٢٩ بۆ زۆرێک لە وڵاتانی دیکە چاوەڕواننەکراو بوو. بەڵام باکۆ لەم ساڵانەی دواییدا میوانداریی کۆبوونەوە و بۆنە نێودەوڵەتییەکانی کردووە؛ لە پێشبڕکێی گۆرانیی یۆرۆڤیژن لە ساڵی ٢٠١٢ تا یارییەکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠١٧ و پێشبڕکێی ئۆتۆمبێلی فۆرمۆلا یەک لە ساڵی ٢٠١٦. هەرچەندە وا بیر دەکرایەوە کە ئەمساڵ وڵاتێک لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتەوە بۆ میوانداریکردنی ئەم لووتکەیە هەڵبژێردرێت؛ ئەرمینیا و بولگاریا کاندیدبوونی خۆیان بۆ میوانداریکردنی لووتکەی بیست و نۆیەم ڕاگەیاند و لە ڕکابەرییەکی نزیکدا بوون لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان، بەڵام دواجار هەردوو وڵات کشانەوە و ڕێگەیان بۆ میوانداریکردنی کۆماری ئازەربایجان کردەوە.

لە ساڵی ١٨٤٠ کۆماری ئازەربایجان یەکەم وڵات بوو کە نەوتی لە زەوی دەرهێنرا. دوای داڕمانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١، پیشەسازیی نەوت و گازی ئەم وڵاتە سەربەخۆ بوو و، بووە بەردی بناغەی ئابووریی ئەم وڵاتە؛ بەتایبەتی دوای ئەوە سەرچاوەی نەوت و گازی زیاتر لە دەریای خەزەردا دۆزرایەوە.

داتا فەرمییەکانی ساڵی 2023 دەری دەخەن کە نزیکەی یەک لەسەر سێی داهاتی تاکەکەسیی وڵاتی ئازەربایجان لەلایەن پیشەسازیی نەوت و گازەوە دابین دەکرێت و پشکی کەرتی نەوت و گازی کۆماری ئازەربایجان لە بوودجەی وڵاتدا، زیاترە لە 50%. هەروەها زیاتر لە 90%ی هەناردەی ئەم وڵاتە بەرهەمی نەوت و گازە.

وا بیر دەکرایەوە کە پێش ڕاگەیاندنی میوانداریکردنی کۆبوونەوەی کۆپ- ٢٩، ئەم وڵاتە پلانی بوێرانەی کەشوهەواش ڕابگەیەنێت، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا. لە هەمان کاتدا، ئیلهام عەلییێڤ، سەرۆککۆماری ئازەربایجان، ساڵی ٢٠٢٤ی وەک "ساڵی هاوبەندی بۆ جیهانێکی سەوز" ڕاگەیاند. ئامانجی درێژخایەنی لووتکەی کەشوهەوای باکۆ بریتییە لە کەمکردنەوەی گازە گەرمخانەییەکان بە ڕێژەی ٣٥% تا ساڵی ٢٠٣٠ و بە ڕێژەی ٤٠% تا ساڵی ٢٠٥٠ بە بەراورد بە ئامارەکانی ساڵی ١٩٩٠.




**نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئیلهام عەلییێف سەرۆککۆماری ئازەربایجان**

## زانیاری دەربارەی کۆماری ئازەربایجان

کۆماری ئازەربایجان بۆ چەندان سەدە لە نێوان ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا و ئێراندا دابەش بوو و دواتر بوو بە بەشێک لە یەکێتیی سۆڤیەت. لە ساڵی ١٨٧٣ برایانی نۆبڵ کە لە بنەماڵەی بەناوبانگی پیشەسازییەکانی سویدی بوون، کۆمپانیای گەورەی نەوتی باکۆیان دامەزراند. بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم کۆمپانیایە نیوەی نەوتی جیهانی دابین دەکرد.

لە ئێستادا کۆماری ئازەربایجان لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا هەوڵ دەدات هاوسەنگی لە نێوان مەیلی خۆی بەرەو ڕۆژاوا و ڕووسیا بپارێزێت، بەڵام تورکیاش بەهۆی زمان و کەلتووری هاوبەشەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەم وڵاتە هەیە. ئەم وڵاتە پەیوەندییەکی پارێزگارانەی لەگەڵ ئێران هەیە و لە هەمان کاتدا نەوت بە ئیسرائیل دەفرۆشێت و چەک لەم وڵاتە دەکڕێت.

کۆماری ئازەربایجان لە ساڵی ٢٠٠٠دا پشتیوانیی لە ئۆپەراسیۆنی ناتۆ لە ئەفغانستان کرد. کۆمپانیاکانی بریتانیا ٨٣ ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لەم وڵاتەدا کردووە و کۆمپانیای نەوتی بی پی (BP) یەکێکە لە کۆمپانیا سەرەکییەکان لەم بوارەدا. هەروەها کۆماری ئازەربایجان ڕێککەوتنێکی هاوبەشی لەگەڵ ڕووسیا و چین واژۆ کردووە و بەنیازە پەیوەندی بە بریکسەوە بکات، کە پرۆگرامێکی هاوبەشی ئابوورییە بە سەرۆکایەتیی بەڕازیل و بە ئامادەبوونی ڕووسیا، هیندستان، چین و باشووری ئەفریقا. ئەو وڵاتە سوودێکی زۆری لە سزا نێودەوڵەتییەکانی سەر ڕووسیا وەرگرتووە کە دوای لەشکرکێشیی ئەو وڵاتە بۆ سەر ئۆکرانیا بەسەریدا سەپێنراون، چونکە ئێستا کۆماری ئازەربایجان زیاتر گاز و نەوت بە ئەورووپا دەفرۆشێت.

دوای ئەوەی کۆماری ئازەربایجان هەڵبژێردرا بۆ میوانداریکردنی لووتکەی COP29 نیگەرانییەکان سەبارەت بە دۆخی مافی مرۆڤ لەم وڵاتەدا هاتە ئاراوە. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە جۆراوجۆرەکان گلەییيان لە تۆماری مافی مرۆڤی ئەم وڵاتە کردووە. بەپێی زانیارییەکان، زیاتر لە 400 زیندانی سیاسی لەم وڵاتەدا لە زینداندان، بەڵام حکوومەتی کۆماری ئازەربایجان ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە خەڵک بەهۆی بیروبۆچوونەکانیانەوە زیندانی بکرێن.

**کۆنفرانسی گۆڕانی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکان: “COP29”**

ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز لە ڕاپۆرتێکدا بەدواداچوونی بۆ ئەو پرسە کردووە کە کام وڵات یان دامەزراوە ڕۆڵێکی بەهێزتر دەبینێت لە خستنەڕووی پلان و بیرۆکەی ژینگەیی لە دوایین کۆبوونەوەی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

**چین:** نزیکەی 30%ی دەردانی کاربۆنی ساڵانەی جیهان بۆ چین دەگەڕێتەوە و ئەم وڵاتە بە گەورەترین بەرهەمهێنەری گازی گەرمخانەیی ناسراوە. بە گوێرەی “ناوەندی توێژینەوەی هەوای پاک و وزە” کە بنکەکەی لە شاری “هێلسنکی”یە، دەردانی گازی گەرمخانەیی چین لە ساڵانی ڕابردوودا گەیشتووەتە لووتکە. هەرچەندە چین لە دوای ئەمریکا دووەم گەورەترین ئابووریی جیهانە، بەڵام ئامادەیی خۆی لە دانوستانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کەشوهەوا پاراستووە و هەوڵ دەدات ڕەخنەی ژینگەپارێزان کەم بکاتەوە. لە وەڵامی ڕەخنەگراندا، چین بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەبێ سەرەتا ئەمریکا و وڵاتانی پیشەسازیی دیکە ڕێوشوێنی تایبەت بە کەشوهەوا بخەنە بەرنامەی کار (پلان)ی خۆیانەوە، دواتر پەکین لەم بوارەدا هەنگاو دەنێت. هەروەها چین داواکارییەکانی پێدانی یارمەتی بۆ دابینکردنی دارایی پاراستنی ژینگەی بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتووی ڕەت کردووەتەوە. وا دیارە چین نوێنەرێکی نوێ دەنێرێتە باکۆ بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە کۆبوونەوەی COP29 بەڵام ئەوە ماوەتەوە بزانرێت چ پەیامێک بۆ ئەم کۆبوونەوەیە دەهێنێت.

**ئەمریکا:** ئەمریکا کە دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری گازە گەرمخانەییەکانە لە جیهاندا، نوێنەریشی بۆ لووتکەی COP29 دەنێرێت. دانوستانکارانی ئیدارەی بایدن بە سەرۆکایەتیی جۆن پۆدێستا، ڕاوێژکاری باڵای کۆشکی سپی، نوێنەرایەتیی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی ئازەربایجان دەکەن. ئەمریکا لە کاتێکدا بەشداری لەم کۆبوونەوەیەدا دەکات کە سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەکانی ٥ی ئەم مانگەدا ئەگەری ڕێککەوتنێکی تۆکمەی سەبارەت بە دانانی ئامانجێکی نوێی دارایی جیهانی یان ڕێککەوتنێک بۆ زیادکردنی ژمارەی وڵاتانی بەشداربوو کەم کردووەتەوە. هەرچەندە ئیدارەی بایدن سەدان ملیار دۆلاری بۆ کەمکردنەوەی گۆڕانی کەشوهەوا دابین کردووە، بەڵام لە ماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا ئەمریکا وەک گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت و گاز لە جیهاندا ماوەتەوە، هەروەها بەردەوام بووە لە شکاندنی ژمارەی پێوانەیی لەم بوارەدا.

**یەکێتیی ئەوروپا:** یەکێتیی ئەوروپا کە لە ٢٧ وڵاتی کیشوەرەکە پێک هاتووە، تا ئێستا هەڵوێستی خۆی لەسەر هەندێک لە پرسە مشتومڕهەڵگرەکانی لووتکەی کۆبوونەوەی COP29 دەرنەبڕیوە. تا ئێستا یەکێتیی ئەوروپا ئاماژەی بەوە نەکردووە کە ئامانجی داراییی نوێی دەبێت یاخود چەند بێت و چۆن پارەی بۆ دابین دەکرێت. بەڵام یەکێتیی ئەوروپا داوای بەشداریکردنی چین و وڵاتانی دیکەی گەشەسەندووی ئابووریی بۆ گەیشتن بە ئامانجە ژینگەییەکان کردووە. یەکێتیی ئەوروپا و وڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە تا ئێستا زۆرترین هاوکاریی داراییان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا پێشکەش کردووە. لە ساڵی ٢٠٢٣ یەکێتیی ئەوروپا و وڵاتانی ئەندام، لە سەرچاوە گشتییەکانەوە ٢٨,٦ ملیار یۆرۆیان بۆ دابینکردنی داراییی سندووقی کەشوهەوای نەتەوە یەکگرتووەکان تەرخان کرد.

**بریتانیا:** حکوومەتی حزبی کرێکارانی بریتانیا کە لە مانگی تەممووزدا هەڵبژێردرا، بەنیازە لە لووتکەی

COP29 جەخت لەسەر پابەندبوونی ژینگەیی- کەشەوهەواییی وڵاتەکەی بکاتەوە. وڵاتەکە کە میوانداریی کۆبوونەوەی COP26ی ساڵی 2021ی لە گلاسکۆ کرد، بەڵێنی داوە کۆمەڵێک لە پابەندبوونەکانی داهاتووی خۆی بۆ کەمکردنەوەی دەردانی گازی گەرمخانەیی تا ساڵی 2035 لە کۆبوونەوەی باکۆدا بخاتە ڕوو. هەروەها بریتانیا داوا دەکات وڵاتانی بەشدار لە لووتکەی گۆڕانی کەشوهەوا ئامانجێکی داراییی گەورە دابنێن؛ هەرچەندە شارەزایان دەڵێن ڕوون نییە وڵاتەکە چەندە دەتوانێت بە بوودجە ناسکەکەی خۆیەوە، بەشداری لەم دابینکردنە داراییەدا بکات.



**باکوو، پایتەختی کۆماری ئازەربایجان**

**ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، ئازەربایجان و بەڕازیل:** وڵاتانی میوانداری لووتکەی COP28 و لووتکەی COP29 و لووتکەی COP30 کە خۆیان بە "ترۆئیکا" ناو دەبەن، ساڵی ڕابردوو ڕایان گەیاند کە بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامی لە ڕێکخستنی دانوستانەکانی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کەشوهەوا، هاوکاریی یەکتر دەکەن.

جێی ئاماژەیە کە هەرسێ وڵات ئابوورییان پشت بە سووتەمەنیی بەردین دەبەستێت. ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی (میوانداری کۆپ بیست و هەشت) و، هەروەها بەرازیل (میوانداری لووتکەی داهاتووی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانی کەشوهەوا) لە 10 گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتن لە جیهاندا، هەروەها ئازەربایجان (میوانداری لووتکەی ئەمساڵی کۆپ- بیست و نۆ) لە لایەنگرانی بەرهەمهێنانی گازی سروشتین.

**وڵاتانی تر:** بەرازیل، باشووری ئەفریقا، هیندستان، چین، وڵاتانی خاوەن دانیشتووی بەرز و چڕ، کە بەخێرایی گەشە دەکەن، دەتوانن کاریگەر بن لە مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا. هەروەها پێویستە بزانرێت ئەم وڵاتانە لە کۆپ- ٢٩ چ پلانێک دەخەنە ڕوو و چۆن کاردانەوەیان بەرامبەر بە پێشنیارەکانی ئەوانی دیکە دەبێت.

**دامەزراوەکانی تری دانوستانکار**

لە نێوان دانوستانکارە چالاکەکانی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەدا، دەتوانرێت ئاماژە بە گرووپی (+ G77 CHINA) بکرێت. هاوپەیمانییەکە کە لە ٧٧ وڵاتی تازەپێگەیشتوو و چین پێک دێت، دەڵێ وڵاتانی دەوڵەمەند بەرپرسیارێتیی کەمکردنەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنیان زیاترە لەچاو وڵاتانی هەژارتر. هەروەها وڵاتانی ئەفریقا کار بۆ دابینکردنی بوودجەی زیاتر بۆ سندووقی گۆڕانی کەشوهەوا دەکەن، هەروەها بۆ جێبەجێکردنی ماددەی شەشەمی ڕێککەوتنی پاریس سەبارەت بە کەمکردنەوەی دەردانی کاربۆن. ئەم وڵاتانە هێشتا نیگەرانن لە پارەدارکردنی سندووقی زیانەکانی ژینگە دوای لافاوەکەی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا و شەپۆلی گەرمای کوشندە لە هەندێک وڵاتی ئەفریقا. هەروەها وڵاتانی بچووکی دوورگەیی، گرووپێک پێک دەهێنن کە کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەوایان لەسەر بووە و لە کۆبوونەوەی داهاتووی نەتەوە یەکگرتووەکاندا داوای چەندان ترلیۆن دۆلار دەکەن بۆ کۆتاییهێنانی قۆناغ بە قۆناغی بەکارهێنانی سووتەمەنیی بەردین.

هاوکات ٤٥ وڵاتی ئەندامی گرووپی وڵاتانی کەمتر پێشکەوتوو کە زۆرتریش بەرەوڕووی گۆڕانی کەشوهەوا دەبنەوە، داوای هاوکارییەکی بەرچاو لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەکەن، کە پێیان باشە لە شێوەی هاوکاریی داراییدا بێت. هەروەها دەیانەوێت پارەی زیاتر بچێتە سندووقی زیانەکانی گۆڕانی کەشوهەوا. هەروەها هاوپەیمانییەکی دیکە کە لە کۆبوونەوەی باکۆدا ئامادە دەبن، گرووپێکە بە سەرۆکایەتیی فەرەنسا، کۆستاریکا و بریتانیا، کە بە ئامانجی کەمکردنەوەی دەردانی گازی گەرمخانەیی، خوازیاری پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی توندتری ژینگەیین.

**سەرچاوە:**

/https://www.independentpersian.com

/https://www.bbc.com

---

# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و بەڵێنی گۆڕانکاریی گەورە لە بریتانیا:

**سەرۆکی حزبی کرێکارانی بریتانیا و سەرۆکوەزیرانی نوێی بریتانیا کێیە؟**

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی پێنووس**

لە ڕێکەوتی ٤ی تەمموزی 2024، زیاتر لە 46 ملیۆن کەس لە ئینگلاند، سکۆتلاند، وێڵز و ئایرلاندی

باکوور مافی دەنگدانیان هەبوو بۆ ئەوەی 650 ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی شانشینی یەکگرتووی بریتانیا بۆ پێنج ساڵی دیکە هەڵبژێرن. بۆ پێکهێنانی حکوومەت حزب و هاوپەیمانێتییەکان پێویستیان بە 326 کورسیی پەرلەمانی هەیە. هەرچەندە حزبی کار زۆر لەوە زیاتری هێناوە. حزبی پارێزگاران کە پێشتر بەهۆی قەیرانەکانی پەیوەست بە تێچووی ژیان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان و زنجیرەیەک ئابرووچوون، جێگەی خۆیان لەناو دەنگدەرەکانیان لەدەست دابوو، تەنیا بەو هەوڵە ڕازی بوون کە تا دەتوانن قەبارەی زۆرینەی حزبی کرێکاران لە پەرلەمان کەم بکەنەوە.

- **ئەنجامی هەڵبژاردن و دەنگی حزبەکان**

ئەنجومەنی نوێنەرانی بریتانیا (House of Commons) لە ٦٥٠ ئەندام پێک دێت و هەر یەکەیان لەلایەن بازنەیەکی هەڵبژاردنەوە هەڵدەبژێردرێن کە ژمارەی دانیشتووانیان نزیکەی یەکسانە. شانشینی یەکگرتوو، سیستەمی دەنگدانی "هەڵبژاردنی یەکەم" بەکار دەهێنێت؛ واتە هەر کاندیدێک زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت، تەنانەت ئەگەر نەیتوانی زۆرینەی دەنگی ٥٠+١ دەنگ بەدەست بهێنێت، ڕاستەوخۆ لە بازنەی هەڵبژاردنەکەیەوە دەبێتە ئەندامی پەرلەمان. هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن تەنیا دەتوانێت یەک کورسیی پەرلەمانی هەبێت. سیستەمی دەنگدان لە بریتانیا، جیاوازە لە سیستەمی نوێنەرایەتیی "ڕێژەیی" کە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا بەکاری دەهێنن. لە فەڕەنسا ئەو بازنانەی هەڵبژاردن کە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی دەنگ (٥٠+١) بە هیچ کام لە کاندیدەکان نەدەن، دەچن بۆ خولی دووەمی دەنگدان، کە ئەمساڵ خولی یەکەم لە ٣٠ی حوزەیران و خولی دووەم لە ٧ی تەمموز بەڕێوە دەچێت. لە سیستەمی دەنگدانی "ڕێژەیی" لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپادا، کورسییەکانی پەرلەمان بە ڕێژەی دەنگی لایەنەکان بەسەر هەر لایەنێکدا دابەش دەکرێن.

بە شێوەیەکی گشتی، ئەنجومەنی نوێنەران کە سەرۆکوەزیرانی داهاتوو هەڵدەبژێرێت و بەپێی داب و نەریتی، پاشا سەرۆکی گەورەترین حزب بۆ پێکهێنانی حکوومەت بانگهێشت دەکات. بەڵام پێش ئەوە، دەبێت سەرۆکوەزیرانی داهاتوو پشتیوانیی زۆرینەی نوێنەرانی هەبێت؛ ئەمەیش ئەگەر حزبەکەی زۆرینەی گشتیی بەدەست هێنابێت یان هاوپەیمانیی لەگەڵ حزبەکانی تر پێک هێنابێت. هەروەها زۆرینەی گشتی لە ڕووی تەکنیکییەوە پێویستی بە ٣٢٦ پەرلەمانتار هەیە (نیوەی کۆی کورسییەکان لەگەڵ یەک)، بەڵام ژمارەیەکی کەم لە پەرلەمانتاران – لەنێویاندا سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکانی، لەگەڵ ئەندامانی حزبی شین فن (*Sinn Fein*)ـ بەزۆری دەنگ نادەن. سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکانی، بۆ پاراستنی بێلایەنیی خۆیان، خۆیان لە دەنگدان بەدوور دەگرن؛ ئەندامانی حزبی شین فن (*Sinn Fein*)ی ئێرلەندییش خۆیان لە وەرگرتنی کورسییەکانیان بەدوور دەگرن وەک ناڕەزایەتییەک بەرامبەر بە دەسەڵاتی بریتانیا لە ئایرلاندی باکوور. ئەمەیش بەو مانایەیە کە زۆرینە بە کەمێک کەمتر لە ٥٠%ی کورسییەکان دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت.

**لایەنە سەرەکییە سیاسییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنەکان کامانە بوون؟**

١- حزبی کۆنسێرڤاتیف یان پارێزگاران (Conservative Party) بە سەرۆکایەتیی ڕیشی سوناک (Rishi Sunak) تەمەن 44 ساڵ، سەرۆکوەزیرانی پێشووی بریتانیا، کە بووە یەکەم سەرۆکوەزیرانی بریتانیا بەڕەچەڵەک ئاسیایی. ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ٣٦٥ کورسیی بەدەست هێنابوو.

٢- حزبی کرێکاران (Labour Party) بە سەرۆکایەتیی کیەر ستارمر (Keir Starmer)ی تەمەن ٦١ ساڵ، سەرۆکی ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو و پیشە پارێزەر؛ ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ٢٠٢ کورسیی بەدەست هێنابوو.

٣- حزبی "لیبراڵ دیموکرات" ( Liberal Party ) لەلایەن ئێد دەیڤی (Ed Davey) تەمەن 58 ساڵەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، کە لە نێوان ساڵانی 2012 بۆ 2015 خولێک وەک وەزیری وزە و گۆڕانی کەشوهەوا لە حکوومەتی هاوپەیمانیی حزبی پارێزگاران و لیبراڵ دیموکراتەکاندا بووە. ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ١١ کورسی بەدەست هێنابوو.

٤- حزبی "چاکسازیی بریتانیا" (Reform UK ) بە سەرۆکایەتیی نایجل فەراج (nigel farage)ی تەمەن ٦٠ ساڵ، لایەنگری برێگزیت. ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا هیچ نوێنەرێکی نەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەمەیش جێگری پێشووی حزبی پارێزگاران بە ناوی لی ئەندەرسۆن، دوای ئەوەی ئەمساڵ لە حزبی پارێزگاران دوور خرایەوە، پەیوەندیی بەم حزبەوە کرد و لە ڕاستیدا کورسییەکی بە ناوی ئەو حزبە تۆمار کرد .

٥- حزبی نیشتمانیی سکۆتلاند ( Scottish National Party) لەلایەن جۆن سوینی (John Swinney) تەمەن ٦٠ ساڵەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، کە بەم دواییە لە مانگی ئایاردا وەک حەوتەمین وەزیری یەکەمی سکۆتلاند هەڵبژێردرا. ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ٤٨ کورسیی بەدەست هێناوە.

٦- حزبی سەوز (Green Party of England and Wales) کە خاتوو کارلا دێنیەر (Carla Denyer) و ئادریان ڕامسی (Adrian Ramsay) بەهاوبەشی سەرۆکایەتیی دەکەن. ئەم حزبە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ١ کورسیی بەدەست هێنابوو.



سەرۆکی حزبە جیاوازەکان لە هەڵبژاردنی گشتیی بریتانیا

**بۆچی ڕیشی سوناک پێی باش بوو هەڵبژاردن لەم ڕێکەوتەدا ئەنجام بدرێت؟**

هەڵبژاردنی گشتی لە بریتانیا، دەبێت بە ماوەی کەمتر لە پێنج ساڵ ئەنجام بدرێت. دوایین هەڵبژاردنی گشتی لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2019 ئەنجام درا؛ واتە ڕیشی سوناک تا مانگی کانوونی دووەمی داهاتوو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەرفەتی هەبوو.

ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ڕازیبوونی ڕیشی سوناک بە هەڵبژاردنی پێشوەختە (لە نێوان هۆکارەکانی دیکەی وەک ئابووریدا) ئەوە بوویێت کە حکوومەتی پارێزگاران نەیانتوانی ڕێگری لە لێشاوی ژمارەیەکی پێوانەیی کۆچبەرانی نایاسایی لە کەناڵی ئینگلیزییەوە بکات. دوای 14 ساڵ لە دەسەڵاتی پارتی پارێزگاران، لەم هەڵبژاردنەدا پارتی کرێکاران بە سەرۆکایەتیی ستامەر توانیی سەرۆکایەتیی حکوومەت بگرێتە دەست. ئەنجامەکان دەریان خست کە پارتە چەپە ناوەڕاستەکەی ستامەر (کرێکاران) ٤١٢ کورسی بەدەست هێنا، هەرچەندە بە بەراورد بە هەڵبژاردنی ساڵی ۱۹۹۷ کە تۆنی بلێر توانیی دوای ۱۸ ساڵ کۆتایی بە دەسەڵاتی پارتی  پارێزگاران بهێنێت، ژمارەی کورسییەکان کەمترە، چونکە بلێر ئەو کات توانیی ٤١٨ کورسی بباتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە ڕێژەی بەشداری لە دوایین هەڵبژاردنەکانی ساڵی ۲۰۱۹دا دابەزیبوو بۆ ٦٧,٣%، کە لە ساڵی ۲۰۱۷دا ٦٨,٨% بوو. هەروەها لە ساڵی 1997 ڕێژەی بەشداریکردن بە ڕێژەی 71.4% بوو، هەرچەندە هێشتا لە هەڵبژاردنی پێشووی ساڵی 1992 کەمتر بوو، کە ڕێژەی بەشداریکردن لەسەدا 77.7 بوو.

لەم هەڵبژاردنەدا حزبە سیاسییەکانی شانشینی یەکگرتووی بریتانیا توانییان کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران (٦٥٠ کورسی) بەم شێوەیە دەستەبەر بکەن:

 حزبی کار (ئۆپۆزیسیۆن): 412 کورسی (63%). بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو 210 کورسیی زیاد کردووە. حزبی پارێزگاران (حوکمڕان): 121 کورسی؛ بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو ۲٤۹ کورسیی لەدەست داوە و ئەم ئەنجامە لاوازترین ئەدای هەڵبژاردن لە مێژووی ئەم حزبەدا لە دوو سەد ساڵی ڕابردوودا نیشان دەدات. لیبراڵ دیموکراتەکان: 71 کورسی؛ بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو 63 کورسیی زیاد کردووە. حزبی نیشمانیی سکۆتلاند: 9 کورسی؛ بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو 38 کورسیی لەدەست داوە. سەوزەکان: 4 کورسی؛ بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو سێ کورسیی زیاد کردووە. ئەوانی دیکە: 31 کورسی؛ بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو 13 کورسییان زیاد کردووە.



[کیەر ستارمر، سەرۆکوەزیرانی داهاتوی بریتانیا، کێیە؟]

کیەر ستارمر، پارێزەری تەمەن ٦١ ساڵ و سەرۆکی حزبی کرێکارانی بریتانیا، سەرۆکوەزیرانی نوێی بریتانیایە، دوای ئەوەی حزبەکەی زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی شانشینی یەکگرتووی بریتانیا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی وڵاتەکەی بەدەست هێنا و کۆتاییی بە ١٤ ساڵ کۆنترۆڵی پارێزگاران هێنا لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

ستامەر پارێزەری مافی مرۆڤە، لە ساڵی ١٩٦٢ لە لەندەن لەدایک بووە. کیەر ستامەر لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا پەیوەندیی بە باڵی گەنجانی ناوچەییی حزبی کرێکاران کرد. لە سەردەمێکدا سەرنووسەری گۆڤارێکی چەپی توندڕەو بووە بە ناوی ئەڵتەرناتیڤەکانی سۆسیالیستی. یەکەم ئەندامی خێزانەکەی بوو کە چووە زانکۆ. لە زانکۆکانی لیدز و ئۆکسفۆرد یاسای خوێندووە و دواتر وەک پارێزەری مافەکانی مرۆڤ دەستی بە کارکردن کردووە. لەم ماوەی کارکردنەدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان لە وڵاتانی کاریبی و کیشوەری ئەفریقا کاری کردووە. لە دۆسیەیەکی بەناوبانگی ساڵانی نەوەدەکاندا، بووە پارێزەری دوو چالاکوانی ژینگە کە لەلایەن زنجیرە چێشتخانەکانی ماکدۆناڵدزەوە بە تۆمەتی ناوزڕاندن سکاڵایان لەسەر تۆمار کرابوو.

لە ساڵی ٢٠٠٨دا کیەر ستامەر وەک بەڕێوەبەری داواکاری گشتی و سەرۆکی دەزگەی داواکاری گشتیی شاهانە دەستنیشان کرا و، بووە بەرزترین داواکاری گشتی لە ئینگلتەرا و ویڵز. تا ساڵی ٢٠١٣ لەم پۆستەدا مایەوە و لە ساڵی ٢٠١٤ نازناوی سێر (Sir)ی پێ درا.



ستامەر لەساڵی ٢٠١٤ نازناوی سێری وەرگرت

ستامەر لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا چەندان جار جەختی لەسەر بنەچەی خۆی کردووەتەوە وەک ئەندامێکی خێزانێکی چینی کرێکاری بریتانی؛ چەندان جار لە دیبەیتە تەلەڤزیۆنییەکان باسی لەوە کردووە کە باوکی ئامێرساز بووە و دایکی پەرستار بووە. ستامەر لە ساڵی ٢٠٠٧ هاوسەرگیریی لەگەڵ ڤیکتۆریا کردووە و خاوەنی دوو منداڵن. باوکی ڤیکتۆریا جووە و منداڵەکانی بە فێرکارییەکانی ئایینی جوولەکە پەروەردە کردووە. ڤیکتۆریا پێشتر پارێزەر بووە و ئێستا لە بەشی تەندروستیی پیشەیی لە خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانیی بریتانیا کار دەکات. خێزانی ستامەر لەگەڵ کچ و کوڕەکەیان لە باکووری ڕۆژاوای لەندەن لە خانوویەکدا دەژین کە بەهای یەک ملیۆن و ٧٥٠ هەزار پاوەندە.

ستامەر لە ساڵی ٢٠١٥ توانیی لە بازنەی هەڵبژاردنی کامدن لە باکووری لەندەن (Camden) ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و لە ساڵی ٢٠١٩دا جارێکی دیکە نزیکەی ٦٥%ی دەنگەکانی ئەم بازنەیەی بەدەست هێنایەوە. ستامەر لە ساڵی ٢٠٢٠دا دوای شکستە زۆرەکانی حزبی کرێکاران لە هەڵبژاردنەکاندا، کە بووە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی جێرمی کۆربین وەک سەرۆکی ئەم حزبە، وەک سەرۆکی حزبەکە هەڵبژێردرا. لە کاتی هەڵبژاردنی ناوخۆی حزبەکاندا زیاتر لە ٥٦٪ی دەنگەکانی بۆ ئەم پۆستە بەدەست هێناوە؛ لە کاتێکدا دوو کاندیدی دیکەیش کێبڕکێیان لەسەر ئەم پۆستە دەکرد؛ لەنێویاندا لیزا ناندی کە وەزیری دەرەوەی حکوومەتی سێبەر بوو.

کیەر ستامەر بە بەرنامەیەکی هەڵبژاردنی چەپگەرایانە کە بەنیشتمانیکردنی کۆمپانیاکانی وزە و ئاو و خوێندنی بێبەرامبەر بۆ خوێندکارانی لەخۆ گرتبوو، سەرکردایەتیی حزبی کرێکارانی بەدەست هێنا. لە سەردەمی سەرۆکایەتیی جێرمی کۆربیندا حزبی کرێکاران دابەش بوو بەسەر دوو بەشی چەپ و میانڕەوەکان. بەڵام کیەر ستامەر وتی، دەیەوێت حزبەکە یەک بخات بەڵام دەیەوێت "ڕادیکالیزم"ی

"کۆربین"یش بپارێزێت. هۆشداریشی دا لەوەی، نابێت "زۆر بەرەو ناوەڕاست بچین." لەو کاتەوە کیەر ستامەر جێرمی، کۆربینی لە حزبی کرێکاران دوور خستەوە (ئەندامێتیی هەڵپەسارد) بەهۆی گرژییەکان سەبارەت بە دژەجوولەکەگەرایی کە لە سەردەمی سەرکردایەتیی کۆربیندا سەریان هەڵدا.

لە ئێستادا کیەر ستامەر وازی لە پلانەکانی پێشووی هێناوە بۆ بەنیشتمانیکردنی کۆمپانیاکانی وزە و ئاو، بەڵام بەڵێنی داوە لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا نزیکەی هەموو خزمەتگوزارییەکانی شەمەندەفەر لەژێر کۆمپانیایەکی نوێدا بە ناوی Great British Rail بەنیشتمانی بکات. هەروەها کیەر ستارمەر وازی لە بەڵێنەکەی پێشووی هێناوە کە کرێی خوێندنی خوێندکارانی کۆلێژ هەڵبوەشێنێتەوە و، دەڵێت حکوومەت توانای ئەوەی نییە. لە مانگی ئایاری ٢٠٢٤ بە "بی بی سی"ی ڕاگەیاندووە: "پێ دەچێت ئەو پابەندبوونە لا ببەین، چونکە خۆمان لە دۆخێکی دارایی جیاوازدا دەبینینەوە." بەڵام ستامەر دەڵێت حزبی کرێکاران، باجی زیادە لەسەر تێچووی قوتابخانە ئەهلییەکانی بریتانیا دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هەرچەندە ستامەر کەسێکی ڕووەکخۆرە و خۆی وەکوو کەسێکی سۆسیالیست وەسف دەکات، بەڵام زۆرێک لە چەپەکان بە ڕاستڕەوی تۆمەتباری دەکەن. لە هەڵمەتەکەیدا باسی لە "10 بەڵێن" کردووە، کە گرنگترینیان بریتین لە پێداچوونەوە بە فرۆشتنی چەک و سەپاندنی باجی زیاتر بەسەر دەوڵەمەندەکاندا.

- **ستامەر و یەکێتیی ئەورووپا**

ستامەر لە پرسەکانی پەیوەست بە یەکێتیی ئەورووپادا چالاکانە ئامادە بووە و تەنانەت لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٦ تا ٢٠٢٠ وەک وتەبێژی کۆربین لەسەر پرسی "برێگزیت" کاری کردووە؛ واتە ئەو قۆناغەی کە کاردانەوە سیاسییەکان بەرامبەر بە ئەنجامی ڕیفراندۆمی یەکلاکەرەوەی برێگزیت (کە لە ساڵی ٢٠١٦دا ڕووی دا) هێشتا لە لووتکەدا بوون. ستامەر کە داکۆکیی لە مانەوە لە یەکێتیی ئەورووپا دەکرد؛ تەنانەت گوشاری خستە سەر حکوومەتی ئەو کاتەی بریتانیا کە یان ستراتیژییەکی وردتر بۆ قۆناغی دوای دەرچوون بخاتە ڕوو، یان بیر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی دیکە لەسەر ئەو بابەتە بکاتەوە. هەرچەندە لەو پلانەی ئێستا پێشکەشی کردووە هیچ باسێک لە گەڕانەوە بۆ بازاڕی یەکپارچەی یەکێتیی ئەورووپا یان یەکێتیی گومرگی نەکراوە، بەڵام ناوبراو ڕای گەیاندووە کە حەز دەکات کێشەکانی ناو ڕێککەوتنی "برێگزیت" چارەسەر بکات کە لە سەردەمی "بۆریس جۆنسۆن"دا خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

- **ڕەخنەگرانی ستامەر**

زۆر جار لەلایەن ڕەخنەگرانییەوە گاڵتە بە کیەر ستامەر دەکرێت کە کەسێکی وشک و بێڕۆحە. بەڵام ستامەر حەز دەکات خۆی وەک کەسێک نیشان بدات کە پابەندە بە یاسا و ڕێساکانەوە؛ تا ئەو ڕاددەیەی یەکێک لە هاوکارەکانی ناوی لێ نا "جەنابی ڕێسا". تەنیا جارێک لەگەڵ یاسادا تووشی کێشە بووە. لە گەنجیدا بەهۆی فرۆشتنی ئایسکرێم بەبێ مۆڵەت لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا. ئایسکرێمەکان دەستیان بەسەردا گیرا و هیچ ڕێوشوێنێکی دیکە نەگیرایە بەر. لە چاوپێکەوتنەکاندا زانیارییەکی کەم لەسەر کەسایەتیی خۆی دەدات، بەڵام دان بەوەدا دەنێت کە ڕۆحی کێبڕکێی هەیە. لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی گاردیانی بریتانی وتی: ڕقم لە دۆڕاندنە. "هەندێک کەس دەڵێن بەشداریکردن گرنگە، بەڵام من لەو کەسانە نیم."

ئێستا یەکێک لە گەورەترین ڕەخنەگرانی ستامەر، سەندیکاکان و چالاکوانانی ژینگەن، کە ڕەخنەیان لە پاشەکشەی ئەم دواییەی گرتووە لە بەڵێنەکەی بۆ دابینکردنی بوودجە بۆ وەبەرهێنانی سەوز بە بڕی ٣٥ ملیار یۆرۆ لە ساڵێکدا. بەڵام ستامەر دەڵێت پێویست بوو هاوسەنگی لە خەرجییەکاندا هەبێت. ئەمەیش پاش ئەوە هات کە حزبی کرێکاران لە بەڵێنەکەی، کە تا ساڵی ٢٠٢١ ساڵانە ٢٨ ملیار پاوەند (٣٥ ملیار دۆلار) بۆ پڕۆژەکانی وزەی سەوز خەرج بکات، پاشگەز بووەوە، بەڵام ستامەر دەڵێت پابەند دەبێت بە بەڵێنەکانی وەک دروستکردنی وێستگەی بای دەریایی و پەرەپێدانی کارگەی پاتری بۆ ئۆتۆمبێلە کارەباییەکان. کیەر ستارمەر لەم دواییانەدا بەڵێنی دا کە لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی نوێ بە ناوی جی بی ئینێرجی، ٨ ملیار پاوەند وەبەرهێنان لە وزەی سەوزدا بکات. هەروەها گوتوویشیەتی کە تا ساڵی ٢٠٣٠ بەتەواوی بەکارهێنانی سووتەمەنیی بەردین لە بەرهەمهێنانی کارەبای بریتانیا کۆتایی پێ دێنێت. بەڵام زۆرێک لە شارەزایان پێیان وایە کە ئەم کارە ناکرێ.

هەروەها ستامەر لەناو حزبەکەیدا ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە؛ چونکە تا ئێستا نەیتوانیوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ باڵی چەپی حزبەکەی چاک بکاتەوە، بەتایبەتی دوای دوورخستنەوەی جێرمی کۆربین لەسەر تۆمەتی دژەجوولەکەبوون. لەم هەڵبژاردنەدا جێرمی کۆربینیش وەک کاندیدێکی سەربەخۆ لە کێبڕکێ لەگەڵ حزبی کرێکاران لە یەکێک لە بازنەکانی هەڵبژاردنی لەندەن کاندید کرا.

پێشبینی دەکرێت بەو زۆرینە بەهێزەی کە حزبی کرێکاران لەم هەڵبژاردنەدا بەدەستی هێنا دوای دوو شکستی یەک لە دوای یەک لە سەردەمی سەرکردایەتیی جێرمی کۆربیندا، ستامەر بەئاسانی بتوانێت ڕووبەڕووی ڕەخنە ببێتەوە؛ لەنێویاندا ڕەخنەکانی ڕەخنەگرێکی دێرین وەک کۆربین.




**هاتنی حزبی کرێکاران چ جیاوازییەک بۆ کۆچبەران دروست دەکات؟**

زۆر جار سیاسەتمەدارانی بریتانیا پرسی کۆچبەری بەکار دەهێنن وەک چەکێک لە دژی ڕکابەرەکانیان بۆ

بەدەستهێنانی دەنگ بۆ خۆیان. حزبی پارێزگاران کە لەم ساڵانەدا بە بەڵێنی کەمکردنەوەی کۆچبەری، سیاسەتی دەرچوونی بریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا (برێگزیت)ی سەرکردایەتی دەکرد، نەیتوانی بەتەواوی ئامانجەکەی بەدی بهێنێت.

ڕێژەی کۆچ لە ساڵی ٢٠٢٣دا بە ڕێژەی ١٠% دابەزیوە و گەیشتووەتە ٦٨٥ هەزار کەس بە بەراورد بە ساڵی پێشوو، بەڵام لە سەرووی تێکڕای مێژوویەوە ماوەتەوە. زۆربەی ئەم کۆچبەرانە بۆ کار یان خوێندن گەشتیان بۆ بریتانیا کردووە، بەڵام نزیکەی ٣٠ هەزار کۆچبەر و پەنابەری نایاسایی، ساڵی ڕابردوو بە کەشتی و لە ڕێگەی فەڕەنساوە لە ڕێگەی کەناڵی ئینگلیزەوە بەرەو بریتانیا ڕێگەیان گرتە بەر. سەرۆکوەزیرانی پێشووی بریتانیا لە حزبی پارێزگاران، وەک دەیڤید کامیرۆن و تێریزا مەی، بەڵێنیان دابوو کە ژمارەی کۆچبەر بە ڕێژەی دەیان هەزار کەس کەم بکەنەوە، کە ئەم ئامانجە هەرگیز بەدی نەهات.

لە بەرامبەردا حزبی کرێکاران بەڵێنی داوە پلانە مشتومڕاوییەکەی پارێزگاران بۆ ڕاگواستنەوەی پەنابەران و کۆچبەرانی نایاسایی بۆ ڕواندا پێچەوانە بکاتەوە. بێ گومان بەهۆی ناڕەزایەتیی یاسایی و نیگەرانییە مرۆییەکان، تا ئێستا هیچ گەشتێک بۆ ڕواندا نەکراوە. هەرچەندە سوناک و ستامەر هەردووکیان وتوویانە کە دەیانەوێت ڕێژەی گشتیی کۆچ کەم بکەنەوە – لەنێویاندا کۆچی یاسایی – بەڵام ڕێبازی جیاوازیان هەبوو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

دکتۆر بێن بریندڵ لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بۆ یۆرۆنیوز جیاوازییەکانی ڕێبازی حزبی کرێکاران و حزبی پارێزگارانی بەرامبەر بە شەپۆلی کۆچبەران ڕوون کردەوە و وتی: حزبی پارێزگاران هەوڵ دەدەن دابینکردنی ڤیزە بە دانانی سنوورێکی ساڵانە بۆ ژمارەی ڤیزەی کار و خێزانی، کە ساڵانە دەتوانرێت پێیان بدرێت، سنووردار بکەنەوە. لە بەرامبەردا، لە بری ئەوە حزبی کرێکاران زیاتر لەسەر سنووردارکردنی خواست لەسەر ڤیزە هەوڵی کەمکردنەوەی کۆچبەران دەدات. حزبی کرێکاران پلانی هەیە خاوەنکارەکان و ئەو کەرتانەی کە زۆر جار داوای ڤیزەی دامەزراندن دەکەن، پابەند بکات بە دابینکردنی بەرنامەی ڕاهێنان و لێهاتوویی بۆ ئەو کرێکارانەی کە ئێستا لە بریتانیان بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییی کارامەیی لە وڵاتەکەدا؛ بەمەیش پشکی پێدانی ڤیزا وردە وردە کەم ببێتەوە.

## ئاستەنگە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی بەردەم سەرۆکوەزیرانی نوێی بریتانیا

سەرۆکی حزبی کرێکاران لە کاتێکدا دەسەڵات دەگرێتە دەست، کە بریتانیا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە و ئاڵنگاریی ترسناک بۆتەوە. بریتانیا ڕووبەڕووی بەرزترین ڕێژەی باج بۆتەوە لە دوای ماوەیەکی کەم لە جەنگی جیهانیی دووەمەوە، قەبارەی قەرز نزیکەی یەکسانە بە بەرهەمی ساڵانەی ئابووری، ئاستی ژیان دابەزیوە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بەتایبەتی خزمەتگوزاریی تەندروستیی گشتی، بەهۆی مانگرتنەکانەوە لە لێواری داڕماندایە. پێشتر ستامەر بەڵێنی داوە هەندێک لە پلانە گەورەکانی حزبی کرێکاران کەم بکاتەوە، وەک پابەندبوونەکانی خەرجکردنی سەوز؛ هەروەها جەختی لەسەر بەرزنەکردنەوەی باج بۆ چینی کرێکار کردەوە.

بەشێکی زۆری هۆکاری شکستی حزبی پارێزگاران بەهۆی زیانەکانی پاڵپشتی لەلایەن حزبی چاکسازیی پۆپۆلیستی ڕاستڕەوی بریتانیاوە بووە، کە نایجل فەراج، پاڵەوانی پێشووی برێگزیت، سەرکردایەتیی دەکات، کە سەرکردایەتیی هەڵمەتی سنووردارکردنی کۆچبەری کردووە. ستامەر بەڵێنی داوە دەستبەرداری

سیاسەتە مشتومڕاوییەکەی حزبی پارێزگاران بێت بۆ ناردنی پەنابەران بۆ ڕواندا؛ بەڵام بە سەرنجدان بەوەی کە کۆچبەری هەمیشە پرسێکی سەرەکییە لە هەڵبژاردنەکانی بریتانیادا، ئەوا گوشارێکی زۆری لەسەر دەبێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەوەی بە دەیان هەزار پەنابەر نەتوانن بە بەلەمی بچووک لە ڕێگەی کەناڵی ئینگلیزییەوە بچنە ناو وڵاتەکەیەوە.

ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز ڕۆژی هەینی ٤ی تەمموزی ٢٠٢٤ نووسیویەتی: ستامەر، سەرۆکوەزیرانی داهاتووی شانشینی یەکگرتوو، کە بەم نزیکانە دەچێتە خانووی ژمارە 10ی داونینگ ستریت لە لەندەن، ڕووبەڕووی چەندان ئاستەنگی گرنگی ناوخۆیی و دەرەکی دەبێتەوە و چەند مانگی یەکەمیش لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی، پڕن لە بڕیارە قورسەکان.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، ستامەر بەنیازە گرنگی بە گەشەی ئابووریی درێژخایەن بدات بۆ بریتانیا، بەڵام دەبێت مامەڵە لەگەڵ پرسە هەستیارەکانی وەک پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا، یەکێتیی ئەورووپا، جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بکات. ستامەر لە یەکەم وتاردا دوای سەرکەوتنی حزبی کرێکاران لە هەڵبژاردنەکاندا جەختی لەوە کردەوە کە ئامادەیە لەگەڵ هەر سەرکردەیەک کار بکات کە لە ئەمریکا دەسەڵات بگرێتە دەست و جەختی لەسەر گرنگیی پەیوەندیی دووقۆڵی لەگەڵ ئەو وڵاتە کردەوە.

دوای ئەوەی حەماس لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ هێرشی کردە سەر ئیسرائیل، کیەر ستامەر پشتگیریی لە ئۆپەراسیۆنی ئیسرائیل لە غەززە و مافی بەرگریکردنی ئیسرائیل لە خۆی کرد. ئەم هەڵوێستە زۆرێک لە دەنگدەرانی لایەنگری فەڵەستینی تووڕە کرد و ڕووبەڕووی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی دەیان پەرلەمانتاری حزبی کرێکاران بووەوە کە داوای ئاگربەستی دەستبەجێیان کرد. هەروەها لە شوباتی ٢٠٢٤ داوای ئاگربەستێکی کرد کە "بەردەوام بێت" و وتی "ئەمە ئەوەیە کە پێویستە ئێستا ڕوو بدات". بەڵام لە ڕاپرسییەکی ڕای گشتیدا لە مانگی ئازاردا دەرکەوتووە کە لەسەدا ٥٢ی خەڵکی بریتانیا پێیان وایە مامەڵەکردنی ستامەر لەگەڵ ئەو پرسەدا خراپە. هەروەها کیەر ستارمەر پاڵپشتیی کرد لە بۆردومانکردنی بنکە حووسییەکانی یەمەن لەلایەن بریتانیاوە؛ ئەمەیش بەهۆی هێرشەکانی ئەو گرووپە بۆ سەر کەشتییەکانی پەیوەست بە ئیسرائیل. ستامەر هەروەها باسی لە ئەگەری "دانپێدانان" بە دەوڵەتی فەڵەستین کردەوە، بەڵام جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە ئەم کارە "لە کاتی گونجاو و لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتی"دا ئەنجام بدرێت. حزبی کرێکاران پابەندە بە پشتیوانیکردن لە چارەسەری دوو-دەوڵەتی کە ببێتە هۆی دروستکردنی ئیسرائیلێکی ئەمن و سەقامگیر لەپاڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەڵەستین.

بە گوێرەی ئاژانسی ڕۆیتەرز، یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی دیکەی بریتانیا، بەهێزکردنی ئۆکراینایە. حکوومەتی ئێستای بریتانیا ڕای گەیاندووە کە پلانیان هەیە لەمساڵدا ٣ ملیار پاوند یارمەتیی سەربازی بۆ ئۆکراینا پێشکەش بکەن.

چین دەبێتە ئاڵنگارییەکی تر بۆ حکوومەتی نوێی بریتانیا. سەرەتای ئەمساڵ وەزارەتی دەرەوەی حکوومەتی ئێستای بریتانیا باڵیۆزی چینی بانگهێشت کرد و نیگەرانیی خۆی لە هێرشە ئەلیکترۆنییەکان و ڕاپۆرتە سیخوڕییەکان دەربڕی. حزبی کرێکاران لەم پێوەندییەدا گوتوویەتی کە ڕوانگەیەکی درێژخایەن و ستراتیژی بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ چین دەگرنە بەر.

ڕۆیتەرز نووسیویەتی: بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵنگارییە بەرفراوانانەی لە ناوخۆ و دەرەوەی بریتانیادا هەن،

ستامەر دەبێت ستراتیژییەتی کاریگەر بۆ پێشکەوتن و بەهێزیی ئەم وڵاتە جێبەجێ بکات. پێویستە وەڵامی پێداویستییە ئابووری و ئەمنییەکان بداتەوە و پلان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە ڕێگەی پەیوەندییە دەرەکییەکانەوە بگرێتە بەر. ڕاپۆرتەکە باسی ئەوە دەکات کە ستامەر هێشتا بڕیاری نەداوە کە ئایا پەیوەندی بە بازاڕی هاوبەشی یەکێتیی ئەورووپا یان یەکێتیی گومرگییەوە بکاتەوە یان نا، بەڵام هەوڵ دەدات یارمەتیی لابردنی بەربەستە بازرگانییەکان و زیادکردنی دەرفەتەکان بۆ بازرگانییە بچووکەکان بدات. هەروەها ستامەر پێویستە هەوڵ بدات پاکێجێکی پشتیوانی بۆ پیشەسازیی پۆڵا دابین بکات و کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بریتانیا چارەسەر بکات.

سەرکەوتنی حزبی کرێکاران دەری خست کە بەپێچەوانەی فەڕەنسا کە حزبی ڕاستڕەوی توندڕەوی گردبوونەوەی نیشتمانی لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا دەستکەوتی مێژوویی بەدەست هێنا، جەماوەری بریتانیا بەگشتی بە دوای حزبێکی چەپی ناوەند و میانڕەودا دەگەڕێت بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکان بهێنێتە ئاراوە.

سیاسەتی ڕێبەری حزبی کرێکاران لە زۆر بابەتی دەرەکیدا هاوشێوەی سیاسەتەکانی سوناکە. بۆ نموونە، ستامەر بەڵێنی داوە گۆڕانکاری لە وڵاتەکەیدا بهێنێتە ئاراوە، لە کاتێکدا پێشتر بەڵێنی دابوو بەردەوام بێت لە پشتیوانیی هەمەلایەنەی لەندەن بۆ ئۆکراینا لە جەنگی ڕووسیادا. بەڵام سەرۆکی حزبی کرێکاران و سەرۆکوەزیرانی شانشینی یەکگرتوو لە کاتێکدا هاتۆتە سەر کار کە سیاسەتمەدارە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە ئەورووپا دەنگ و بەختێکی باشیان بەدەست هێناوە؛ هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە کە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لە مانگی نۆڤەمبەری داهاتوودا ناچار بێت لەگەڵ دۆناڵد ترامپ کار بکات.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی کەناڵی سی بی ئێس نیوز، خولی هەڵبژاردنەکانی شانشینی یەکگرتووی بریتانیا و ئەمریکا بۆ یەکەم جار لە دوای ساڵی ١٩٩٢ەوە هاوکات بووە و گومانێکی زۆر لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە کۆتاییی ئەمساڵدا هەیە. ستامەر زۆر باسی بایدن و گرنگیدانی بە ڕەخساندنی هەلی کار و وەبەرهێنان لە پیشەسازییە ناوخۆییەکان کردووە. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کەسایەتییە باڵاکانی حزبی کرێکاران پێش هەڵبژاردنەکان لەگەڵ هاوتا دیموکراتەکانیان لە ئەمریکا کۆبوونەوەیان هەبووە. بۆیە پێشبینی دەکرێت ستامەر هاوپەیمانێکی نزیکی بایدن بێت، ئەگەر بایدن لە ساڵی ٢٠٢٥دا لە کورسیی سەرۆکایەتیدا بمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی مانگی نۆڤەمبەردا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، پێ دەچێت پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و بریتانیا کەمتر گەرموگوڕ و دۆستانە بێت. پەیوەندییەکانی نێوان ترامپ و بۆریس جۆنسۆنی پارێزگار دۆستانەتر بوو. ڕاستییەکەی، بوونی پەیوەندییەکی درێژخایەن لەگەڵ ئەمریکا بۆ بریتانیا زۆر گرنگە لە کاتێکدا بریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا چۆتە دەرەوە، ستامەریش ڕای گەیاندووە لەندەن لەگەڵ واشنتۆن کار دەکات بەبێ گوێدانە ئەوەی کێ دەبێتە سەرۆکی ئەمریکا.

لە مانگی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا خشتەی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیی سەرۆکوەزیرانی نوێی بریتانیا چڕوپڕە. بە گوێرەی ئاژانسە هەواڵییەکان، ستامەر لەگەڵ سەرکردەکانی ئەورووپا و جۆ بایدن، سەرۆکی ئەمریکا کۆ دەبێتەوە. هەفتەی داهاتوو بەشداری لە کۆبوونەوەی ناتۆ دەکات لە واشنتۆن، پاشان لە ١٨ی تەمموزدا میوانداریی کۆبوونەوەی "کۆمەڵگەی سیاسیی ئەورووپی" دەکات لە بریتانیا؛ هەروەها ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەڕەنسا و ئۆلاف شولز، ڕاوێژکاری ئەڵمانیاش بەشداریی ئەم کۆبوونەوەیە دەکەن.

هەروەها ستارمەر بەڵێنی داوە لە ئەگەری هاتنە سەردەسەڵاتی حزبی ڕاستڕەوی "گردبوونەوەی نیشتمانی" لە فەڕەنسا، کاریان لەگەڵدا بکات و ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات جێبەجێ دەکرێن.

**سەرچاوەکان:**


1- https://parsi.euronews.com/my-europe/2024/07/05/who-is-keir-starmer-the-next-british-prime-minister

2- https://ir.voanews.com/a/challenges-ahead-for-uk-s-next-prime-minister-keir-starmer/7686103.html

3- https://parsi.euronews.com/2024/07/05/labor-party-came-to-power-with-the-promise-of-bringing-major-change-to-britain-what-did-s

4- https://parsi.euronews.com/2024/07/03/immigration-to-britain-amid-possible-labors-surprise-victory-in-europes-most-unique-electi

5- https://parsi.euronews.com/2024/07/04/labor-party-historic-victory-as-starmer-likely-to-become-next-uk-prime-minister

6- https://www.cbsnews.com/news/uk-election-2024-results-who-is-keir-starmer/

7- https://www.independentpersian.com/node/405606/جهان/نخست%E2%80%8Cوزیر-جدید-بریتانیا-کیست-و-بر-سیاست-خارجی-چه-تاثیری-می%E2%80%8Cگذارد؟

8- https://www.bbc.com/persian/articles/c8vd91y0yr2o

# لتتحدث الدبلوماسية

**(تخفيض حدة التوترات في ظل المعادلات الإقليمية والمشاكل المعقدة)**

**المركز الفكري الكوردستاني**

**ترجمه الى العربية**: موفق عادل عمر

بتاريخ (24/5/2024) أُستقبل رئيس إقليم كوردستان في ابوظبي من قبل رئيس الامارات الشيخ محمد بن زايد ال نهيان. حسب التصريحات الإعلامية الرسمية، اكد الطرفان على توسيع العلاقات الاقتصادية و التجارية و مجالات التعاون في قطاع الطاقة، بالإضافة الى ذلك تطرقوا الى الفرص المتاحة لاستثمار راس المال الاماراتي في العراق وإقليم كوردستان.

تاتي هذه الزيارة كحلقة لسلسلة الزيارات والمحاولات الدبلوماسية التي يقوم بها نيجيرفان بارزاني، بحيث يُظهر لنا دبلوماسية رئيس الإقليم التي هي عبارة عن قدرة تغير "**التهديدات**" الى "**الفرص**" على المستويين المحلي و الخارجي. و نستطيع تعريف هذا الامر **بدبلوماسية الازمات**، بحيث انه في الآونة الأخيرة و لأسباب داخلية، عراقية، إقليمية و حتى دولية كانت هنالك توجها تتدعي ان إقليم كوردستان من النواحي السياسية، الاقتصادية و حتى الأمنية كانت تتجه الى الزوال و تحديد و تقليص سلطاتها، و حتى ان بعض من أصدقاء الكورد مثل "جينين بلاسخارت" قد حذرت من ان إقليم كوردستان سوف لن تستطيع الاستمرار بهذه الطريقة.

و كانت الاحداث تسير بشكل تؤيد ان تحليل المحللين كانت صائبة في هذا الصدد و "ان إقليم كوردستان تتجه نحو الاضمحلال، أي كما كان يدعي البعض ان السلطات الممنوحة للإقليم ستكون مثل السلطات الممنوحة لباقي المحافظات العراقية". التطورات السياسية و القانونية و حتى العسكرية، على المستوى المحلي و الخارجي، اثبتت رؤية هذه الحجة و تفسيرها وتنبؤها. فمثلا على المستوى الدولي أدت الحرب الروسية-الأوكرانية، الى صرف انتباه الولايات المتحدة الامريكية و حلفائها عن احداث و مشاكل الشرق الأوسط و رسخت جميع قدراتها و طاقاتها باتجاه مواجهة روسيا، مقابل هذا إقليم كوردستان هي بتلك المستوى ولا تمتلك القدرة و القوة الكافية لمواجهة التحديات و المخاطر الداخلية و الخارجية.

ضمن هذا السياق و على المستوى الإقليمي، أدت الصراعات الإقليمية الى جعل توجيه الضربات العسكرية الى إقليم كوردستان كجزء من الصراعات و التبادلات و التطورات الجيوسياسية، بحيث تعرضت المؤسسات المدنية و العسكرية في إقليم كوردستان الى هجمات صاروخية و هجمات الطائرات المسيرة، و هذا بدوره عدا التبعات العسكرية و الأمنية، كانت لها خسائر مالية كثيرة تعرضت لها كل من عملية التنمية و محاولات جذب الاستثمار الأجنبي و حتى الداخلي. عدا هذه الأمور الخلافات الداخلية وخصوصا المتعلقة بموضوع الانتخابات، مابين الكتل السياسية وصلت الى القمة بحيث أدت الى النهاية لجوء بعض الأطراف النزاع الى العراق والمحكمة الفدرالية لاجل فض تلك النزاعات. و من اخطر تلك

الأمور كانت انه بالتزامن مع هذه الخلافات و الصراعات الداخلية، بالإضافة الى التغييرات الدولية و الإقليمية التي تشهدها المنطقة، استغل كل من العراق و الدول الإقليمية هذه الاحداث و القضايا، و بدءوا بزيادة حدة الضغط على إقليم كوردستان بحيث انه بعد قرار المحكمة الاتحادية العليا بإلغاء قانون النفط و الغاز لإقليم كوردستان و من ثم قرار "محكمة التحكيم الدولية في باريس"، توقفت عملية تصدير نفط إقليم كوردستان و انهارت الاقتصاد الحر فيها، و في النتيجة مرة أخرى لم يبقى امام إقليم كوردستان حل اخر سوى اللجوء الى بغداد لتامين دفع رواتب موظفيها، و كانت هذه العملية بحد ذاتها، مرحلة و بداية جديدة لسلسلة المشاكل و الصراعات بين أربيل و بغداد. رئيس اقيلم كوردستان و عبر عدة تحركات دبلوماسية و علاقات سياسية، حولّ هذه الازمات الداخلية و الخارجية الى فرصة لنهوض إقليم كوردستان.

**أولا: عل مستوى إقليم كوردستان و العراق**

على مستوى إقليم كوردستان، كانت جميع الاتجاهات و الرؤى تتجه نحو عدم وجود الفرصة للنهوض بإقليم كوردستان وذلك بسبب الضغوط التي تمارسها بغداد، او ان افاق اجراء انتخابات برلمان إقليم كوردستان اتجهت نحو المجهول، لكن نيجبرفان بارزاني بعد ان حدد تاريخ اجراء الانتخابات، التزم بمسؤوليته القانونية و السياسية، وانه و باستمرار اكد التزامه بمبادئ الديمقراطية و الانتقال السلمي للسلطة لاجل كسب السلطات التشريعية و التنفيذية الشرعية الجماهيرية، وبالتزامن مع هذا الامر، كان على تواصل مستمر مع جميع القوى السياسية بهدف إزالة العوائق و الحواجز، وتهيئة أجواء يضمن فيها مشاركة جميع الأطراف السياسية في الانتخابات من دون ابداء اية تحفظات.

بالإضافة الى ذلك، بعد قرارات المحكمة الاتحادية العليا ضد سلطات إقليم كوردستان سواء كان حول قانون النفط و الغاز او قانون انتخابات إقليم كوردستان، رئيس الاقليم لم يسمح بقطع العلاقات بين اربيل و بغداد من جهة و لم يسمح بالحاق الضرر بالامن الاقتصادي و السياسي لإقليم كوردستان من جهة أخرى.

تنبع وجهة النظر هذه لرئيس حكومة إقليم كوردستان من منظور النيوليبرالية، بحيث ترى وجهة النظر هذه ، ان القوة و المصلحة القومية و من ثم إرساء السلام و الامن والرفاهية تاتي نتيجة التضامن والعمل المشترك. وفي هذه الفترة ولهذا الهدف حذر نيجيرفان بارزانى الأطراف السياسية العراقية انه يجب عليهم الابتعاد عن "**السلطة الموحدة**"، لان رئيس إقليم كوردستان كان يعلم بنوايا بعض من القوى السياسية العراقية، والتي تتجه نحو هذا النموذج من الحكم و يعتبر هذا الامر بداية مليئة بالخطورة لمستقبل السلام وامن العراق بصورة عامة و إقليم كوردستان بشكل خاص. لهذا السبب اعلن: اذا ارتم ان يستقر العراق، فان مفتاح استقرار العراق يمر عبر حل المشاكل العالقة مع إقليم كوردستان، بالإضافة الى ذلك فان خارطة الطريق لحل هذه المشاكل مثبتة بصورة واضحة في الدستور.



**(يوم الاثنين المصادف 22/4/2024، السيد نيجيرفان بارزاني رئيس إقليم كوردستان و رجب طيب اردوغان رئيس الجمهورية التركية في أربيل)**

بصورة عامة اذا ما القينا النظر على محاولات و لقاءات و نشاطات رئيس إقليم كوردستان في الأشهر الماضية، نرى ان محاولات اضعاف وتدهور الاستقرار الأمني بالإضافة الى محاولات تحقيق انهيار اقتصاد إقليم كوردستان، بسبب هذه التحركات الدبلوماسية لرئيس الإقليم قد توقفت، و نرى ان الحملة المغايرة قد بدات، برغم ان جميع المخاطر لم تزول بالكامل، الا ان محاولات رئيس الإقليم مستمرة.

حتى بعد الهجوم الصاروخي على أربيل من قبل الحرس الثوري، نيجيرفان بارزاني من جهة كان يؤكد دائما انه لا يوجد أي مبرر لهذه الهجمات و حمل الحكومة الفيدرالية مسؤولية التصرف و الوقوف بوجه أي تهديد يمس امن إقليم كوردستان، و من جهة أخرى كان باستمرار على التواصل مع العراق من اجل إيقاف هجمات الميليشيات المسلحة و كان يحمل الحكومة الفيدرالية مسؤولية هذه الهجمات التي كانت تشن على أربيل و مؤسساتها المدينة و العسكرية، و كان يشدد على ان عدم استقرار إقليم كوردستان تُسبب بعدم استقرار العراق و كان يطالب الحكومة الفيدرالية باستمرار، لمواجهة هذا الامر.

حاول نيجيرفان بارزاني بناء الثقة على المستوى الكوردستاني و العراقي و الإقليمي، و جعل هذه الثقة أساسا لبناء العلاقات لاجل حل الخلافات. ضمن هذا السياق قام رئيس الإقليم بزيارة بغداد و التقى هنالك مع ممثلي جميع القوى السياسية في بغداد من دون استثناء. اثناء الزيارة تبين من انتشار خبر الزيارة في وسائل الاعلام و من الجهات الرسمية، ان الأطراف و الشخصيات السياسية و كبار المسؤولين في بغداد، كانوا ينتظرون بشغف هذه اللقاءات مع رئيس الإقليم.

ضمن سياق هذه الزيارات، اكد نيجيرفان بارزاني باستمرار على تطبيق و تنفيذ الدستور و جعله اطارا للقضاء على الخلافات و الالتزام بالدستور العراقي وعلى راسهم الالتزام بمبدأ الفيدرالية. و يشير الى ان

رئيس الإقليم قام بطريقة سليمة و صحيحة بتشخيص المشاكل الحالية في العراق، و التي هي عبارة عن الابتعاد عن الفيدرالية و الدستور العراقي.

نيجيرفان بارزاني رئيس الإقليم، على دراية تامة ان بعض من المشاكل العالقة بين الإقليم وبغداد، يرجع الى تلك السياسية التي تتبعها الجهات التي لا يؤمنون بالفيدرالية او السياسية و الذين حاولوا ارجاع العراقي الى دولة **موحدة مركزية**، و ان محاولتهم لتحديد سلطات إقليم كوردستان تُدرج ضمن هذا السياق.

طرح رئيس الإقليم وجهة نظره هذه حول قضايا ومشاكل العراق بصورة عامة، بالإضافة الى الخلافات مع إقليم كوردستان وبغداد، و التي هي عبارة عن ان عدم الاستقرار وعدم الأمان و الخلافات متعلق بمسئالتين مرطبتين مع بعضهما البعض، و الذي أُهملا بعد عام 2003 و لم يُنفذا: عدم تطبيق النظام الفيدرالي و عدم الالتزام بالدستور العراقي. بالإضافة الى ذلك ارجع خارطة طريق حلول التنمية الاقتصادية، السياسية و الاجتماعية العراقية، الى روح الدستور، والتي بني عليه العراق الجديد و أعاد مبادئ "**الشراكة التوافق** و**التوازن**" الى محتوى الدستور.



**يوم السبت 27/4/2024 اجتمع السيد نيجيرفان بارزاني، رئيس إقليم كوردستان في بغداد مع السيد محمد شياع السوداني رئيس الوزراء العراقي)**

ضمن اطار مبدأ الشعور بالمسؤولية واخذ الواقع بنظر الاعتبار في السياسة، خلال العامين الماضيين نرى ان رئيس الإقليم قد ركز اكثر على العلاقات مع بغداد، و ذلك ابتداءا من حضوره في اجتماعات إدارة الدولة و حتى الزيارات المستمرة لرئيس الإقليم الى بغداد. و لهذا الامر حاول ان يأخذ الانقسامات القطبية و اختلافات القوى في بغداد بنظر الاعتبار، وذلك نراه ركز في علاقاته على مستويين: مستوى المؤسسات السياسية للدولة مثل رئيس مجلس الوزراء، مجلس النواب و السلطة القضائية و الذي التقى بكبار

مسؤولي السلطة القضائية بصورة خاصة في جميع زياراته الذي قام به الى بغداد. اما على المستوى الثاني فقد ركز باللقاء مع الشخصيات السياسية و الذين لهم دور بارز في العراق ويمتلكون مفتاح الأبواب السياسية المغلقة. لهذا السبب نرى ان نيجيرفان بارزاني اقام الان و بشكل حذر علاقات مع الجهات السياسية المختلفة في بغداد، و ذلك ابتداءا من المالكي و الخزعلي و هادي العامري و الفياض و الحكيم و ذلك وصولا الى رئيس السلطة القضائية و خميس خنجر ....الخ في بغداد. لكن كسياسة الامر الواقع استطاع من خلال هذه الطريقة بناء افاق علاقات جديدة بين أربيل و بغداد. و ذلك ابتداءا من الاتفاقية الجديدة حول قضية الانتخابات و ارجاع جزء من مقاعد الكوتا و الاتفاق الجديد حول مسالة الميزانية و تثبيت رواتب موظفي إقليم كوردستان، جميع هذه القضايا و الأمور يعتبر النتائج الإيجابية لسياسة الانفتاح على بغداد و الذي أُتبع من قبل نيجيرفان بارزاني، و تسبب هذا الامر تقريبا الى اذابة الجليد السياسي و عدم الثقة التي كانت موجودة بين الإقليم و بغداد. وبطبيعة الحال، سيكون لسياسة نيجيرفان بارزاني هذه في نهاية المطاف تأثير مباشر على حل بعض المشاكل بين "الاتحاد الوطني الكوردستاني" و"الحزب الديمقراطي الكوردستاني". لذا على الأطراف السياسية الكوردستانية تقديم المزيد من التعاون لاعداد صياغة جديدة من الاتفاق مع بغداد، و الذي قطع حتى الان أشواط جيدة و أُعد لها أرضية معقولة لها.

**ثانيا: على المستوى الإقليمي و الدولي**

بعد الهجوم الذي شنه حماس على إسرائيل، اصبح الوضع في المنطقة اكثر تعقيدا وبدءات الاشتباكات المباشرة وغير المباشرة بين الجهات الفاعلة الحكومية و الجهات الفاعلة غير الحكومية، وبحكم الموقع الجغرافي لإقليم كوردستان، بالإضافة الى مكانته السياسي و الأمني و حتى الاقتصادي، اصبح بصورة غير مباشرة جزءا من هذه الحرب الموجود بين أمريكا و ايران من جهة و إسرائيل و ايران و وكلائها من جهة أخرى. لهذا السبب نرى ان الضغوطات على إقليم كوردستان بالتزامن مع الهجمات على الأمريكيين في المنطقة، ازدادت. لكن رئيس إقليم كوردستان استطاع المحافظة على التوازن الإيجابي في علاقات إقليم كوردستان مع كل من الدول الإقليمية و الفواعل فوق الإقليمية.

ضمن هذا السياق، حاول رئيس إقليم كوردستان انهاء التوترات مع الجمهورية الاسلامية الإيرانية لاجل خلق توازن بين هذه الحرب بالوكالة و ربط امنه بنظامه الإقليمي. لذا حاول رئيس إقليم كوردستان، عبر قرائته للأوضاع الإقليمية و الدولية، بالإضافة الى فهمه للمعادلات الجديدة، ان لا يكون إقليم كوردستان جزءا من الجبهات و ان يبقى كمنطقة ضامنة للتوازن بين الأقطاب. من هنا نستطيع القول ان التحركات الدبلوماسية لرئيس الإقليم ك1ان بالشكل التالي: 1

1-من خلال تهدئة الأوضاع الداخلية لإقليم كوردستان والمحاولة لوصول الأطراف الكوردستانية الى التوافق، استطاع ان يحقق استقرارا سياسيا نسبيا في إقليم كوردستان.

2- حاول تقليص حدة التوترات الداخلية في إقليم كوردستان، ومن ثم توجه الى بغداد محاولا فتح افاق جديدة و إيجاد اليات حلول مناسبة لحل المشاكل العالقة بين أربيل و بغداد، بحيث جعل هذا الهدف، من أولوياته الرئيسية. ضمن هذا السياق، سلط الضوء على السياسات و الوسائل المستخدمة لاضعاف إقليم كوردستان، مثل المحكمة الاتحادية العليا و هجمات المليشيات و السياسة المتبعة من قبل الأطراف السياسية العراقية بحجة الأكثرية و الأقلية ـوليست الفيدراليةـ ضد إقليم كوردستان و الإصرار **على عدم**

**خلط حياة و رفاهية مواطني إقليم كوردستان بالقضايا السياسية**، بحيث ادرج موضوع رواتب موظفي إقليم كوردستان و ميزانته و مستحقاته المالية ضمن جدول الاعمال، بالإضافة الى انه عزز مكانة إقليم كوردستان تدريجيا في المعادلات العراقية و من ثم نقل تحسن العلاقات هذه الى فتح افاق الدبلوماسية مع الدول الإقليمية كتركيا و ايران.

3- في خطوته الثالثة زار رئيس إقليم كوردستان ايران، بحيث حاول عبر هذه الخطوة خلق توازن في علاقات إقليم كوردستان مع تركيا، لان تركيا كانت على قناعة من انها تستطيع ان يتعامل مع بغداد، بالإضافة الى ان العلاقات المتعددة الابعاد و القوية بين أربيل و انقرة، قد ازعجت الجمهورية الإسلامية الإيرانية. هذه السياسة التي اتبعه نيجيرفان بارزاني، قلل مخاطر ايران على إقليم كوردستان الى حدا ما، وبسبب النفوذ الإيراني في المعادلات العراقية، جعلت هذه الدولة جزءا من المعادلات الموجودة بين بغداد واربيل وذلك لصالح إقليم كوردستان. من خلال هذه السياسة المتبعة استطاع إقليم كوردستان خلق توازن إيجابي بين الفواعل الإقليمية في الشرق الأوسط، لانه بصورة طبيعية إقليم كوردستان و الدول الخليجية لديهم علاقة قوية، في النواحي السياسية، الاقتصادية و التجارية و حتى في مجالات الطاقة، و لهذا السبب بعد فترة قصيرة قام بزيارة الامارات العربية المتحدة، كمحرك مؤثر في معادلات المنطقة.

4- قبل هذه الخطوات وبالتزامن مع هذه الاستراتيجية، كان رئيس الإقليم على تواصل مستمر خلال المناسبات و القضايا الدبلوماسية مع الفواعل الدولية المؤثرة وفي مقدمتهم المجالات السياسية مع كل من بريطانيا و أمريكا والدول الأوروبية و حتى ممثلي و بعثات المنظمات الدولية و خصوصا الأمم المتحدة. حسب هذه الاستراتيجية، استخدم رئيس الإقليم هذه العلاقات لاجل تقوية مكانة إقليم كوردستان في العراق و المنطقة، و انه ربط امن و مصالح إقليم كوردستان بامن و المصالح السياسية و الاقتصادية و التجارية و حتى الأمنية، لتلك الدول.



**(يوم الاثنين 6/5/2024 اجتمع السيد نيجيرفان بارزاني رئيس إقليم كوردستان  في طهران مع السيد اية الله سيد علي خامنئي، القائد الأعلى للثورة الإسلامية الإيرانية)**

**الخاتمة**

دون ادنى شك، جزء من نتائج و تبعات التحركات الدبلوماسية لنيجيرفان بارزاني، رئيس إقليم كوردستان، بدأت الان بالظهور بصورة واضحة وعلى جميع المستويات الأربعة على مستوى إقليم كوردستان، لكن البعض الاخر ستظهر نتائجها بصورة جيدة في المستقبل.

**على مستوى الداخلي:** نيجيرفان بارزاني رئيس إقليم كوردستان، لطالما كان ملجأً لتهدئة التوترات وتهيئة الظروف للحوار، بحيث من الممكن رؤية هذا الامر على مستوى المشاكل العالقة بين حزبي الاتحاد و الديمقراطي و حتى الأطراف الأخرى بسهولة. من المحتمل ان بعض الشخصيات الذين شاركوا في اجتماعات القوى السياسية، على علم بهذه الحقيقة.

**على المستوى العراق:** زاد دعم للحقوق الدستورية لإقليم كوردستان. الان دعم حقوق وميزانية و رواتب إقليم كوردستان في بغداد اقوى، فقد بدأت حوار بناء بين أربيل وبغداد. و من المحتمل ان يتوصل أربيل وبغداد نوعا ما الى اتفاق حول بيع نفط إقليم كوردستان.

**على المستوى الإقليمي:** سياسة المحافظة على التوازن في العلاقات مع كل من تركيا و ايران لرئيس الإقليم، ساعد على عدم خلق مشاكل و مخاطر امنية و اقتصادية لإقليم كوردستان من قبل ايران، و استطاع هذه السياسة ارجاع ثقة للعلاقات القائمة بين أربيل و طهران. وقد تم فتح باب علاقات ودية مع

دول الخليج، مما سيكون له اثر كبير على اقتصاد إقليم كوردستان ومكانته في المنطقة في المستقبل القريب.

**على المستوى الدولي:** استطاع رئيس الإقليم إقامة جسر ثقة جيدة مع أمريكا، و خصوصا ينظر اليه كحامي للاستقرار على مستوى إقليم كوردستان و العراق، حتى انه في بعض الأحيان، قد يكون رئيس حكومة إقليم كوردستان قد اتخذ مبادرات لصالح الولايات المتحدة وحلفائها على مستوى إقليم كردستان والعراق، إلى الحد الذي يرجح أن يكون نيجيرفان بارزاني في بعض الاحيان مؤسس جسر العلاقات بين جيران العراق. الجدير بالذكر ان دولة مثل أمريكا وحلفائها تنتظر من نيجيرفان بارزاني ان يقوم بدور اكثر فعالية في العملية السياسية العراقية. و حتى على مستوى روسيا و الصين، اقام رئيس الإقليم علاقاته معهم بصورة يكون محل ثقة هذه الدول. و هذا بدون شك يحتاج الى ذكاء و دبلوماسية اكثر، و الذي من المحتمل ان يظهر هذا مستقبلا في مكانة و محطة سياسية أخرى.

**لمزيد من المعلومات يمكن زيارة المواقع التالية:**

https://presidency.gov.krd

https://presidency.gov.krd

https://presidency.gov.krd

---

# ”يجب أن يكون الوطن هو الجامع لنا كلنا“

**پێنووس**

**ترجمه الى العربية:** موفق عادل عمر

في يوم الأربعاء المصادف (17/4/2024) وفي مستهل مراسيم افتتاح الدورة الثامنة لملتقى السليمانية الذي أقامه الجامعة الامريكية ـ العراق في السليمانية، القى رئيس إقليم كوردستان (نيجيرفان البارزاني) كلمة تناول ثلاث ابعاد مهمة: الوضع الداخلي لإقليم كوردستان والعلاقة مع العراق، أوضاع دول الجوار ودول المنطقة، بالإضافة الى البيئة وتأثيرات الأوضاع الدولية القائمة والتي تواجهها المنطقة بصورة عامة و العراق مع إقليم كوردستان بصورة خاصة.

رئيس الإقليم خلال القائه لكلمته أشار الى مخاطر الانقسامات السياسية قائلا ” ان شعب كوردستان شعب موحد، وعلى الأطراف السياسية أن تحذو حذو شعبها و تتفق من اجل المصلحة الوطنية. وبهذه الصورة

يمكننا أن نجري انتخابات شفافة وعادلة، بموافقة ومشاركة كل الأطراف ". من نفس هذا المنطلق أشار الى أهمية برلمان كوردستان وأكد على: " ان برلمان كوردستان تجربة مهمة للغاية في المنطقة، يجب أن نساندها جميعا". رئيس الإقليم أشار في هذه الفقرة الى النقاط المشتركة التي تجمع الأحزاب والأطراف السياسية في إقليم كوردستان، و تحدث عن كون برلمان كوردستان نقطة جامعة لجميع الأطراف و وصفه بانه مؤسسة قومية و مرجعا اساسيا للتشريع في إقليم كوردستان، مشيرا الى ان هذه المؤسسة تجمع تحت قبتها مكونات كوردستان بجميع الوانه واصواته مع كافة الاختلافات الموجودة فيما بينهم.

من جهة أخرى إذا فسرنا وحللنا كلمة رئيس الإقليم على المستوى الدولي، نرى بانه ركز على مجموعة من القضايا التي هي محل اهتمام المجتمع الدولي وأصدقاء إقليم كوردستان والعراق. حيث أعلن دعمه الكامل للجهود والنشاطات السياسية الذي يقوم به رئيس الوزراء العراقي محمد شياع السوداني، والذي يقوم الان بزيارة رسمية الى الولايات المتحدة الامريكية، مشيرا الى انه (السوداني) يحتاج في هذه المرحلة الى دعم إقليم كوردستان، وهذا من دون أدنى شك بسبب التعاون والتنسيق الذي جرى بين رئيس إقليم كوردستان و رئيس الوزراء العراقي، و الذي لعب دورا مهما ومحوريا في المفاوضات واللقاءات التي جرت لأجل الوصول الى حل جذري للمشاكل القائمة بين بغداد واربيل.

رئيس الإقليم يعي جيدا ان شخصية رئيس مجلس الوزراء العراقي مهمة جدا لبناء علاقة سليمة وصحيحة بين أربيل وبغداد ولهذا نرى انه قد اشار الى هذه النقطة قائلا في مستهل حديثه " يتمتع دولة رئيس مجلس وزراء العراق الاتحادي، السيد محمد شياع السوداني، برؤية واسعة ويؤمن كثيرا بالدستور العراقي. هذه الرؤية كان لها الفضل في استقرار جيد في الإدارة والحوكمة في العراق. ويشعر العراقيون بهذه التغييرات. ومن شأن هذه الرؤية وهذا الأسلوب في الإدارة تحقيق التقدم للعراق، ويمثلان فرصة جيدة جدا اتيحت للعراق". ولكن مع ذلك أشار رئيس الإقليم الى ان رؤية السوداني هذه، تحتاج الى الدعم والى تمهيد الارضية السياسية المواتية. الأطراف السياسية العراقية الان هم امام مسؤولية مهمة وتاريخية والتي هي عبارة عن ضرورة دعم الحكومة الاتحادية العراقية.

كما هو معروف عن نيجيرفان البارزاني انه دائما وبصورة مستمرة يؤكد على أهمية القيم الديمقراطية وحقوق الأقليات والالتزام بالدستور، لان الذي يميز عراق ما بعد عام 2003 عن النظام السياسي في عهد الانفال والبعث، هو هذه القيم الإنسانية والعالمية، والتي يجب على جميع النخب السياسية العمل على تثبيت أركانها واسسها، وذلك بهدف كسب الدعم الدولي للعراق وإقليم كوردستان.

برغم وجود مخاوف لدى رئيس الإقليم، الا انه بصورة عامة نستطيع القول ان كلمته الذي القاه، تتميز بتفاؤل كبير، و نرى هذا الامر عندما قال "لا يوجد شيء في العراق لا يمكن حله، اذا تعاملنا معه بإرادة مسؤولة"



بصورة عامة بالإمكان قراءة كلمة نيجيرفان البارزاني رئيس إقليم كوردستان قراءة سياسية وتحليلية وبشكل مفصل عبر النقاط (9) التالية:

أولا- السيد نيجيرفان بارزاني، استغل هذه المناسبة لتقديم التهاني الى الاخوة اليزيديين بمناسبة راس السنة اليزيدية. استغلال مثل هذه الفرص من قبل رئيس الاقليم يعتبر نقطة مهمة جدا، وذلك لأجل اظهار روح التعددية الموجودة في كوردستان وعدم اهمال هذا الموضوع الحساس، خصوصا في هذه المرحلة التي تسعى فيها بغداد لخلق صراع بين اليزيديين وإقليم كوردستان.

ثانيا- رئيس الإقليم اثناء تقديمه للتهاني والتبريكات لليزيدين قال "نبارك لهم من هنا باسمكم جميعا، ونرجو لهم سنة سعيدة". من خلال هذه النقطة نرى ان رئيس الإقليم قدم نفسه كشخص اول ما بين الحضور وهذا امر مهم جدا من ناحية تمثيل الجميع لتقديم التهاني، ومن جهة أخرى عبر تقديمه للتهاني اثبت انه رئيس جميع المكونات الموجودة في الإقليم.

ثالثا- برغم ان نيجيرفان بارزاني تحدث عن الحروب والتوترات الشديدة والخلافات الموجودة في الشرق الأوسط، الا انه في نفس الوقت ارجع حل هذه المشاكل بسرعة من خلال "البدء بالحوار والمفاوضات"، بالإضافة الى إرساء السلام طلب أيضا الى التوصل لـ"اتفاق متوازن". هاتان النقطتان تمثلان تصورات الفوق الإقليمية وتوجهات إرساء السلام لوجهة نظر نيجيرفان بارزاني. عدا هذا عندما طالب رئيس إقليم كوردستان بـ"تنفيذ قرار مجلس الامن الدولي" للإيقاف الفوري والغير المشروط للحرب واطلاق سراح الرهائن، نرى انه تحدث بروح حضاري والذي هو مطلب المجتمع الدولي و جميع القوى والدول.

حتى عندما يتحدث عن "حل الدولتين" لغرض إرساء الاستقرار والسلام، هو بالأصل خطوة وتوجه صحيح وصائب ودقيق من النواحي الأخلاقية والسياسية و الأمنية والقانونية بالإضافة الى انه مطلب المجتمع

الدولي جميعا، وفي نفس الوقت يهيئ الامر لفتح الافاق امام كوردستان مستقبلا. عدا هذه الأمور فان الدول المسلمة والاوربية وغير الاوربية يسعون الى ذلك، ومما يظهر شجاعة نيجيرفان بارزاني رئيس إقليم كوردستان، هو عرضه لأفكاره الذي يؤمن به من دون ادنى تردد.

رابعا- من احدى النقاط اللافتة للنظر في كلمته الذي القاه رئيس إقليم كوردستان، بعد عرضه للمشاكل والأزمات الدولية، قال اننا لن نسمح بان يكون اقليم كوردستان مصدر هجمات وتهديدات لأي بلد. وهذه النقطة بحد ذاتها رسالة واضحة ومفتوحة لدول الجوار بخصوص اطمئنانهم وتقديم ضمانات لهم حول عدم تشكيل إقليم كوردستان تهديدا لهم، ومن جهة أخرى الإعلان عن تقديم مثل هذه الضمانات بصورة مستمرة، يولد لدى دول الجوار الأمان بخصوص وجود مثل هذه السياسات لدى إقليم كوردستان. عدا هذا فان الامر الأهم هو انه أشار الى مشاكل ونقاط ضعف الدول الجوار، وبالأخص تركيا وإيران، والذي هو عبارة عن "الازمة الاقتصادية" ولهذا السبب تحدث عن الشراكة الاقتصادية بين إقليم كوردستان ودول الجوار رابطا هذه الشراكة بالاستقرار السياسي والتعايش السلمي. هنالك ايضا نقطة مهمة وهي ان نيجيرفان بارزاني أرسل رسالة الى دول الجوار من خلال عرضه لهذه المشكلة والتي مفادها هي "اذ ارتم الاستقرار والتعايش السلمي، يجب عليكم البدء عن طريق التنمية الاقتصادية"، لان للاقتصاد دور هام جدا في المفاوضات والمعدلات السياسية والعلاقات بصورة عامة، لان الاقتصاد يعتبر العمود الفقري للسياسة.

خامسا-نيجيرفان بارزاني عن طريق الوقوف والإصرار على ان الكورد وكوردستان وقيادته يؤمنون "بالديمقراطية وبالسلام"، استطاع بحنكة سياسية رفض جميع الانتقادات التي توجه بسبب تأخر اجراء الانتخابات، بالإضافة الى انه أرسل هذه الرسالة الى تلك الأطراف الذين هم اولو منهم.

سادسا- عندما يتحدث السيد نيجيرفان بارزاني عن ان قوة إقليم كوردستان، يعتبر قوة العراق، هذا عدا التذكير بخيرات الكورد وإقليم كوردستان على المعارضة العراقية، في نفس الوقت يحاول إيصال رسالة مفادها "اوقفوا محاولات اضعاف كوردستان، لأنكم مدينون لنا لنا من جهة وسوف تضعفون أنتم أيضا من جهة أخرى. من المحتمل ان هذه الرسالة قد وصل الى الأطراف العراقية بصورة واضحة وصريحة.

بالإضافة الى ذلك انه عبر ايمان اقليم كوردستان وقادته بـ"السلام" و "الديمقراطية" وربط هذه الأمور بالدعم الدولي، كل هذه الأمور يقودنا الى وجود رسالة اخرى من قبل رئيس الإقليم الى الجهات المعنية خلال كلمته، فحواها "ان هذه التجربة هي نتيجة ايماننا بالسلام والديمقراطية" و في نفس الوقت يحاول نيجيرفان بارزاني ان يثبت انه برغم وجود اختلاف بين القوى الكوردية الا انه حتى الان الجميع يعمل على نفس النهج و اذا كان هنالك انتقاد (مثلا تأخير اجراء الانتخابات)، يعتبر هذا الامر امرا مؤقتا و يؤكد على ان ايمانهم هذا جعل إقليم كوردستان ان تبني علاقات جيدة مع دول الجوار. وبالتالي الحفاظ على هذه التجربة لها ضمان دولي من جهة واستمرار الديمقراطية والسلام في إقليم كوردستان يساعد على الحفاظ على العلاقات الموجدة مع إيران وتركيا كقوتان رئيسيتان في المنطقة.

عدا هذه الرسائل نرى ان السيد نيجيرفان بارزاني عبر هذه الطريقة أوصل رسالة أخرى الى الأطراف السياسية الداخلية، مفادها انه يجب عليهم الحفاظ على السلام والديمقراطية في إقليم كوردستان، مؤكدا على ان قوة إقليم كوردستان مرهون بالدعم الدولي.

سابعا- حاول نيجيرفان بارزاني وبصورة صريحة جدا إيصال رسالة الى العراقيين (وخصوصا القادة الشيعة)، فحواها انهم اذا كانوا يريدون تجنب تكرار التاريخ الدموي للعراق، يتعين عليهم ان يتخلوا عن "الدكتاتورية وحكم المكون الواحد". بالإضافة الى ذلك أشار انه في حال استمرار الخلافات، فان امن العراق تتدهور وستظهر من جديد المنظمات الإرهابية.  لهذا السبب يعتبر هذا الامر في نفس الوقت رسالة الى المجتمع الدولي مفادها إذا ارتم عدم ظهور المنظمات الإرهابية مثل داعش والمنظمات المشابه له، لابد من اقامة توازن وشراكة واتفاق بين القوى السياسية المختلفة في العراق.

ثامنا- الإصرار المستمر لرئيس إقليم كوردستان على الدستور، الذي وافق عليه العراقيون، بالإضافة الى الوقوف على موضوع النظام الاتحادي والمحافظة على حقوق إقليم كوردستان، شكل جزءا اخرا من كلمة رئيس إقليم كوردستان. لذا فان هذا الإصرار والتذكير يشير بصورة مباشرة على ان بغداد هو سبب الخلافات والمشاكل العالقة بين أربيل وبغداد وعدم تطبيق الدستور والتراجع عن الفدرالية. بعبارة أخرى فان افاقا مشرقة تنتظر العراق اذا ما التزم بالدستور وطبق النظام الفدرالي بصورة صحيحة وسليمة. وخصوصا هنالك معادلة يجب على الجيل الجديد من القادة العراقيين ادراكه وفهمه، الا وهي ان الاستقرار سوف لن يُقام في العراق ولن يصبح العراق دولة قوية، اذا قاموا بعداء تجربة إقليم كوردستان. بحيث جميع الحكومات العراقية ابتداءا من حكومة المالكي وحتى النظام البعثي، يدركون هذه الحقيقة جيدا، لهذا السبب نرى ان رئيس إقليم كوردستان قال بصراحة " ان طريقة التعامل مع إقليم كوردستان هي أكبر اختبار للنظام السياسي العراقي الجديد. لان عراقا قويا مرتبط بوجود اقليم كوردستان قوي، كما ان وجود إقليم كوردستان قوي مرتبط بوجود عراق اتحادي ومستقر".

تاسعا- من احدى النقاط المهمة لكلمة رئيس إقليم كوردستان نيجيرفان بارزاني، هو انه أكد على ضرورة تجاوز الماضي وتضميد الجراح عبر "الاتفاق" وراهن هذا الامر ببقاء الوطن وكوردستان قويا وعظيما ودائما، فضلا عن ان الخلافات وحتى القوى السياسية والقادة يظهرون ويزولون.  ويعتبر هذا الامر جوهر واساس العقلانية الحديثة، والمتحضرة والديمقراطية التي انعكست بشكل بارز في كلمة السيد نيجيرفان بارزاني رئيس إقليم كوردستان. لهذا السبب عندما قال "**يجب ان يكون الوطن جامع لنا كلنا**" وهذا لا يترك اية فرصة او عذر او مبرر للأطراف السياسية لمواصلة خلافاتها. فضلا عن ذلك فان هذه الأمور يولد حس "المواطنة" لدى جميع مكونات وافراد المجتمع، ويوصل رسالة مفادها إذا تعرض إقليم كوردستان الى مخاطر فان جميع القوى السياسية تتعرض لتلك المخاطر.

**الخاتمة**

"**يجب ان يكون الوطن جامع لنا كلنا**" هو ذلك الرأي القوي الذي يستطيع ويجب ان يكون بمثابة مظلة في إقليم كوردستان. "**إذا كان الوطن جامعا لنا كلنا** "، اثناء ذلك سيتحدث عن حب الوطن "Patriotism" والذي هو عبارة عن النقطة والمصلحة والمستقبل المشترك بحيث يستطيع ان يجمع جميع الأحزاب والأطراف حوله برغم وجود اختلافان في ما بينهم. بدون شك "**إذا كان الوطن جامعا لنا كلنا** " هذا لا يعني سوف لن يبقى هنالك خلافات وصراعات، بالعكس هذه الرسالة الاستراتيجية تشير الى "الاتحاد في التنوع" وليس "الاتحاد الذي تمحو الاختلافات".

هذا الشعار "**يجب ان يكون الوطن جامع لنا كلنا**"، يفتح افاق جديدة حول بدء مرحلة جديدة وعالية

المستوى مما يضمن التعايش السلمي، المصلحة العامة، التنظيم، القوة وسياسة وطنية جديدة في إقليم كوردستان. تعتبر الهوية والمصلحة القومية من اقوى المعادلات في الساحة السياسية، لان لديها قدرة عالية للاتحاد سواء اكان في إقليم كوردستان او في العراق والمنطقة، لان المصلحة الوطنية هي فوق جميع الاعتبارات، "لان كوردستان أكبر منا جميعا والوطن اقوى من كل ما عندنا".

---

# "دەبێ نیشتمان کۆکەرەوەی هەموومان بێت"

**پێنووس**

ڕۆژی چوارشەممە (١٧-٤-٢٠٢٤) نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی هەشتەمین دیداری سلێمانیدا کە لەلایەن "زانکۆی ئەمەریکیی عێراق"ەوە لە سلێمانی ڕێك خرا، گوتارێکی پێشکێش کرد. گوتارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سێ ڕەهەندی سەرەکیی لەخۆ گرتبوو: دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و پەیوەندیی لەگەڵ عێراق، دۆخی دراوسێکان و ناوچەکە، هەروەها ژینگە و کاریگەریی دۆخی نێودەوڵەتی کە ئێستا ناوچەکە بەگشتی و عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەتایبەتی پێیدا تێ دەپەڕن.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە گوتارەکەیدا بەتەواوی هەستی بە مەترسیی دابەشبوونە سیاسییەکان دەکات، بۆیە بەڕوونی وتی: "گەلی کوردستان گەلێکی یەکگرتووە، پێویستە لایەنە سیاسییەکانیش وەک گەلەکەیان بۆ بەرژەوەندیی نیشتمان، ڕێک بکەون. بەو شێوەیە دەتوانین هەڵبژاردنێکی ڕوون و دادپەروەرانە بکەین، بە ڕەزامەندی و بە بەشداریی هەموو لایەنەکان." هەر لەو ڕوانگەیەوە، ڕوانییە گرنگیی پەرلەمانی کوردستان و جەختی لەوە کردەوە: "پەرلەمانی کوردستان ئەزموونێکی زۆر گرنگە لە ناوچەکەدا، دەبێ بیپارێزین." سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو بڕگەیەدا باسی لە خاڵی هاوبەشی حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە و وەکوو خاڵی کۆکەرەوە و هاوبەشی نێوان لایەنەکان سەیری پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وەکوو دامەزراوەیەکی نەتەوەیی و شوێنی یاسادانان لە هەرێمی کوردستان کرد، کە گشت ڕەنگ و دەنگەکان بە هەموو جیاوازییانەوە ڕوویان لەو دامەزراوەیە.

ئەگەر لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا لە وتارەکەی سەرۆکی هەرێم ورد بینەوە، دەبینین کە فۆکەسی کردۆتە سەر کۆمەڵێک پرس کە جێگەی گرنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دۆستانی هەرێمی کوردستان و عێراقن. سەرۆکی هەرێم پشتگیریی بۆ هەوڵ و چالاکییە سیاسییەکانی سوودانی دووپات کردەوە، کە ئێستا بە سەردانێک لە ئەمریکایە و، لە هەمان کاتدا پێویستی بە پشتگیریی هەرێمی کوردستان هەیە؛ ئەمەیش بێ گومان لەبەر ئەو هاوکاری و هەماهەنگییەی کە لە نێوان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا هەیە، کە ڕۆڵێکی جەمسەریی بینیوە لە گفتوگۆ و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر.

سەرۆکی هەرێم دەزانێت کە کاراکتەری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، زۆر گرنگە بۆ پەیوەندییەکی تەندروست لە نێوان هەولێر و بەغدا. پەیوەست بەمە، سەرۆکی هەرێم وتی: "سەرۆکوەزیرانی عێراقی فیدراڵی، خاوەن ڕوانگەیەکی فراوانە و باوەڕێکی زۆری بە دەستووری عێراق هەیە. ئەو ڕوانگەیە سەقامگیرییەکی باشی لە بەڕێوەبردنی حکوومەتەکەیدا لە عێراق دروست کردووە و، دەتوانێت عێراق بەرەو پێشەوە ببات. ئەوە دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ عێراق." بەڵام وەک خۆی وتی ئەم ڕوانگەیەی سوودانی، پێویستی بە پشتیوانی و زەمینەسازیی سیاسیی گونجاوە. لایەنە سیاسییەکانی عێراق ئێستا لەژێر ئەو بەرپرسیارێتییەدان کە پشتیوانی لە حکوومەتی عێراقی فیدراڵی بکەن.

وەک هەمیشە نێچیرڤان بارزانی جەختی لە گرنگیی بەهاکانی دیموکراسی و مافی کەمینەکان و پابەندبوون بە دستوور کردەوە، چونکە ئەوەی عێراقی دوای ٢٠٠٣ جیا دەکاتەوە لە عێراقی سەردەمی ئەنفال و بەعس، ئەو بەها مرۆیی و جیهانییانەیە، کە پێویستە هەموو نوخبەی سیاسی کار بکات بۆ چەسپاندنیان بۆ ئەوەی لە ژینگەی نێودەوڵەتییش پاڵپشتیی عێراق و هەرێمی کوردستان بکەن. سەرەڕای نیگەرانییەکانی سەرۆکی هەرێم، بەڵام گوتارەکە گەشبینیی زۆریشی پێوە دیار بوو، بەتایبەت کە وتی "هیچ شتێک نییە لە عێراق قابیلی چارەسەر نەبێت، ئەگەر بە ئیرادەیەکی بەرپرسانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین."



**لەسەریەک دەتوانین لە ٩ خاڵدا وتارکەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەوردی شی بکەینەوە:**

**یەکەم**– بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەرفەتی قۆستەوە و پیرۆزبایی سەری ساڵی لە خوشك و برایانی ئێزدی کرد. ئەمە زۆر گرنگە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەڵک لە دەرفەتەکان وەردەگرێت بۆ نیشاندانی

فرەیی کوردستان و فەرامۆشیان ناکات، بەتایبەتی ئێستا کە بەغدا خەریکە ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست دەکات.

**دووەم**– سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر بەوردی لە کاتی پیرۆزبایی لە ئێزدییەکان وتی: "لێرەوە بە ناوی هەر هەمووتانەوە پیرۆزباییان لێ دەکەین و هیوادارین ساڵێکی خۆشیان هەبێت." ئەمە زۆر گرنگە کە نێچیرڤان بارزانی هەم خۆی وەکوو کەسی یەکەمی ئامادەبووان وێنا کرد، کە نوێنەرایەتییان دەکات بۆ پیرۆزباییکردن و، هەر لە ڕێگەی ئەم پیرۆزباییەوە ئەوەی سەلماند، کە سەرۆکی هەموو پێکهاتەکانی کوردستانە.

**سێیەم**– خاڵێکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی نێچیرڤان بارزانی باس لە جەنگ و گرژیی توند لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات، زۆر بەخێرایی چارەسەرەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ "دەستپێکردنی گفتوگۆ و پێکەوەدانیشتن"، هەروەها بۆ هێنانەدیی ئاشتی داوا دەکات، کە "ڕێککەوتنی هاوسەنگ" بکرێت. ئەم دوو خاڵە وێنای تەواو سەرووناوچەیی، هەروەها ئاشتیخوازانە دەداتە نێچیرڤان بارزانی. جگە لەمانەیش کاتێک کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوا دەکات "بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی جێبەجێ بکرێت" بۆ ڕاگرتنی بێمەرجی شەڕ و ئازادکردنی بارمتەکان، ئەوە لە ڕاستیدا بە ڕۆحی سەردەم قسەی کردووە و، داواکاریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەموو هێز و دەوڵەتانە.

تەنانەت کاتێک باس لە "چارەسەری دوو دەوڵەت" بۆ هێنانەدیی ئاشتییەکی سەقامگیر دەکات، ئەوە هەم لە ڕووی ئەخلاقی، سیاسی، ئەمنی و یاساییەوە بەتەواوی ورد و دروستە و، تەنانەت داواکاریی هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە و، هەمیش دەرگەیەک دەکاتەوە بۆ داهاتووی کوردستان. جگە لەمانەیش، وڵاتانی موسڵمان و ڕۆژاوایی و ناڕۆژاواییش هەر ئەم داواکارییەیان هەیە و، ئەمە دیسانەوە بوێریی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیشان دەدات، کە بەبێ دوودڵی ئەو شتەی کە خۆی بڕوای پێ هەیە، دەیخاتە ڕوو.

**چوارەم**– یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی وتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوە بوو، کە لە پاش خستنەڕووی کێشە و قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، باسی لەوە کرد کە، ڕێگە نادەین هەرێمی کوردستان مایەی هێرش و هەڕەشە بێت بۆ سەر هیچ وڵاتێک. ئەمەیش ئەو خاڵەیە کە وا دەکات هەم پەیام بۆ دراوسێکان بێت و دڵنیاییان پێ بدات و هەمیش دووبارەکردنەوەی ئەم بابەتە وا دەکات کە وڵاتانی دراوسێ لە بوونی سیاسەتێکی ئاوا، هەست بە متمانە بکەن. جگە لەمەیش، زۆر گرنگ بوو کە دەستی خستە سەر کێشە و خاڵی لاوازی دراوسێکان، بەتایبەتی تورکیا و تەنانەت ئێرانیش کە ئەویش "پرسی ئابووری"یە و بۆیە باسی لە هاوبەشیی ئابووریی نێوان هەرێمی کوردستان و دراوسێکان کرد و بەستییەوە بە سەقامگیریی سیاسی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە. خاڵێکی ورد ئەوەیە کە نێچیرڤان بارزانی ئەو پەیامەی لە ڕێگەی خستنەڕووی ئەم پرسەوە ناردی بۆ دراوسێکان، ئەویش ئەوە بوو، "ئەگەر سەقامگیری و پێکەوەژیانتان دەوێت، دەبێت لە ڕێگەی پەرەپێدانی ئابوورییەوە دەست پێ بکەن"، چونکە ئابووری دەوری زۆر گرنگ لە دانوستان و هاوکێشە سیاسییەکان و پەیوەندییەکاندا دەگێڕێت، لەبەر ئەوەی ئابووری بڕبڕەی پشتی سیاسەتە.

**پێنجەم**– نێچیرڤان بارزانی بە خستنەڕوو و دووبارەکردنەوەی ئەوەی کە کورد و هەرێمی کوردستان و سەرکردەکانی باوەڕیان بە "دیموکراسی و بە ئاشتی" هەیە، زۆر وشیارانە و ژیرانە ڕەخنەکانی ئێستای ڕەت

کردەوە سەبارەت بە دواکەوتنی هەڵبژاردن؛ هەروەها ئەو پەیامەی دایە لایەنەکانی دیکە، کە زۆر لەوانیش لەپێشترین.

**شەشەم**– کاتێک بەڕێز نێچیرڤان بارزانی باس لەوە دەکات کە بەهێزیی هەرێمی کوردستان، بەهێزیی عێراقە، جگە لە وەبیرهێنانەوەی چاکییەکانی کورد و هەرێمی کوردستان بۆ ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی، لە هەمان کاتیشدا ئەو پەیامە دەدات کە هەوڵەکانی لاوازکردنی کوردستان بوەستێنن، چونکە هەم ئێوە قەرزداری ئێمەن و هەمیش خۆتان لاواز دەبن. پێ دەچێت لایەنە عێراقییەکان بەباشی ئەم پەیامە وەربگرن.

هەروەها ئاماژەکردنی بە باوەڕمەندبوونی هەرێمی کوردستان و سەرکردەکانی بە "ئاشتی" و "دیموکراسی" و بەستنەوەی بە پاڵپشتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دیسانەوە ئەم پەیامە دەدات، کە ئەم ئەزموونە دەرەنجامی باوەڕمەندبوونمانە بە ئاشتی و دیموکراسی و لە هەمان کاتیشدا نیشان دەدات، کە ئێمە جیاوازین و ئێستایش لەسەر هەمان بنەما کار دەکەین و ئەگەر ڕەخنەیەکیش-بۆ نموونە دواکەوتنی هەڵبژاردن-هەبێت، ئەوە کاتییە و تەنانەت ئەو بڕوایەی ئێمە وەکوو هەرێمی کوردستان وای کردووە، کە پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ دراوسێکانماندا هەبێت. بەم پێیەیش پاراستنی ئەم ئەزموونە هەم گەرەنتیی نێودەوڵەتیی هەیە و هەمیش بەردەوامبوونی دیموکراسی و ئاشتی لە هەرێمی کوردستان ئەم پەیوەندییانە دەپارێزێت لەگەڵ ئێران و تورکیا وەکوو دوو هێزی سەرەکی لە ناوچەکەدا.

لە لایەکی دیکەیشەوە، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەم ڕێگەیەوە ئەو پەیامەی دایە لایەنە سیاسییە ناوخۆییەکان، کە دەبێ ئاشتی و دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان بپارێزین، هەروەها بەهێزیی هەرێمی کوردستانیش پەیوەستە بە پاڵپشتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

**حەفتەم**– نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر بەدروستی ئەو پەیامەی دایە عێراقییەکان (بەتایبەتی دەسەڵاتداریی شیعەکان) کە ئەگەر دەتانەوێت مێژووی خوێناویی عێراق دووبارە نەبێتەوە، ئەوە واز لە "دەسەڵاتی یەکپێکهاتەیی" بێنن. هەروەها ئاماژەی بەوەیش دا کە ئەگەر ناکۆکییەکان بەردەوام بن، ئەوە ئاسایشی عێراق تێک دەچێت و، ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان سەر هەڵدەدەنەوە. بۆیە ئەمە پەیامیش بوو بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کە ئەگەر دەتانەوێت داعش و هاوشێوەکانی سەر هەڵنەدەنەوە و بەهێز نەبن، پێویستە هاوسەنگی و هاوبەشی و ڕێککەوتن لە عێراقدا هەبێت.

**هەشتەم**– پێداگریی بەردەوامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر دەستوور، کە عێراقییەکان پەسندیان کردووە، هەروەها سیستەمی فیدراڵی و پاراستنی مافەکانی هەرێمی کوردستان، بەشێکی تر بوو لە وتارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. بۆیە ئەم پێداگرییە و وەبیرهێنانەوەیە وا دەکات، کە هۆکاری ناکۆکی و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ جێبەجێنەکردنی دەستوور و پاشگەزبوونەوە لە فیدراڵی، بگەڕێنێتەوە بۆ بەغدا. بە واتایەکی تر، عێراق ئاسۆیەکی ڕووناکی هەیە ئەگەر دەستوور و سیستەمی فیدراڵی بەتەواوی جێبەجێ بکرێت. بەتایبەت هاوکێشەیەک هەیە و گرنگە کە نەوەی سیاسیی نوێی عێراق لێی تێ بگات، ئەویش ئەوەیە عێراق هەرگیز ناتوانێت سەقامگیر و بەهێز بێت، ئەگەر دژایەتیی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بکات. هەموو حکوومەتە عێراقییەکان لە سەردەمی مەلەکییەوە تا دەگاتە ڕژێمی بەعس ئەو ڕاستییە باش دەزانن، بۆیە بەڕوونی وتی "شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا گەورەترین تاقیکردنەوەیە بۆ سیستەمی سیاسیی نوێی عێراق. عێراقێکی بەهێز پەیوەستە بە هەبوونی هەرێمی

کوردستانێکی بەهێز؛ هەروەها هەرێمی کوردستانی بەهێزیش، پەیوەستە بە عێراقێکی فیدراڵ و سەقامگیر.”

**نۆیەم–** یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی وتارەکەی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوە بوو کە جەختی لەسەر تێپەڕاندنی ڕابردوو و سارێژکردنی برینەکان لە ڕێگەی “رێککەوتن” کردەوە و ئەمەیشی بەستەوە لە گەورەتربوون و باڵاتربوون و هەمیشەییبوونی کوردستان و نیشتمان، هەروەها کاتیبوونی ناکۆکی و تەنانەت هێزە سیاسی و سەرکردەکان. ئەمەیش کرۆکی عەقڵانییەتی مۆدێرن، شارستانییانە و دیموکراسییانەیە کە لە وتارەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا زۆر بەرجەستە بوو. هەر بۆیە کاتێک دەڵێت: **“دەبێ نیشتمان کۆکەرەوەی هەمووومان بێت”**، ئەوە هیچ دەرفەت، بیانوو و پاساوێک بۆ لایەنە سیاسییەکان بۆ بەردەوامی بە ناکۆکییەکانیان ناهێڵێتەوە. جگە لەمانەیش ئەمە هەستی “**هاووڵاتیبوون**” لە لای هەموو پێکهاتە و تاکەکانی کۆمەڵگە دروست دەکات و، ئەو پەیامە دەدات کە ئەگەر هەرێمی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە، ئەوە هەموو هێزە سیاسییەکانیش دەگرێتەوە.

**کۆبەند**

“**دەبێ نیشتمان کۆکەرەوەی هەمووومان بێت**”، ئەو بۆچوونە بەهێزەیە کە دەتوانێت و پێویستە دەوری سەیوانەیەک لە هەرێمی کوردستاندا بگێڕێت. “نیشتمان کە کۆکەرەوە بێت”، باس لە نیشتمانپەروەری (خۆشویستنی وڵات/patriotism) دەکات، کە خاڵی هاوبەش، بەرژەوەندیی هاوبەش و داهاتووی هاوبەشە و دەتوانێت گشت حزب و لایەنەکان سەرەڕای جیاوازییان لە دەوری خۆیدا کۆ بکاتەوە. بێ شک کە “نیشتمان کۆکەرەوەی هەمووومان بێت”، بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە ناکۆکی و جیاوازییەکان نەمێنن؛ بەپێچەوانەوە ئەو پەیامە ستراتیژییە باس لە “یەکێتی و یەکگرتوویی لە چەندچەشنیدا دەکات،” نەک “یەکێتی لە یەکدەستیدا کە جیاوازییەکان بسڕێتەوە.”

ئەم پەیامە (**دەبێ نیشتمان کۆکەرەوەی هەمووومان بێت**)، دەرگە بەڕووی قۆناغێکی ئاستبەرز لە کاری پێکەوەیی، دابینکردنی بەرژەوەندیی گشتی، ڕێکخستن، بەهێزی و سیاسەتێکی نەتەوەیی نوێ لە هەرێمی کوردستاندا دەکاتەوە. ناسنامە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە بەهێزترین هاوکێشەکانە لە مەیدانی سیاسەتدا، لەبەر ئەوەی Capacity (توانا)یەکی بەرزی هەیە بۆ یەکگرتن، جا چ لە هەرێمی کوردستاندا بێت یان ئەوەتا بۆ سیاسەت لە عێراق و ناوچەکەدا؛ چونکە بەرژەوەندیی نیشتمان لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، “لەبەر ئەوەی کوردستان لە هەمووومان گەورەترە و نیشتمان لە هەموو شتێکمان بەهێزترە.”

---

# هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا؛ ڕەوش و باری

# (پۆپۆلیزم لە ئەوروپادا (2016

لە ٢٣ تا ٢٦ی ئەم مانگەدا، هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە یەکێتیی ئەوروپادا بەڕێوە دەچێت. ٤١٨ ملیۆن کەس لە ٢٨ وڵاتی ئەوروپیدا مافی دەنگدانیان هەیە تا ٧٥١ نوێنەر بۆ پەرلەمانی ئەوروپا هەڵبژێرن. ژمارەی نوێنەرانی هەر وڵاتێک لە پەرلەمانی ئەوروپادا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕێژەی دانیشتووانی هەر وڵاتێکەوە هەیە، بۆ نموونە ئەڵمانیا بە ژمارەی دانیشتووانی کە زیاتر لە ٨٢ ملیۆن کەسە، ٩٦ نوێنەری هەیە و وڵاتی ماڵتا کە تەنیا ٤٧٥ هەزار دانیشتووی هەیە، ٦ نوێنەری بەر دەکەوێت. ئەو نوێنەرانە بۆ ماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێن و لە دوو شاری ستراسبۆرگی فەڕەنسا و بروکسێل لە بەلژیکادا کار دەکەن. نوێنەرانی پەرلەمانی ئەوروپا لەگەڵ ئەنجومەنی یەکێتیی ئەوروپا (Council of the European Union) کە لە ڕێبەرانی وڵاتانی ئەندام پێک دێت، یاساکان و بوودجەی ئەوروپا پەسند دەکەن.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو هەڵبژاردنە، گەشە و هەڵدانی پۆپۆلیزم و ڕاستئاژۆییە لە ئەوروپا، کە بەشێک لە چاودێران و ڕاپرسییەکانی ئەوروپا باس لە ئەگەری ئەوە دەکەن کە لەوانەیە لەو هەڵبژاردنەدا ڕاستی توندئاژۆ نزیک بە ١٤٠ کورسی مسۆگەر بکات؛ واتە باس لە چوار قات گەشەی ئەو ئاراستە فکری و سیاسییە دەکەن.

لەو نێوەدا ڕاستی سەرچڵی ئەوروپی، لەسەر بەرگرتن بە هاتنی پەنابەر بۆ ئەوروپا، لاوازکردنی دەسەڵاتی یەکێتیی ئەوروپا و بەهێزکردنی دەوڵەتەکان، هەروەها دژەئیسلام یەکگرتوون. لە ١٩-٥-٢٠١٩دا، چەند حزبی نەتەوەیی و ڕاستی تۆندئاژۆی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپا لە ئیتاڵیا کۆ بوونەوە. ڕێبەرانی ١١ حزبی ڕاستی سەرچڵ لە گوتارەکانیاندا، باسیان لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی یەکێتیی ئەوروپا و ڕێگەنەدان بە پەنابەران کە ڕوو لە ئەوروپا بکەن، کرد.

پۆپۆلیزم، ڕاستئاژۆیی و هزری ناسیۆنالیستی لە ئەوروپا تایبەتمەندیی ئەو خولەی هەڵبژاردنە لەو کیشوەرەدا. ئەمەیش نیگەرانییەکی زۆری لە یەکێتیی ئەوروپادا دروست کردووە؛ هەر بەگوێرەی ڕاپرسییەکانی ئەوروپا، ٤٣٪ی ئەوروپییەکان لەسەر ئەو ڕایەن کە بەدەسەڵاتگەیشتنی پۆپۆلیزم، هەڕەشەیە بۆ سەر چالاکیی ئەو یەکێتییە. بۆ نموونە ٥٦٪ی ئەڵمانەکان و ٤٨٪ی سویدییەکان زۆر نیگەرانی بەهێزبوونی پۆپۆلیزمن. تەنانەت لە ڕاپرسییەکی تردا کە پەیوەندیی بە چارەنووسی یەکێتیی ئەوروپاوە هەیە، هاتووە کە زیاتر لە نیوەی هاووڵاتیانی ئەوروپی باس لەو ئەگەرە بەهێزە دەکەن کە یەکێتیی ئەوروپا تا ساڵی ٢٠٤٠ نەمێنێت. بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی گاردییەنی بریتانی، لەو ڕاپرسییەدا، زۆرینەی هاووڵاتیانی ئەوروپا ڕایان گەیاندووە کە هەڵوەشانەوەی ئەوروپا لە ماوەی ١٠ تا ٢٠ ساڵی دیکە، ئەگەرێکی بەهێزە.

بەبێ شک بەشێکی زۆر لەو پەنابەرانەی کە ڕوو لە ئەوروپا دەکەن، هی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن کە هەر ئێستا کانگەی جەنگ و تیرۆرە و، ویستی بەشێک لە دانیشتووانی ئەو دەڤەرەیش ئەوەیە کە وڵاتی خۆیان بەجێ بێڵن و ڕوو لە ئەوروپا بکەن. ئەمە دەتوانێت کێشەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە دەڤەری ئێمەدا بنێتەوە یان ئەوەتا لە خراپترین دۆخدا پەنابەران بکرێنە کەرەسەی گوشار بۆ سەر یەکێتیی ئەوروپا!

ئاسۆ کەریم

**تێڕوانینێکی گشتی**

**ئاراستە هەرە گرنگەکانی پشتیوانیکردن لە پۆپۆلیزم لە 2016دا**

دەکرێ لە گەلێ گۆشەنیگای جوداجوداوە، لە حاڵ و باری ئێستەی پۆپۆلیزم لەنێو یەکێتیی ئەوروپی (EU)دا بکۆڵرێتەوە؛ لە هەموویشی بەرچاوتر پشتیوانیی دەنگدەرانە لە حزبە پۆپۆلیستەکان و، لادان و وەرچەرخانەکانی ئەو پشتیگرییەیە. سیستەمی Populism Trackerی چاودێریکردن، کە بە هۆی FEPS و Policy Solutionsەوە پێش خراوە، لە نزیکەی 80 حزبی سیاسیی کۆڵیوەتەوە لە 28 دەوڵەتە ئەندامی EUدا، کە واژەوار (ئەدەبیات)ی زانستی وەکوو حزبگەلێکی پۆپۆلیستی ناوی بردوون. Policy Solutions داتا و زانیاری لەبارەی جەماوەرێتیی ئەو حزبانە لەنێو دەنگدەرانی هەر وڵاتێکدا لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە کۆ دەکاتەوە. هەر سێ مانگ جارێ Populism Tracker ئەو داتایانە ئاپدێت و نوێ دەکاتەوە.

**ئەو وڵاتانەی کە پشتیوانییەکی زۆری پۆپۆلیستانیان تێدا دەکرێ**

بە بەراوردکردنی ئەنجامەکانی سەنتەرەکانی ڕاپرسی دەردەکەوێ، کە لە 2016دا دەوڵەتانی بەری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ئەندام لە EU پتر لە وڵاتانی دیکەی ئەو یەکێتییە، پۆپۆلیزم کاری تێ کردوون. ئەگەر ئێمە لەو پشتیوانییە ورد بینەوە کە لە هەر وڵاتێکی ئەندام لە حزبە پۆپۆلیستەکان دەکرێ، دەبینین لەناو 10 وڵاتدا کە پۆپۆلیزمیان تێدا لە لووتکەدایە، تەنیا یەك وڵاتی ئەوروپای ڕۆژاوای تێدایە. سەیری خشتەی ژمارە (1) بکە.

**خشتەی ژمارە (1):**

پشتیوانیی حزبە پۆپۆلیستەکان لەناو دەنگدەراندا (10 وڵات کە سەری سەرەوەی لیستی وڵاتانی ئەندامیان لە EU گرتووە)

| **ناوی وڵات** | ڕێژەی پشتیوانی |
|---|---|
| سلۆڤاکیا | %40 |
| لیتوانیا | %40 |
| قوبرس | %40 |
| یۆنان | %42 |
| ئیتاڵیا | %47 |
| چیک | %47 |
| فەڕەنسا | %48 |

| | |
|---|---|
| پۆلۆنیا | %51 |
| بولگاریا | %51 |
| هەنگاریا | %67 |

لە سێ دەوڵەتدا لە کۆی 28 دەوڵەتی ئەندامی EUدا، زێتر لە نیوەی ئەوانەی کە لەگوێنە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بدەن، دەنگ بە حزبە پۆپۆلیستەکان دەدەن و لەنێو ئەو سێ دەوڵەتەیشدا، هەنگاریا پێشقەرەوڵێکی ڕەهایە و دوو لەسەر سێی ئەوانەی بەتەمان دەنگی خۆیان بدەن، هێزێکی پۆپۆلیست هەڵدەبژێرن. لە بولگاریا و پۆلۆنیایشدا، دیسان زۆرینەی دەنگدەران بە ڕێژەی %51، بەهەست و سۆز لەگەڵ حزبە ناسەرەکی و ناباڵادەستەکاندان [لەگەڵ پۆپۆلیستەکاندان]. حاڵی حازر، لەو سێ وڵاتەدا، هێزە پۆپۆلیستەکان دەسەڵاتڕانن- فیدسز (Fidesz) لە هەنگاریا؛ GERB واتە حزبی هاووڵاتییە میانڕۆکان بۆ پەرەپێدانی ئەورووپییانەی بولگاریا، حزبی "یاسا و دادپەروەری" (PiS) لە پۆلۆنیا- ئەم سێ حزبە چ لە وڵاتەکانی خۆیاندا و چ لە سەرانسەری ئەورووپادا هێزگەلێکی پۆپۆلیستیی هەرە جاماوەرین. هەروا لە کۆماری  چیك، فەڕەنسا و ئیتاڵیایشدا، نزیکەی نیوەی ئەو دەنگدەرانەی کە بەتەمان دەنگی خۆیان بە حزبە سیاسییەکان بدەن، پۆپۆلیستەکانیان پێ باشترە. بەتایبەتی ئەم دوو دەوڵەتەی دواییان، فەڕەنسا و ئیتاڵیا، لە ڕووی دانیشتووان و قەبارەوە، دوو دەوڵەتی بەرچاو و دیارن [لە حوزەیرانی 2018وە بزووتنەوەی 5 ئەستێرە و هەڤاڵبەندی باکوور حکوومەتیان پێك هێنا. لە فەڕەنسایش لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا کە لە 10ی 6ی 2017دا بەڕێوە چوو، حزبی بەرەی میللی بە سەرکردایەتیی "مارین لوپان" %13.2ی دەنگەکانی بەدەست هێنا و بووە سێیەمین حزب- ئاسۆ]. لەنێو 10 وڵاتدا کە پۆپۆلیزمیان تێدا بەرچاوە، قوبرس، یۆنان، لیتوانیا و سلۆڤاکیاشیان تێدایە کە %40ی دەنگدەران لەگەڵ پۆپۆلیستەکاندان.

لەبارەی زێدەبوون و پەرەگرتنی پشتیوانیکردن لە پۆپۆلیزم، لیستی ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین پشتیوانییان لە پۆپۆلیزم تێدایە، کەمێك لەوەی سەرەوە جودایە. لەوەیش زێتر، وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای ئەورووپا زۆر زۆرتر بە شێوەیەکی یەکسان شان بە شانی یەکتر لەناو ئەو لیستەدان. سەیری خشتەی ژمارە (2) بکە.

**خشتەی (2):** ڕێژەی زۆربوونی دەنگدان بە حزبێکی پۆپۆلیستی لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپیدا لە ماوەی ساڵێکدا (ماوەی توێژینەوەکە 2015- 2016)

| ناوی وڵات | ڕێژەی زۆربوون |
|---|---|
| کرواتیا | %3 |
| نەمسا | %3 |
| ئەڵمانیا | %3 |
| لوگزامبۆرگ | %4 |
| لیتوانیا | %8 |
| فەڕەنسا | %9 |
| لاتڤیا | %10 |

| | |
|---|---|
| %26 | سلۆڤاكیا |

وەك لە خشتەكەدا دەبینرێ، ڕێكخراوە پۆپۆلیستەكان نەشونمایەكی ئێكجار بەرچاویان لە سلۆڤاكیادا كردووە كە لە چوارچێوەی ئەورووپادا بێوێنەیە و بە ڕێژەی %26 پشتیوانییان زێدە بووە و لە ماوەی ساڵێكدا سێ قات بووە. هەروا حزبە پۆپۆلیستەكان، لە لاتڤیا و فینلەنددا، پشتیوانییان زێتر بووە و ئەو گرووپانەی دەنگیان بۆ دەدەن بە ڕێژەی %10 لە لیتوانیا و بە ڕێژەی %9 لە فینلەند بەرفرەتر بوون. سەرباریش، دەكرێ تێبینیی زێدەبوونێكی بەرچاویش لە لیتوانیا بكرێ كە ئێستا ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی كە پۆپۆلیستەكانیان پێ باشترە، بە ڕێژەی %8 زۆرترە بە بەراورد بە ساڵێك لەمەو پێش. بێ لەم چوار دەوڵەتە، نەشونمایەكی گرنگی پۆپۆلیستی لە هیچ شوێنێكی دیكەدا نابینرێ. لە لوگزامبۆرگ، ئەڵمانیا و نەمسا، ئەو پشتیوانییە شتیكی وەها زێدە نەبووە و، پشتیوانیی گشتییش بۆ ئەو ڕێكخراونە تەنانەت بە پلەیەكی كەمتریش لە وڵاتانی دیكەی ئەندام لە EUدا دەبینرێ.

بەگشتی، پشتیوانیكردن لە پۆپۆلیزم تەنیا لە 4 دەوڵەتی ئەندام لە EUدا، بە شێوەیەكی بەرچاو نەشونمای كردووە كە بە شێوەیەكی ڕوون ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە لە 2016دا ناتوانین قسە لە پێشكەوتنێكی وەسا بكەین، وەكوو لە 2015دا دەمانتوانی قسەی لێ بكەین، بەڵكە بڵاوبوونەوەی پۆپۆلیزم لەم كیشوەرەدا لە جێگەی خۆیدا ڕەق ڕاوەستاوە و پێ ڕاوكە دەكا.

**حزبە پۆپۆلیستە هەرە سەركەوتووەكان**

سێ حزبی هەرە جەماوەری و پۆپۆلیستیی ئەورووپی، سێ حزبی حوكمڕان لە سێ دەوڵەتی ئەندام كە ئاستێكی بەرزی سۆزیان لە بەرانبەردا هەیە. هەنووكە (5) لەو (10) ڕێكخراوە پۆپۆلیستییە بەهێز و پشتگیریلێكراوانە، بەشێكی حكوومەتی وڵاتەكانیان پێك دەهێنن. سەیری خشتەی ژمارە (3) بكە.

**خشتەی ژمارە (3):** دە حزبی هەرە بەهێز و پشتگیریكراو لە دە وڵاتی ئەندام لە یەكێتیی ئەورووپادا كە زۆرترین پشتیوانییان لەناو دەنگدەرانی وڵاتەكانیاندا هەیە

| ڕێژەی پشتیوانی | ناوی وڵات (حزب) |
|---|---|
| %22 | یۆنان (سیریزا) |
| %23 | ئیستونیا (EK) |
| %28 | فەڕەنسا (بەرەی نەتەوەیی FN) |
| %30 | چیك (ANO 2011) |
| %30 | قوبرس (ئاكیل) |
| %30 | ئیتاڵیا (M5S) |
| %35 | نەمسا (FPÖ) |
| %41 | پۆلۆنیا (PiS) |
| %42 | بولگاریا (GERB) |

| | |
|---|---|
| هەنگاریا (فیدسز- FIDESZ) | %46 |

فیدسز، حزبی حوکمڕانی هەنگاریا تاکە هێزێکی هەرە جەماوەری و پۆپۆلیستییە لە ئەوروپا و %46ی ئەو دەنگدەرانەی کە لەگوینە دەنگ بدەن، پشتیوانیی لێ دەکەن. هەر دوو حزبی حوکمڕانی بولگاریا و پۆلۆنیایش بنکەی گەورە و هاوشێوەیان هەیە (%41–42) و بەم شێوەیە PiS و GERB بوونەتە دوو هێزی سیاسیی هەرە جەماوەری لە وڵاتەکانی خۆیاندا. حزبی ئازادیی نەمسایی (FPÖ) چوارەمین هێزی پۆپۆلیستیی بەهێزە لە EU و نزیکەی یەك لەسەر سێی دەنگدەران پشتیوانیی لێ دەکەن، لە کاتێکدا بەگوێرەی ڕاپرسییەکان، هەر یەك لە بزووتنەوەی پێنج ئەستێرەی ئیتاڵی (M5S) و حزبی پێشکەوتنخوازی خەڵکی کارگەر (AKEL)ی قوبرسی و حزبی ئانۆی 2011/ %30 ANO 2011 دەنگدەری خۆیان هەیە و بەم شێوەیە کەوتوونەتە ڕیزی پێشەوەی بواری ئەوروپی. بەرەی نیشتمانیی فەڕەنسی (FN) بنکەیەکی بە ڕێژەی لە سەرووی %25 هەیە. سەرباریش، لەناو لیستی ئەو 10 حزبە پۆپۆلیستە ئەوروپییەدایە کە لە سەری سەرەوەن، حزبی ناوەڕاست و میانڕۆی ئیستونیا (Eesti Keskerakond) و حزبی حوکمڕانیی یۆنان (Syriza)- ئەوانیش هەر یەکەیان لە سەرووی %20 پشتیوانییان هەیە. هەر لەنێو ئەو 10 حزبە هەرە میللی و جەماوەرییەدا، حزبە پۆپۆلیستە ڕاستڕەوەکان کە 6 حزب نوێنەرایەتییان دەکەن، باڵادەستن، لە کاتێکدا پۆپۆلیزمی چەپڕەو تەنیا دوو حزب نوێنەرایەتییان دەکەن: ئەکیلی قوبرسی و سیریزای یۆنانی. هەرچی بزووتنەوەی 5 ئەستێرەی ئیتاڵی و ئەی ئێن ئۆی 2011ی "کۆماری چیکی"ن، ناکرێ وا ئاسان بخرێنە ناو دابەشبەندیی نەریتییانەی چەپ- ڕاستەوە، بەڵکە بەگوێرەی شوێنیان لەناو لیستەکەدا دەکرێ بێژین، پۆپۆلیزمی میانڕەویش نوێنەرایەتییەکی سەرکەوتووانەی لە ئەوروپادا هەیە.

هەروا لیستی ئەو حزبانەی کە توانیویانە نەشونمایەکی لە ماوەی نێوان (2015 و 2016)دا گرنگ بکەن و لە ڕووی جەماوەرییەوە دیسان شایانی سەرنج بن، سەیری شکڵی 4 بکە.

| **وڵات (ناوی حزب)** | **ڕێژەی زێدەبوون** |
|---|---|
| لوگزامبۆرگ ( DÉL LÉNK ) | %4 |
| سلۆڤاکیا ( OĹANO ) | %4 |
| ئەڵمانیا ( AFD ) | %4 |
| چیك (ANO 2011) | %6 |
| سلۆڤینیا ( SNE RODINA ) | %6 |
| سلۆڤاکیا ( SNS ) | %7 |
| سلۆڤاکیا ( KOTLEBA ) | %7 |
| فەڕەنسا ( FRONT DE GAUCHE ) | %10 |
| لاتڤیا ( KDM PIEDER VALSTS ) | %10 |
| لیتوانیا ( LVŽS ) | %10 |

لەم بارەوە، باڵادەستیی ئەوروپای ڕۆژهەڵات خویا و ڕوونە- زۆرینەی ئەو 10 حزبەی کە زۆرترین

نەشونمایان کردووە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی EUدان و، تەنیا سێ حزبیان هی ئەورووپای ڕۆژاوان. حزبی جووتیارانی کشتوکاڵ و یەکێتییەکانی سەوزان لە لیتوانیا (LVŽS) حزبێکی زۆرتر داینامیکیی پەرەسەندوو بووە لە 2016دا و بە ڕێژەی 10% و دوو هەندە جەماوەری زیاد بووە. ڕێکخراوێکی نوێی دەریای بەلتیک، حزبی لاتڤیایی خودان دەوڵەت (Kam pieder valsts) بە هەمان پلە زیادی کردووە. ئەمە سەرکەوتنێکی باڵکێشە کاتێ لە باری زەمانییەوە هەڵبسەنگێندرێ، چونکە ئەو ڕێکخراوە لە ئایاری 2016دا دامەزراوە و لە چەند مانگێکی کەمدا توانیی بنکەیەکی 10% بۆ خۆی دابمەزرێنێ. لە فەڕەنسا، بەرەی چەپ (Front de gauche) نزیکەی 10% نەشونمای کردووە و دەتوانێ شانازی بەخۆیەوە بکا و بووەتە سێیەمین حزبی داینامیکیی پۆپۆلیست لە نێوان کۆتاییی 2015 و 2016دا.

ڕوونە لێرەدا کە سلۆڤاکیا بە تاقیکردنەوەیەکی گەورەی پۆپۆلیستیدا دەڕوا و بەکورتی 4 حزب نوێنەرایەتیی دەکەن و، ئەوەیش ئاماژەیەکە بۆ وەرچەرخان لە سیستەمی سیاسیی سلۆڤاکیا بە ئاراستەی پۆپۆلیزم. حزبی گەلی سلۆڤاکیای ئێمە (Kotleba)ی هەرە ڕاستڕەو بە ڕێژەی 9% نەشونمای کردووە، لە کاتێکدا حزبی نەتەوەییی سلۆڤاکیی ڕاستڕەو (SNS) و حزبی ئێمە خێزانێکین (Sme Rodina) هەر یەکەیان بە ڕێژەی 7% زیادیان کردووە و، حزبی خەڵکی خواسایی (OĽaNO) کەمێك کەمتر لەوان بە ڕێژەی 4% زیادی کردووە. حزبی ئەی ئێن ئۆی 2011ی کۆماری چیك بنکەی خۆی بە ڕێژەی 6% زێدە کردووە و حزبی ئەلتەرناتیڤی ئەڵمانی (AfD) بە ڕێژەی 4% زیاد بووە. حزبی چەپی لوگزامبۆرگ (Déi Lénk) هەوڵی داوە جێگەیەك لە لیستی 10 حزبی لووتکەدا بۆ خۆی بگرێ و بە ڕێژەی 4% زیاد بووە. بەکورتی، شەش حزبی ڕاستڕەو و دوو حزبی چەپڕەو (بەرەی چەپی فەڕەنسی و چەپی لوگزامبۆرگی) و دوو ڕێکخراوی نە چەپ نە ڕاست (LVŽS)ی لیتوانی و ئەی ئێن ئۆی 2011ی چیکی لە ڕیزی هەرە پێشەوەی حزبە هەرە پەرەسەندوو و گەشەکردووەکانی یەکێتیی ئەوروپان.

**پۆپۆلیستەکان لە حکوومەتدا**

لە 28 دەوڵەتی ئەندامی EU لە (9) وڵاتدا، حزبە پۆپۆلیستەکان بەشێکی حکوومەت پێك دەهێنن. لە دوو وڵاتیشدا پۆپۆلیستەکان ڕۆڵی پشتیوانیکردن لە حکوومەت دەبینن. ئەگەر خێرا چاوێ بەو 9 وڵاتەدا بگێڕدرێ، ئێمە نموونەگەلێکی گەلێ فرەوان دەبینین لە ئەدای هێزە پۆپۆلیستەکاندا لەناو حکوومەتدا. پۆپۆلیستەکان لەناو ئەندامانی گرووپی Visegrádدا، بەشێکی حکوومەت لەم وڵاتانەدا پێك دەهێنن: هەنگاریا، پۆلۆنیا، کۆماری چیك و سلۆڤاکیا. لە هەنگاریا لە 2003وە، حزبی Fidesz حزبێکی حوکمڕانە و لەم دە ساڵەی دواییدا هەموو هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانی بردووەتەوە (دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی، سێ هەڵبژاردنی خۆجێ و دوو هەڵبژاردنیش بۆ پەرلەمانی ئەوروپی). جەماوەرێتیی حزبی Fidesz زێترە لە بنکە و پشتگیریی بەهەڤڕای دوو حزبی هەرە گرنگ و سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆن. پۆلۆنیا وڵاتێکی دیکەیە کە پۆپۆلیستە ڕاستڕەوەکان بەبێ ئیئتلافکردن لەگەڵ حزبی دیکەدا حوکمڕانیی تێدا دەکەن. لە 2005دا بۆ هەوەڵ جار PiS هەڵبژاردنی پەرلەمانی بردەوە، بەڵام نەیتوانی چوار ساڵەکەی خۆی تەواو بکا. بە هەر حاڵ، لە 2015دا، ئەو حزبە بە ڕێژەی 37.6%ی دەنگەکان هەڵبژێردراوەتەوە و لەو کاتەوە پرۆگرامێکی سیاسیی نالیبراڵ جێبەجێ دەکا. یۆنان هەروا لە 2015وە چەند هێزێکی پۆپۆلیستی حوکمڕانیی تێدا دەکەن. وێڕای کە ئەی ئێن ئۆی 2011 تەنیا شەریکێکی بچووکی حزبی سۆسیال- دیموکراتی چیکییە (ČSSD) لە حکوومەتێکی ئیئتلافیدا، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو حزبە 6 وەزارەتی بەدەستەوەیە و، سەرکردەی حزبەکەبیش

“ئەندرێژ بابیس”، جێگری یەکەمی سەرۆکوەزیرانە. لەوەیش زێتر، ئاستی جەماوەرێتیی ئەی ئێن ئۆ ئێستاکە دوو هەندەی هاوپەیمانەکەی لێ هاتووە. دیماهییەکەی، کابینەی فیکۆی سلۆڤاکی بە شێوەیەکی پاژەکی لەسەر پۆپۆلیزم دامەزراوە. حزبی SNS وەکوو چوارەمین حزبی بەهێز لە هەڵبژاردنەکانی 2016دا دەرکەوت و ئێستا سێ وەزیری لەناو حکوومەتدا هەیە.

بە دوورکەوتنەوە لە ناوەڕاستی ئەوروپا، پۆپۆلیستەکان حکوومەتگەلێك لە ناوچەی “بەلکان”یش پێك دەهێنن. حزبی GERBی بولگاری، هەوەڵ جار هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیی لە 2009دا بردەوە و لە 2014وە جارێکی دیکە حکوومەتی پێك هێنایەوە. بە هەر حاڵ، دامەزرێنەری GERB دوو جار سەرۆکوەزیران، بۆیکۆ بۆریسۆڤ، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لە نۆڤەمبەری 2016دا پێشکەش کرد. لە یۆنان، سیریزای ئەلکسیس تسیپراس دوو جار لە دوای یەك هەڵبژاردنەکانی لە 2015دا بردەوە و، لەو دەمەوە سەرکردایەتیی وڵات دەکا لەگەڵ حزبێکی پۆپۆلیستی ڕاستڕەودا، واتە لەگەڵ یۆنانییە سەربەخۆخوازەکاندا (ANEL). یۆنان تاکە وڵاتی یەکێتیی ئەوروپییە کە دوو حزبی پۆپۆلیستی پێکەوە هاوپەیمانێتییان کردووە و ئەوەیش نیشانی دەدا کە وێڕای جیاوازییە ئایدیۆلۆژییەکانیان، هێزە دژە-ناتەقلیدییەکانی یۆنان، بە ئەگەری زۆرەوە دەکارن لەگەڵ یەکتردا هاوکار بن لە بری ئیئتلافکردن لەگەڵ هێزەکانی ناوەڕاستدا. وێڕای کە بەدەگمەن لە ڕۆژنامەکاندا دەردەکەون، حزبە پۆپۆلیستەکان لەناو ئیئتلافی دوو حکوومەتدان لە دوو دەوڵەتی دەریای بالتیکدا. لە لاتڤیا، هاوپەیمانیی نەتەوەییی ڕاستڕەو (NA) بووەتە ئەندامێکی حکوومەت بۆ سێیەمین جار لە 2016دا، پاش دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران، لایمدۆتا ستراو ژۆما. حزبی نیزام و دادپەروەرییش یەکێکە لە حزبە حوکمڕانەکان لە لیتوانیا تا 2016 و یەك وەزیری لە کابینەکەی بۆتکیڤیشیەسدا هەبووە. بە هەر حاڵ، لە ئۆکتۆبەری 2016دا، حزبێکی دیکەی پۆپۆلیستی (LVŽS) بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی بردەوە و لە ئەنجامدا سیاسەتوانی هەرە جەماوەریی ئەو حزبە، ساولیۆس سکڤرنلیس وەکوو سێزدەیەمین سەرۆکوەزیرانی لیتوانیا دیاری کرا. لە فینلەندا، حزبی فینەکانی ڕاستڕۆی پۆپۆلیست لە 2015وە بەشداری لە حکوومەتدا دەکا و، زۆر ڕەخنەی لێ گیراوە کاتێ کە سەرۆکوەزیران جوها سیپلیا کابینەکەی دامەزراندووە. بە هەر حاڵ، لە ماوەی 18 مانگی پاش هەڵبژاردنەکانی 2015، بنکەی دەنگدەرانی حزبی فینەکان بووەتە نیوە و، ئەوەیش نیشانی ئەو سەختییانە دەدا کە حزبێکی پۆپۆلیست ڕووبەڕوویان دەبێتەوە کاتێ کە ئیئتلاف لەگەڵ هێزە سەرەکییە تەقلیدییەکاندا دەکا. ئاخیرەکەی، لە دوو دەوڵەتی دیکەی ئەندامدا، دانیمارك و پورتۆگاڵ، حزبی پۆپۆلیستی هەم ڕاستڕەو هەم چەپڕەو لە دەرەوەی کابینە، پشتیوانی لە حکوومەت دەکەن.

### حزبە پۆپۆلیستەکان لە دەوڵەتانی ئەندامی EUدا

بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی زۆر قووڵترمان لەبارەی ئاراستە و سەمتە پۆپۆلیستەکانی ناو وڵاتانی EUدا هەبێ، هەر 28 ئەندامی ئەو یەکێتییە، سۆنگەی سەرنجخستنە سەر ئەو ناوچەیەن، جگە لەو لیستە، 10 حزبە پۆپۆلیستییەی ساڵی 2016، کە لە سەرەوە خرایە بەرچاو (بۆ لیستی تەواوی حزبە پۆپۆلیستەکان لەناو یەکێتیی ئەوروپیدا، سەیری پاشکۆی ژمارە II بکە). لە 2016دا، حزبە پۆپۆلیستەکان لە هەندێ وڵاتدا بەرەوپێش چوون، لە کاتێکدا لە هەندێ دەوڵەتی ئەندامی دیکەدا – بە هەندێ وڵاتی ئابووریی زەبەلاحیشەوە- ڕەنگە پۆپۆلیستەکان لە چەند مانگێکی داهاتوودا، جێگەی و پێگەیەکی لەپێشتر بگرن. لەوەیش زێتر، حزبە پۆپۆلیستەکان دەتوانن کار لە حوکمڕانیی هەر وڵاتێکدا بکەن تەنانەت ئەگەر لە

هەڵبژاردنەکانیشدا شتێکیان بەدەست نەهێنابێ و سەرکەوتوویش نەبن؛ ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ بنیادی حزبایەتی، سیستەمگەلی هەڵبژاردن، گوشاری هاوپەیمانێتی یان ساتوسەودای سیاسی کە لەناو دەوڵەتانی ئەندامدا باوە. ئەم پێداچوونەوەی خوارەوە یاریدەمان دەدا کە پێ بکەوین، داخوا هەنووکە کامە هێزی پۆپۆلیستی، کاریگەریی بۆ سەر سیاسەتەکانی ئەوروپا هەیە.

**ئەورووپای ڕۆژاوا**

ئەورووپای ڕۆژاوا تاکە ناوچەیەکە لەناو EUدا، کە هێزە پۆپۆلیستەکان بەشێك نین لە حکوومەتی هیچ وڵاتێکدا. بە هەر حاڵ، هەستی دژەدامودەزگەیی تا ڕاددەیەك و هاوشێوەی وڵاتانی دیکە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا هێدی هێدی زێدە بووە- بەتایبەتی لە فەڕەنسا کە ڕووبەڕووی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە 2017دا دەبێتەوە.

**فەڕەنسا:** لە فەڕەنسادا، لەتەك بوونی حزبێکی پۆپۆلیستی ڕاستڕەوی بەهێزدا، پۆپۆلیزمێکی چەپڕەوی دیاریش بوونی هەیە. ئەمەیش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی لە ساڵی ڕابردوودا هاتنە دی. لەوێ، کە دوومین وڵاتی پڕدانیشتووانی EUە، پشتیوانیکردن لە پۆپۆلێستەکان بە شێوەیەکی بەرچاو و بە ڕێژەی %9 زیاد بووە؛ بەو مانایەی کە نزیکە نیوەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە ئێستاکە پشتیوانی لە حزبە ناسەرەکی و خواسایییەکان دەکەن. بنکەی دەنگدەرانی بەهێزترین و ناسراوترین هێزی پۆپۆلیستیی فەڕەنسا FNی ئەوپەڕی ڕاستڕەو، لە نێوان کۆتاییی 2015 و کۆتاییی 2016دا جێگیریی بەخۆوە دیتووە و بنکەی حزبەکەی مارین لو پان لەو ماوەیەدا، کەمێ لە خوار %30 بووە. ئێستاکە FN چاوەڕوان دەکرێ %28ی دەنگەکان بهێنێ، بەو مانایەی کە دەکرێ بێژین ناونیشانی گەورەترین حزبی پۆپۆلیستیی فەڕەنسای بەردەکەوێ. هەروا دیسان جێگیری، سەروسیمایەکی حزبی "هەستانەوەی فەڕەنسا" (Debout la France)یە لە هەمان ماوەدا. ئەم حزبە، حزبێکی پۆپۆلیستیی ڕاستڕۆی بچووکە و بە ڕێژەی %4 پشتیوانیی لێ دەکرێ. هەروا پشتیوانیکردن لە حزبێکی چەپڕەوی پەراوێزکەوتووی وەك حزبی نوێی ئەنتی-سەرمایەداری (NPA) لە نێوان %1-2 وەکوو خۆی ماوەتەوە. لێ دەکرێ زێتر وەرچەرخانی گرنگ و بەرچاو لە پشتیوانیکردن بخرێتە پاڵ بەرەی چەپ کە لە ماوەی ساڵێکدا، بنکەی دەنگدەرانی خۆی سێ قات لێ کردووە لە %4ەوە بۆ %14 و لە حزبێکی بچووکەوە بووەتە حزبێکی قەبارە مامناوەند. لەتەك هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و لە جێگەی خۆ وەستانی FN دا [لە هەڵبژاردنی 2017دا ئەو حزبە تەنیا 8 کورسیی لە پەرلەمان هێنا- ئاسۆ]، پەرەسەندنێکی هەرە گرینگی ئەم ماوەیەی دوایی، بەهێزبوونی بەرچاوی پۆپۆلیزمی بەرەی چەپ بووە. [بەرەی چەپ لە 2017دا، 27 کورسییان هێنا کە 10 کورسی هی شیوعییەکانە و 17یش هی ڕێکخراوی فەڕەنسای یاخییە- ئاسۆ].

**لیستی حزبە پۆپۆلیستەکان لە یەکێتیی ئەورووپیدا**

**نەمسا:**

- حزبی ئازادیی نەمسا کە بە FPÖ ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی ANFدایە لە پەرلەمانی ئەورووپیدا، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەورووپیدا %12.7ی هێنابوو، لە 20014دا کردییە %19.5.

- هاوپەیمانێتیی بۆ ئاییندەی نەمسا کە بە BZÖ ناسراوە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا، 12.7%ی هێنابوو، لە 20014دا کردییە 19.5%.

**بەلژیکا:**

- بەرژەوەندیی فلەمنکی کە بە VB ناسراوە و لەناو گرووپی ANFی پەرلەمانیی ئەوروپیدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا 9.85%ی هێنا، لە ساڵی 2014دا بووە 4.16%.
- لیست دیدکەر کە بە LDD ناسراوە، لەناو گرووپی سیاسیی ECRدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا 4.51%ی هێنا. لە 2014دا هیچ دەنگێکی نەهێنا.

**بولگاریا:**

- هێرش (Ataka) لە هەڵبژاردنی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا ڕێژەی 11.96% دەنگەکانی هێنا، لە 2014دا بووە 2.96%.
- بولگاریا بێسانسۆر (BBC)لە هەڵبژاردنەکانی 2014ی پەرلەمانی ئەوروپیدا، 10.64%ی دەنگەکانی هێنا.
- بەرەی نیشتمانی (NFSD) کە لەنێو گرووپی سیاسیی NFDدایە لە پەرلەمانی ئەوروپیدا، لە 2014دا 3.05%ی دەنگەکانی هێنا.
- هاووڵاتیان بۆ گەشەی ئەوروپییانەی بولگاریا (GERB) کە لەناو گرووپی سیاسیی EPPدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا 24.36%ی هێنا و لە 2014دا بووە 30.40%.

**کرواتیا:**

- کارگەرانی کرواتی- حزبی کار (HL) لەناو گرووپی سیاسیی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژارنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا 5.77%ی دەنگەکانی هێنا و لە 2014دا بووە 3.40%.
- قەڵغانی مرۆیی (Zivi Zid)
- هاوپەیمانیی دیموکراتیی کرواتی بۆ سلاڤۆنیا و بارانژا (HDSSD)
- میلان بانديچ 365-حزبی کار و هاوکاری (Milan Bandic 365)

**قوبرس:**

- حزبی پێشکەوتووی گەلی کارگەر (AKEL) کە لەناو گرووپی سیاسیی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009 بۆ پەرلەمانی ئەوروپی 34.9%ی دەنگەکانی هێنا، لە 2014دا بووە 26.9%.
- هاوپەیمانیی هاووڵاتییان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا 6.78%ی دەنگەکانی هێنا و لە 2014دا کردییە 8%.
- بەرەی نەتەوەییی میللی (ELAM).

**چیک:**

- حزبی کۆمۆنیستی چیك (KSČM) كە لەناو گرووپی سیاسیی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپییدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپییدا 14.18%ی دەنگەکانی هێناوە، بەڵام لە 2014دا بووە بە 10.98%.
- حزبی هاووڵاتیانی ئازاد (Svobodni) كە لەناو گرووپی سیاسیی EFDی پەرلەمانی ئەوروپییدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپییدا 1.26% دەنگەکانی هێناوە و لە 2014دا پتری هێناوە و بووە بە 5.24%.
- هاوپەیمانیی نەتەوەیی- شەفەق (Úsvit) لە هەڵبژاردنەکانی 2014ی پەرلەمانی ئەوروپییدا 3.12%ی دەنگەکانی هێناوە.
- ئازادی و دیموکراسیی ڕاستەوخۆ (SPD).
- ئانۆی )ANO 2001 ( كە لەناو گرووپی ALDEی پەرلەمانی ئەوروپییدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2014دا 16.13%ی دەنگەکانی هێناوە.

**دانیمارك**

- حزبی گەلی دانیمارك كە بە O ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی ECRی پەرلەمانی ئەوروپییدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپییدا 15.3%ی هێنا و لە 2014دا بووە بە 26.6%.
- حزبی گەلی دژ بە یەکێتیی ئەوروپی كە بە N ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپییدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپییدا 7.2% دەنگەکانی هێناوە و لە 2014دا پتری هێناوە و بووە بە 8%.

**ئیستونیا:**

- حزبی کۆنەپارێزی گەلی ئیستونیا كە بە EKRE ناسراوە، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2014ی پەرلەمانی ئەوروپییدا 4%ی دەنگەکانی هێناوە.
- حزبی سەنتەری ئیستونی كە بە EK ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی ALDEی پەرلەمانی ئەوروپییدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپییدا 26.07%ی دەنگەکانی هێنابوو لە 2014دا بووە بە 22.4%.

**فینلەند:**

- حزبی فینەکان كە بە PS ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی ECRی پەرلەمانی ئەوروپییدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپییدا 9.8%ی دەنگەکانی هێناوە و لە 2014دا بووەتە 12%.
- هاوپەیمانیی چەپەکان كە بە VAS ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپییدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپییدا 5.9%ی دەنگەکانی هێناوە و لە 2014دا بووەتە 9.3%.

**فەڕەنسا:**

- بەرەی میللی كە بە FN ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی ENFی پەرلەمانی ئەوروپییدایە، لە

هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا %6.3ی دەنگەکانی هێناوە و لە 2014دا بووەتە %24.95.

- لایبرتییەکان (بزووتنەوە لە پێناو فەڕەنسادا) کە بە Libertas (MPFCPNT) ناسراوە و لەناو گرووپی EFDی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا %4.6ی دەنگەکانی هێناوە.
- بەرەی چەپ کە بە FG ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپیدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا %6ی دەنگەکانی هێناوە و لە 2014دا بووەتە %6.3.
- حزبی نوێی دژەسەرمایەداری کە بە NPA ناسراوە و لەناو گرووپی NAی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا %4.9ی هێنابوو، لە 2014دا بووە بە %0.3.
- ڕابوونی فەڕەنسا کە بە DLF ناسراوە و لەناو گرووپی EFDی پەرلەمانی ئەوروپیدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا %1.77ی دەنگەکانی هێنابوو، لە 2014دا کردی بە %3.62.

**ئەڵمانیا:**

- چەپ کە بە DIE LINKE ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپیدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا %7.5ی دەنگەکانی هێناوە و لە 2014دا بووەتە %7.4.
- ئەلتەرناتیڤ بۆ ئەڵمانیا کە بە AfD ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی ECRی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا %7.1ی دەنگەکانی هێناوە و لە 2014دا بووەتە %8.
- حزبی نەتەوەییی دیموکراتی بۆ ئەڵمانیا کە بە NPD ناسراوە، لە هەڵبژاردنەکانی 2014ی پەرلەمانی ئەوروپیدا، تەنیا %1ی هێناوە.

**یۆنان:**

- گردبوونەوەی میللیی ئۆرتۆدۆکس کە بە LAOS ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی EFDی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا، %7.15ی دەنگەکانی هێناوە.
- حزبی کۆمۆنیست کە بە KKE ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپیدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا %8.35ی دەنگەکانی هێناوە و لە 2014دا بووەتە %6.07.
- هاوپەیمانیی چەپی ڕادیکاڵ کە بە SYRIZA ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپیدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا %4.7ی دەنگەکانی هێناوە و لە 2014دا بووەتە %26.57.
- شەفەقی زێڕین کە بە XA ناسراوە و لە هەڵبژاردنەکانی 2014ی پەرلەمانی ئەوروپیدا، %9.38ی دەنگەکانی هێناوە.

- یۆنانییە سەربەخۆکان کە بە ANEL ناسراوە و لەناو گرووپی EFDی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2014ی پەرلەمانی ئەوروپیدا، 3.45%ی هێناوە.
- یەکێتیی میللی کە بە LAE ناسراوە.

**هەنگاریا:**

- ژۆبیك، بزووتنەوە بۆ هەنگاریایەکی باشتر کە بە Jobbik ناسراوە و لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 2009ی ئەوروپیدا 14.77%ی هێناوە و لە 2014دا بووە بە 14.68%.
- فیدسز/هاوپەیمانیی مەدەنیی هەنگاری کە بە Fidesz ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی EPPی پەرلەمانی ئەوروپیدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا 56.36%ی دەنگەکانی هێناوە و لە 2014دا بووەتە 51.48%.

**ئیرلەند:**

- حزبی سۆسیالیست کە بە SOC ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپیدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا 2.76%ی دەنگەکانی هێناوە.
- شین فین کە بە SF ناسراوە و لەناو گرووپی سیاسیی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا 11.1%ی هێناوە و لە 2014دا بووە بە 17%.
- هاوپەیمانیی دژی لێگرتنەوە (تەقەشوف)ـ خەڵك بەر لە سوود، بە AAA-PBP ناسراوە.

**ئیتاڵیا:**

- هەڤاڵبەندیی باکوور کە بە LN ناسراوە و لەناو گرووپی ENFی پەرلەمانی ئەوروپیدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا 10.2% هێناوە و لە 2014دا بووە بە 6.15%.
- حزبی ڕێکخستنەوەی کۆمۆنیستی/چەپی ئەوروپی/کۆمۆنیستەکانی ئیتاڵیا کە بە PRC, SE, PDCI ناسراون و لەناو گرووپی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپیدان، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا تەنیا 3.38%یان هێناوە.
- بزووتنەوەی پێنج ئەستێرە کە بە M5S ناسراوە و لەناو گرووپی EFDی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا 21.15%ی هێناوە، لە 2014دا بووە بە 29%.
- بۆ ئەوروپایەکی دیکە کە لەناو گرووپی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپیدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2014دا تەنیا 4.03%ی هێناوە.

**لاتڤیا:**

- بۆ خاکی بابان و ئازادی/هاوپەیمانیی نەتەوەیی لە 2014 کە بە NA-LNNT ناسراوە و لە گرووپی سیاسیی ECRی پەرلەمانی ئەوروپیدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا 7.45%ی هێناوە و لە 2014دا بووەتە 14.25%.
- لە دڵەوە بۆ لاتڤیا کە بە NSL ناسراوە و لەناو گرووپی ECRی پەرلەمانی ئەوروپیدایە.
- دەوڵەت هی کێیە؟ کە بە KPVLV ناسراوە.

**لیتوانیا:**

- نیزام و عەداڵەت کە بە TT ناسراوە و لە گرووپی GFDی پەرلەمانی ئەورووپیدایە، لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەورووپیدا %12.2ی هێناوە و لە 2014دا بووە بە 14.27.
- حزبی کار کە بە DP ناسراوە و لە گرووپی ALDEی پەرلەمانیی ئەورووپیدایە.
- جووتیارانی لیتوانی و یەکێتیی سەوزەکان کە بە LVŽS ناسراوە و لە گرووپی G/EFAی پەرلەمانی ئەورووپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2014دا %6.62ی دەنگەکانی هێناوە.

**لوگزامبۆرگ:**

- چەپ کە بە Déi Lénkی ناسراوە و لە گرووپی سیاسیی NAی پەرلەمانیی ئەورووپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەورووپیدا %3.41ی هێناوە و لە 2014دا بووەتە %5.76.

**مالتا:** هیچ حزبێکی پۆپۆلیستیی تێدا نییە.

**هۆڵەندا:**

- حزبی ئازادی کە بە PVVی ناسراوە و لە گرووپی ENFی پەرلەمانیی ئەورووپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەورووپیدا %16.22 و لە 2014دا بووە بە %13.2.
- حزبی سۆسیالیست (SP) کە لە گرووپی GUE/NELی پەرلەمانی ئەورووپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەورووپیدا %7.1ی هێنا و لە 2014دا بووە بە %9.6.

**پۆلۆنیا:**

- حزبی یاسا و عەداڵەت (PiS) کە لە گرووپی ERCی پەرلەمانی ئەورووپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەورووپیدا %27.4 و لە 2014دا بووە بە %32.33.
- کۆنگرەی ڕاستڕەوی نوێ کە بە KNP ناسراوە و لە گرووپی ENFی پەرلەمانی ئەورووپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2014دا ڕێژەی %7.06ی هێناوە.
- کۆکیز 15 کە بە K15 ناسراوە.
- هاوپەیمانی بۆ نوێکردنەوەی کۆمار-ئازادی و هیوا کە بە KORWin ناسراوە.

**پورتۆگال:**

- بلۆکی چەپ (BE) کە لە گرووپی سیاسیی GUE/NGL ی پەرلەمانی ئەورووپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەورووپیدا %10.73 و لە 2014دا %4.93ی هێنا.
- هاوپەیمانیی دیموکراتیی یەکگرتوو (CDU) کە لە گرووپی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەورووپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەورووپیدا %10.66ی بەدەست هێناوە و لە 2014دا بووە بە %12.69.
- حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری (PCTP) لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەورووپیدا %1.2ی هێناوە و لە 2014دا بووە بە %1.67.

**ڕۆمانیا:**

- حزبی ڕۆمانیای گەورە کە بە PKM ناسراوە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا %8.66ی هێنا و لە 2014دا بووە %2.70.
- یەکێتیی ڕزگاریی ڕۆمانی.

**سلۆڤاکیا:**

- کوتلیبا- حزبی گەلی سلۆڤاکیای ئێمە کە بە LSNS ناسراوە و لە گرووپی سیاسیی APFی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2014دا، %1.73ی دەنگەکانی بردەوە.
- گەلی ئاسایی کە بە OLaNO ناسراوە و لە گرووپی ECRی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2014دا، %7.46ی هێناوە.
- حزبی نەتەوەییی سلۆڤاکی کە بە SNS ناسراوە و لە گرووپی EFDی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009دا %5.55ی دەنگەکانی هێنا و لە 2014دا بووە %3.61.
- ئێمە خێزانێکین بە sme Rodina ناسراوە.

**سلۆڤینیا:**

- حزبی نەتەوەییی سلۆڤینی کە بە SNS ناسراوە و لە 2014دا لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپیدا، %2.88ی هێنا.
- چەپی یەکگرتوو کە بە ZL ناسراوە و لە گرووپی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2014دا، %5.47ی هێناوە.

**ئیسپانیا:**

- چەپی یەکگرتوو- دەستپێشخەری بۆ سەوزەکانی کەتەلۆنیا- بلۆکی چەپ کە بە IU-ICU-EUIA-BA ناسراوە و لە G/EFA/GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا %3.73 هێناوە و لە 2014دا بووە %9.99.
- پۆدیمۆس کە بە UP ناسراوە و لە گرووپی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2014ی پەرلەمانی ئەوروپیدا، %7.97 هێناوە.

**سوید:**

- دیموکراتەکانی سوید کە بە SD ناسراوە و لە گرووپی EFDی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009ی پەرلەمانی ئەوروپیدا %3.27ی هێناوە و لە 2014دا بووە %9.7.
- حزبی چەپ کە بە V ناسراوە و لە گرووپی GUE/NGLی پەرلەمانی ئەوروپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009 پەرلەمانی ئەوروپیدا %5.66ی هێناوە و لە 2014دا بووە %6.3.

**شانشینی یەکگرتوو:**

- حزبی سەربەخۆییی شانشینی یەکگرتوو کە بە UKIP ناسراوە و لە گرووپی EFDی پەرلەمانی

ئەوروپپیدایە و لە هەڵبژاردنەکانی 2009 بۆ پەرلەمانی ئەوروپی ڕێژەی %16.5ی دەنگەکانی هێنا و لە 2014 دا کردییە %27.5.

---

# ئایا "یەک کۆ یەک، یەکسانە بە دوو؟"

**(لە چەقبەستوویی ژمارەوە بەرەو جەنگی هزرەکان)**

**قەرەنی قادری**

بیرکاری دەڵێت: "یەک کۆ یەک، یەکسانە بە دوو" (٢=١+١). ئەم هاوکێشەیە لێرەدا کۆتایی پێ دێت و، ڕوونکردنەوەکەیش هەر ئەوەندەیە و بەس. ئەمە وڵامێکی دروست و کورتە. بیرکاری لێرەدا قسەیەکی زیاتری پێ نییە، چونکە باسەکە چەندایەتی (ژمارە)یە نەک چۆنایەتی. بەڵام ئاخۆ لە مەیدانی سیاسەت، جەنگ و ئەمنیدا ئەمە دروستە؟ بەڵێ، تەنیا لە باری چەندایەتی (ژمارە)وە دروستە، چونکە یەکسانن، بەڵام لە بواری چۆنایەتییەوە دروست نییە و ئاکام و شتی تری بەدوادا دێت. ئەگەر تەنیا بەپێی مەنتقی وشکی بیرکاری کە دەڵێت "یەک کۆ یەک، یەکسانە بە دوو" ڕەفتار بکەین، یان بیر لە یەکسانیی هێز بکەینەوە و شتەکان لێک بدەینەوە، سەرکەوتن مسۆگەر نابێت!

سەد پێشمەرگە و سەد هێزی چەکداری دوژمن، یەکسانە بە دوو سەد؛ ئەم دوو سەدەیش تەنیا ژمارەیە و بەس؛ واتە تەنیا بە ژمارە یەکسانن. لێرەدا با یەکسانیش بن، بەڵام لە کردەوەدا ئەوە ژمارە نییە کە دەیباتەوە، بەڵکوو ئەوە توانایی، کەرەسە، دەرفەت، فەرماندەی لێزان، وریا و لێهاتوو، "خوێندنەوەی هێزی خۆت و دوژمن، یان ئاگاداربوون لە خاڵی بەهێز و لاوازی خۆت و دوژمن"، هەروەها ئاستی ڕاهێنراویی کەسەکانە کە دەتوانێت هاوکێشەی چەندایەتیی "یەک کۆ یەک، یەکسانە بە دوو" تێک بدات و هاوکێشەی چۆنایەتی زەق بکاتەوە. بیرکاری زیاتر لە "یەکسان"، ناتوانێت شتێکی تری پێ بێت. بۆیە لە گۆڕەپانی سیاسەت، ئەمنی و جەنگدا، یەک کۆ یەک، یەکسان نییە بە دوو، چونکە باسەکە لەسەر چۆنایەتییە. هێزی بە ژمارە کەمتر، دەتوانێت هێزی بە ژمارە زۆرتر تێک بشکێنێت کە زۆریش نایەکسانن!

**لە چەندایەتییەوە بۆ چۆنایەتی**

بۆ ئەوەی لە چەندایەتییەوە بەرەو چۆنایەتی دەرباز بین و بەپێی مەنتقی وشکی "یەک کۆ یەک، یەکسانە بە دوو" نەجووڵێینەوە و نەبێتە بنەمای کاری بەڕێوەبردن، لە بواری سیاسی، سوپایی و ئەمنییەوە، پێویستە بیر لە ئاستبەرزیی کار، ئاکام و سەرکەوتن بکەینەوە. بۆ دەربازبوون لە چەندایەتیی وشکەوە بۆ چۆنایەتی؛ **پلانی تۆکمە، بەڕێوەبردن، ڕێکخستن، دیسیپلین** و **ڕاهێنانی بەردەوام** (خۆنوێکردنەوە)، لە بنەما سەرەکییەکانن.

"سۆنیا کۆکریجا" سەبارەت بە پلان (ستراتیژی) دەڵێت: "پلاندانان شتێکی ئاییندەییە و ئاراستەکانی ڕێکخراوێك دەستنیشان دەکات. پلاندانان ڕێگەیەکی سیستەماتیك و ژیرانەی بڕیاردانی ئەمڕۆیە کە کاریگەریی لەسەر داهاتووی ڕێکخراوەکە هەیە." پلان بڕبڕەی پشتی هەر دامەزراوەیەکە، هەر لەبەر ئەوە گرینگیی ستراتیژیی هەیە و لە هەمان کاتیشدا بەرپرسیارێتی و وەڵامدەری دروست دەکات. ئەمە پیشانی دەدات کە هەر ڕێکخراو، دامەزراوە، حزب یان تەنانەت حکوومەتیش کە بێپلان بێت، بێ شک هەر لە سەرەتادا تووشی پاشاگەردانی و ناڕێکی لە ناوخۆ و لەناو کۆمەڵگەدا دەبێتەوە؛ هەروەها چەشنێک سەرلێشێواوی و فرەکوێخاییش دروست دەکات. کە پلان نەبوو، هەماهەنگییش دروست نابێت. کاتێک پلان ڕووی لە ئێستا و داهاتووە، بێ شک دەبێ هەڕەشە و دەرفەتەکانیش بخوێندرێنەوە و پلانی تۆکمە بۆ ئەوانیش هەبێت.

کە **پلان** هەبوو، بێ شک **بەڕێوەبەری و بەڕێوەبردن** پرسی هەرە سەرەکین؛ پلانی سەرکەوتوویش تەنیا لە گرەوی بەڕێوەبەری و هونەری بەڕێوەبردندایە، چونکە بەڕێوەبەری، کۆڵەکەی سەرەکیی پلانە بۆ ئەوەی ئامانجی خۆی بپێکێت. "ڤان فلیت" و "پیترسن" بەم شێوەیە پێناسەی بەڕێوەبەری دەکەن: بەڕێوەبردن بریتییە لە کۆمەڵێك چالاکی و بەکارهێنانی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی دروست و کاریگەر بۆ بەدواداچوون و بەدەستهێنانی ئامانجێك یان زیاتر."

بەڕێوەبەری، بەکارهێنانی زانست و هونەرە بۆ هەماهەنگی و ڕێکخستنی سەرچاوە دارایی و مرۆڤییەکان لە کارکردندا، تا چۆنایەتیی کار ببێتە ئامانج. بەڕێوەبەری، تێکەڵاوێکە لە زانست و هونەر؛ **یەکەمیان** کە پەیوەندیی بە زانستەوە هەیە، دەبێ بیخوێنین و فێری زانستی بەڕێوەبەری بین؛ **دووەمیان** کە هونەرە ڕێک پەیوەندیی بەو زانستەوە هەیە کە پێویستە لە کردەوەدا بەگەڕ بکەوێت و بگونجێندرێت. لێرەدایە کە وریایی و لێهاتوویی، هونەری بەڕێوەبردن بەرهەم دێنن.

کاتێک **پلان** و **بەڕێوەبەری** هەبن، **ڕێکخستن** بەهانایانەوە دێت. "هێنری فەیول" دەڵێت: "ڕێکخستنی کارێك، واتە فەراهەمکردنی هەموو شتێکی بەسوود بۆ ئەم کارە، یان پرۆژەیە؛ بۆ نموونە دابینکردنی ماددەی خاو، ئامێر، پارە و دەستی کار." ئەمە یانی دابەشکردنی عەقڵانیی مرۆڤ و کەرەسەکان بۆ مەبەستێکی دەسنیشانکراو. پێشینانی ئێمە فەرموویانە: "نان بۆ نانەوا و گۆشتیش بۆ قەساب!" ئەمە ڕێک هەمان واتایە کە دەڵێت: "کەسی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو!"؛ "نان بۆ نانەوا و گۆشتیش بۆ قەساب!": یانی هەر کەس بە کارێکەوە سەرقاڵ بێت. ئەمە پۆلێنکردنێکی جوانی کار و کەسەکانە. یان بە چەشنێک، ڕێکخستنی ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیە. هەر ئەو پۆلێنکردنە لە ڕەوتی کاردا، کەسانی لێهاتوو و لێزان بەرهەم دێنێت، کە هاوکوفی پیشەکانیان دەبن. ئەمەیش کۆمەڵگە لە پاشاگەردانی ڕزگار دەکات!

ئەم شێوە ڕێکخستنە لە کاردا، بنەماکەی لەسەر "زۆری و بۆری" (دامەزراندنی لەشکری بێکاری مووچەخۆر و بندیوار)، دانامەزرێنێت، بەڵکوو پشت بە "کەم و پوخت" (کەمیی هێز بە ژمارە، بەڵام باشترین بەرهەم) دەبەستێت." لێرەدا ئەولەوییەت بۆ چۆنایەتییە، نەک چەندایەتی. لە جیهانی ئەمڕۆدا بەپێی ئەوەی کە کەرەسەی کار بەجیهانی بووە و، بە ڕێگەی ئامرازی ڕاگەیاندنی مۆدێرنەوە کە لە ئاکامی شۆڕشی دیجیتاڵیدا هاتۆتە کایەوە، مرۆڤ زۆر بەسانایی دەستی بەو زانست، زانیاری و ئەزموونانە ڕادەگات کە لە بواری پیشەی خۆیدا پێویستی پێیەتی. کاتێک دەرفەت ئاوا کراوە، فرە و لەبەردەستدا بێت، بێ شک ئاستی **فێربوون** و **داواکارییەکانیش** بەرز دەبنەوە.

بۆ ئەوەی **پلان** **بەڕێوەبەری** و **ڕێکخستن** بەباشی بەگەڕ بکەون و بەرهەمیان هەبێت، **دیسپلین** یارمەتیی دەدات. **کێن گینزبێرگ** دەڵێت: تێگەیشتن لەوەی کە چۆن و باشترین شێوازی فێرکردنی دیسپلین چییە، یارمەتیمان دەدات کە زیاتر لە خودی مانای دیسپلین تێ بگەین. ڕەگی وشەی دیسپلین لە "دیسپل"ەوە هاتووە؛ واتە فێرکردن یان ڕێنیشاندان، نەك سزادان یان کۆنترۆڵکردن. بە شێوازێکی ئاسانتر، وا دابنێ کە مانای دیسپلین، "فێرکردن یان ڕێنوێنیکردن"ە. هەر بە ڕێگەی پلانی ڕوون و دیسپلینەوەیە کە مرۆڤەکان لە جغزی کار و چالاکیدا دەخولێنەوە و خۆیان بە بەشێک لە کارەکە دەزانن. ئەمەیش بە نۆرەی خۆی دەتوانێت **کەلتوور** و **ئەخلاقی کار** بەرهەم بێنێت. بەڵام بۆ ئەوەی پلان سەرکەوتوو بێت و هەڕەشە و دەرفەتەکانی بەردەم پلان ئاشکرا بن، ببینرێن و کەرەسەی ڕووبەڕووبوونەوەیان بۆ ئامادە بکرێت، **ڕاهێنانی بەردەوام** (خۆنوێکردنەوە) لە بنەما سەرەکییەکانە.

لە مێژوودا، ئەوە "سوون تزوو" (٥٤٤-٤٩٦ پ. ز) بوو کە "داب"ی "یەک کۆ یەک، یەکسانە بە دوو"ی خستە ژێر پرسیارەوە و گوتی: "فەرماندەی لێهاتوو ئەو کەسەیە کە ١٠٠ هەزار سەرباز ڕابێنێت وەکوو ئەوەیە کە سەربازێک ڕادێنێت و فێری دەکات." مامۆستای جەنگ، ١٠٠ هەزار سەرباز لە سەربازێکدا کۆ و چڕ دەکاتەوە و هاوکێشەکە تێک دەدات و، چۆنایەتی (Quality) دەگەیەنێتە لووتکە!

لە ناخۆیشماندا زۆر جار کە باس لە جەنگ و شەڕەکان دەکرێت، دەڵێن لە فڵان شەڕ لەگەڵ دوژمندا هێزەکانمان بەرانبەر (یەکسان) نەبوون، بۆیە سەر نەکەوتین!؟ هزری زاڵ بەسەر ئەو بۆچوونەدا، بنەماکەی تەنیا لەسەر "ژمارە" وەستاوە و، شتێکی عەقڵانییش بەدەستەوە نادات. ئێمە ئەگەر تەنیا بیر لە "یەک کۆ یەک، یەکسانە بە دوو" (بەرانبەری لە هێز)دا بکەینەوە کە لە کاتی ئاوادا دەتوانین دەستەویەخەی دوژمن ببینەوە، بێ شک دەرگەمان بەسەر عەقڵ، ئاوەز، وریایی، لێهاتوویی، ناسینی خاڵی بەهێز و لاوازی خۆمان و دوژمنەکانماندا دادەخەین؛ کە ئەمەیش ڕێک بە مانای سنووردارکردنی خۆمانە.

**جەنگی هزرەکان نەک ژمارەکان**

٢ هەزار و ٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا، "سوون تزوو" (٥٤٤-٤٩٦ پ. ز)، جەنەڕاڵی فەیلەسووف و نووسەری کتێبی "هونەری جەنگ"، لە مەیدانی جەنگ و تیۆریدا پێی وابوو کە زۆریی هێزی دوژمن تەنیا ژمارەیە و، ئەمەیش هۆکار نییە بۆ سەرکەوتن؛ هەروەها هەوڵیشی نەدا کە لە مەیدانی جەنگدا بەپێی مەنتقی بیرکاری بجەنگێت، بەڵکوو جەختی لە وریایی، خوێندنەوەی وردی دوژمن، تاکتیکی گونجاو و بیری لە دۆزینەوەی خاڵی لاوازی دوژمن دەکردەوە و ڕووبەڕووی خاڵی بەهێزی دوژمنیش نەدەبووەوە. سوون تزوو لە شەڕێکی مێژووییدا توانی بە لەشکرێکی ٣٠ هەزار کەسی، لەشکری ٢٠٠ هەزار کەسیی سوپای دوژمن تێک بشکێنێت. ئەو فەرماندە فەیلەسووفە، لەو شەڕەدا توانی هاوکێشەی چۆنایەتی (Quality) بەسەر چەندایەتی (Quantity)ی ژمارەدا زاڵ بکات.

نزیکەی ٦٥٠ ساڵ دوای سوون تزوو، "کائۆ کائۆ" (١٥٥-٢٢٠ی زایینی؛ سەرۆکوەزیرانی بنەماڵەی هانی ڕۆژهەڵات و دامەزرێنەری "پاشایەتیی وێ" کە بە "سوڵتانی جەنگ"یش ناوی دەبرێت)، هەر بە پەیڕەوی لە هزری سوون تزوو، ئەویش زۆریی هێزی دوژمنی بە ژمارە ناو دەبرد و لە مەیدانی جەنگدا بڕوای بە مەنتقی وشکی بیرکاری یان هەوڵدان بۆ یەکسانیی هێز نەدەکردەوە؛ یان ئەگەر ژمارەی دوژمن زۆر بایە ڕووبەڕووی نەدەبووەوە. کائۆ کائۆ لە جەنگێکی مێژووییدا، توانی بە ٧٠ هەزار سەربازی ڕاهێنراو

(چۆنایەتیی سەربازەکان)، فەرماندەی ئازا، وشیار و لێهاتوو، هێزی ٧٠٠ هەزار کەسیی دوژمنەکەی تێک بشکێنێت! گشتی ئەمەیش لە گرەوی ستراتیژی، پلان، ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردنێکی وردبین، وریا و تۆکمەدایە!

جەنگی "گابەردی سوور" (Red Cliff) کە لەنێوان سالانی (٢٠٨ تا ٢٠٩)ی زاییندا ڕووی دا، یەکێکە لە بەناوبانگترین شەڕەکانی مێژووی چین؛ هەروەها بە یەکێک لە گەورەترین شەڕە دەریاییەکانی چین باسی لێوە دەکەن؛ هەم سەرەتای کۆتاییی ئیمپراتۆرییەتی هان بوو، هەم بناغەی سێ ئیمپراتۆرییەتیشی لە چین داڕشت. لەو شەڕەدا پاشایەتیی "شوو" و "وۆ" بە ٥٠ هەزار سەرباز و بە هێزی دەریاییی خۆیان، بەڵام بە ژمارەیەک فەرماندەی لێهاتوو، توانییان سوپای ٨٠٠ هەزار کەسیی "پاشای وی" تێک بشکێنن. لەو جەنگەدا "ژووگێ لیانگ" بە تەکتیک و وردبینیی خۆیەوە، هەروەها بە **زانیاریی پێشوەختە** لە دوژمن، لە لووتکەدا بوو.

"ژووگێ لیانگ" (١٨١-٢٣٤ی زایینی)، ناسراو بە "وۆلۆنگ"، "ئەژدیهای خەوتوو"، سەرۆکوەزیران و گەورەترین ستراتیژیستی سەربازیی سەردەمی خۆی لە مێژووی چیندا دەڵێت: "ئەگەر سەربازەکان ڕاهێنانی باشیان پێ بکرێت، یەک سەرباز دەتوانێت سەدان سەربازی دوژمن ببەزێنێت و بەسەریاندا زاڵ بێت." ئەو ئاڵوگۆڕە لە چەندایەتییەوە بۆ چۆنایەتی، نەک تەنیا لە مەیدانی جەنگدا، بەڵکوو بەدڵنیاییەوە، دەکرێت لە بواری کار و کارگێڕی، هەروەها لە هونەری بەڕێوەبەرایەتیدا کەڵکی لێ وەربگیرێت و ببێتە سیستەمی کارکردن و بیرکردنەوە. بۆ نموونە ڕاهێنانی کارمەندان یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکان بۆ ئەوەی دامەزراوەیەک لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت و، خاوەنی باشترین بەرهەمیش بێت. ئەوەیش پەیوەندیی بە وەگەڕخستنی توانای تاکەکانەوە هەیە و، لە ناوەڕۆکی خۆیدا ئارەزوو، حەز، مەیلی کارکردن و بەرپرسیارێتی لەناو کارمەندان (هاوکاران)دا دەخوڵقێنێت؛ هەروەها کەلتووری کار و ئەخلاقی کاریش بەهێز دەکات و، لە هەمان کاتیشدا دیسپلین و ڕێکوپێکی لە کاردا دێنێتە دی.

لە بری فەرماندەی لێهاتوو و لێوەشاوە، دەکرێت لە دامودەزگەکانی حکوومەت و کۆمپانیا ئابووری و بازرگانییەکاندا، بیر لە بەڕێوەبەری لێهاتوو، لێوەشاوە، زیرەک و وریا بکرێتەوە، کە چۆن لە مەیدانی کاردا، ڕێکخەر، بڕیاردەر و وەڵامدەر بێت و سیستەمی کارەکەیشی لەسەر بنەمای ئاسۆیی ڕێک بخات و دەوری یەکلاکەرەوەیش بگێڕێت.

لە مەیدانی کار و کارگێڕییشدا هەر وایە؛ ئەگەر دامەزراوەیەک بە سەد کەس کار دەکات (زۆری و بۆری)، دەکرێت بیر لەوەیش بکرێتەوە کە لە بری ١٠٠ کەس، بە کەمتر لە ٥٠ کەسیش بتوانرێ کارەکان ڕاپەڕێندرێن؛ بەو مەرجەی، شێوازی ڕێکخستن لە "ستوونی"یەوە بۆ "ئاسۆیی" بگۆڕدرێت، هەروەها ڕاهێنانی بەردەوام بە ٥٠ کارمەندەکەیش ئەو توانایەیان پێ دەبەخشێت کە کاری سەدان کرێکار بکەن، ئەویش بە چۆنایەتییەکی بەرزەوە. لەو شێوە ڕێکخستنەدا، کارمەندان دەبنە بەشێک لە پرۆسەی کار و بڕیاردان. ئەم چەشنە لە بیرکردنەوە و کارکردنە، دەتوانێت بەر بە گەندەڵی، دزی، چێکردنی لەشکری بندیوار و بەفیڕۆدانی سامانی وڵات بگرێت و، کۆمەڵگە بەرەو گەشەسەندن ئاراستە بکات.

لە بیرکاریدا، وەڵامەکە ڕوانگەی چەندایەتیی هەیە، بەڵام لە سیاسەت و جەنگدا گەرچی ژمارە گرینگە و بەشێکە لە ئامار، ڕوانگەکە چۆنایەتییە، کە ئەویش خۆی لە وریایی، خۆگونجاندن، ستراتیژی، خوێندنەوەی

هێزی دوژمن و خۆی، هەروەها دەستنیشانکردنی خاڵی بەهێز و لاوازی خۆی و دوژمنەکەیدا دەبینێتەوە. ئەوە چۆنایەتییە کە بەسەر ژمارەدا زاڵ دەبێت و هاوکێشەکە لە چەندایەتییەوە بۆ چۆنایەتی دەگۆڕێت. بۆیە لەو بوارانەدا، "یەک کۆ یەک، یەکسان نییە بە دوو"؛ ئەوە چۆنایەتییەکەیە هاوکێشەکە تێک دەدا. دەکرێت ئەو شێوە لە کارکردن و ئیدارەدانە، بە ململانێی هزرەکانیش ناوی ببەین، چونکە بنەماکە لەسەر وەگەڕخستنی عەقڵ و لێکدانەوە دادەمەزرێنێت و کێبەرکێی بێغەشیش، دامەزراوە و وڵات بەرەو پێشەوە دەبات!

کتێبی: [هونەری جەنگ]

---

# جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ

ئەم جاڕنامە جیهانییەی مافەکانی مرۆڤ، بە گوێرەی بڕیاری ژمارە 217 ئەلف (د-3) لە 10ی کانوونی یەکەمی 1948، بە 48 دەنگ لە کۆی 56 دەوڵەت و دەنگنەدانی 8 وڵات، پەسند کراوە.

THIS UNIVERSAL DECLARATION OF HUMAN RIGHTS

10/12/1948

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:** ئاسۆ کەریم 26, 12, 2016

**دیباجە**

لە سەرینی ئەوەی کە داننان بە ئابڕوو و کەرامەتی ڕەگئاژۆی سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی مرۆڤایەتی و، بە مافە وەکیەك و حاشالێنەکراوەکانی ئەوانیشەوە، بناغەی ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی لە دنیادا پێك دەهێنێ،

لەبەر ئەوەی کە لەبیرخۆبردنەوەی مافەکانی مرۆڤ و سووکایەتپێکردنیان، کردەوەی بەربەری و هۆڤییانەی ئەوتۆیان بەدواوە بووە کە ئازاری ویژدانی مرۆڤایەتییان داوە،

لەبەر ئەوەی کە ئاواتی هەرە بەرزی تەواوی خەڵك ئەوە بووە کە دنیایەك بێتە ئاراوە، مرۆڤ بەئازادانە قسەی خۆی بکا و، باوەڕی خۆی دەرببڕێ و لە ترس و بیم و نەداری و دەستکورتی ڕزگاری ببێ،

لەبەر ئەوەی کە پێویست بووە، یاسا مرۆڤ بپارێزێ، نەبادا لە دواجاردا ناچار ببێ دژی ملهوڕی و ستەم ڕاپەڕێ و یاخی ببێ،

لەبەر ئەوەی کە پێویست بووە، گەشەپێدانی پێوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوان پەرەی پێ بدرێ،

لەبەر ئەوەی کە گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرلەنوێ لە پەیماندا جەختیان لەسەر باوەڕبوون بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بە کەرامەت و بەها و بایەخی تاکەکەس و بە مافە وەکیەکەکانی پیاوان و ژنان کردووەتەوە و، بڕیاریان داوە کە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەرەو ژوور ببەن و، لە کەشێکی بەرفرەتری ئازادیدا، ئاستەکانی ژیان و گوزەران بەرەو سەرتر ببەن،

لە سەرینی ئەوەی کە دەوڵەتانی ئەندام، بەڵێنی هاریکارییان بە نەتەوە یەکگرتووەکان داوە، بەردەوام چاودێریی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بکەن و ڕێزیان لێ بگرن،

لەبەر ئەوەی کە تێگەیشتنێکی هاوبەشی ئەم ماف و ئازادییانە، گرنگیی هەرە مەزنی لەو بەڵێنبردنەسەرەدا هەیە بەتەواوی،

هەنووکە، کۆمەڵەی گشتیی ئەم جاڕنامە جیهانییەی مافەکانی مرۆڤ، وەك نموونەیەکی هەرە بەرزی هاوبەشی تەواوی گەلان و نەتەوەکان، ڕادەگەیەنێ تا هەموو تاك و دەستە و گرووپێکی ناو کۆمەڵگە، بەردەوام ئەم جاڕنامەیان لەبەرچاو بێ کە لە ڕێگەی خوێندن و فێربوون و پەروەردە و ڕێوشوێنی جێگیری نەتەوەیی و جیهانییەوە، ڕێزگرتن لەو مافانە پەرە پێ بدەن و، بە شێوەیەکی جیهانی و کارا لەنێو گەلانی دەوڵەتە ئەندامەکان خۆیان و گەلانی ئەو هەرێمانەیشەوە کە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندان، دەستەبەری دانپێدانان و ڕەچاوکردنیان بکەن.

**مادده 1**

هەمی خەڵك بەئازادی لەدایك دەبن و لە کەرامەت و مافەکانیاندا وەکیەکن. گشتیان ئاوەز و هۆش و ویژدانیان پێ بەخشراوە و، دەبێت بە گیانێکی برایانە مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا بکەن.

**مادده 2**

1. **1**. هەر یەکێك، بەبێ هیچ جیاوازیدانانێکی وەك توخم، ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی، یان هەر بیروڕایەکی دیکە، بنەچە و ئەسڵ و فەسڵی نیشتیمانی، یان کۆمەڵایەتی، سامان، باری لەدایکبوون، یان ڕەوش و باری دیکە، مافی کەڵکوەرگرتنی لە سەرجەم ئەو ماف و ئازادییانەدا هەیە کە لەم جاڕنامەیەدا جێیان بۆ کراوەتەوە.
2. **2**. سەرباری ئەوەیش، نابێ جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەوش و ستاتۆی سیاسی، دادوەری و نێونەتەوەییی وڵات، یان ئەو هەرێمەی کە کەسەکەی پێوە بەستراوە، بکرێ؛ جا هەرێمەکە سەربەخۆ بێ، یان لەژێر سایە و چاودێریدا بێ، یان هەرێمێکی ناخۆبەڕێوەر بێ، یان لەژێر سایەی هەر جۆرە بەرتەسکردنەوەیەکی دیکەی سەروەریدا بێ.

**مادده 3**

هەر تاکێك مافی ژیان، ئازادی و تەناهیی تایبەت بە خۆی هەیە.

**مادده 4**

نابێ هیچ تاکێك بە کۆیلە، یان ژێردەستە بکرێ. کۆیلایەتی و کڕین و فرۆشتنی بەندان، هەر شێوەیەکی هەبێ، قەدەغەیە.

**مادده 5**

نابێ هیچ کەسێك ئازار و ئەشکەنجە بدرێ، یان ڕەفتار و سزای توند و نامرۆڤانە و کەرامەتشکێنانەی لەتەکدا بکرێ.

**مادده 6**

مافی هەر یەکێکە، لە هەر جێیەك بێ، وەك کەسێك لە بەردەم یاسادا، دانی پێدا بنرێ.

**مادده 7**

هەموو خەڵك لە بەردەم یاسادا وەکیەکن و، دەبێت یاسا وەکیەك و بەبێ هیچ جیاوازیدانێك بیانپارێزێ. هەمووان مافی ئەوەیان هەیە وەکیەك دژی هەر جیاوازیدانانێك کە ئەم جاڕنامەیە پێشێل بکا، دژی هەر جۆرە هاندانێك بۆ جیاوازیدانان، پارێزگارییان لێ بکرێ.

**مادده 8**

هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە هانا بۆ دادگەی نیشتیمانیی پسپۆڕ ببات تا لە بەرانبەر ئەو کار و کردانەی کە مافە بنەڕەتییەکانی پێشێل دەکەن و، دەستوور، یان یاسا دەستەبەری کردوون، چارەسەرێکی کارای بۆ بدۆزێتەوە و هەقی بۆ بکاتەوە.

**مادده 9**

نابێ هیچ کەسێك لەخۆوە بگیرێ، گل بدرێتەوە، یان دوور بخرێتەوە.

**مادده 10**

هەر یەکێ، تەبای کەسانی دیکە، مافی ئەوەی هەیە لە لایەن دادگەیەکی سەربەخۆ و بێلایەن و دەستپاکەوە، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بەئاشکرا سەیری کەیسەکەی بکرێ و بڕیار لە ماف و پابەندییەکانی، یان هەر تۆمەتێکی پێی کراوە، بدرێ.

**مادده 11**

1. **1.** هەر کەسێك بە هەر تاوانێك تۆمەتبار بکرێ، تا ئەو دەمەی لە دادگەییکردنێکی بەئاشکرادا کە هەموو دەستەبەرێکی پێویستی بۆ بەرگریگردن لەخۆ بۆ دابین دەکرێ و تاوانباربوونەکەی بە یاسای بەسەردا ساغ دەکرێتەوە، بە بێتاوان دادەنرێ.
2. **2.** نابێ هیچ کەسێك بە هۆی کردن، یان نەکردنی کارێك، تاوانبار بکرێ کە بەپێی یاسای

نیشتیمانی، یان یاسای نێودەوڵەتی لە کاتی تاوانکردنەکەدا، بە تاوان نەژمێردرێ. هەروا نابێ سزایەکی توندتر لەو سزایەی کە لە کاتی تاوانکردنەکەدا بۆ ئەو تاوانە دیاري کراوە، بەسەر ئەو کەسەدا بسەپێنرێ.

**ماددە 12**

نابێ ژیانی تایبەتیی هیچ کەسێك، یان بنەماڵەکەی، یان ماڵ و نامە و نامەکارییەکانی مایەی هیچ جۆرە خۆتێکردنێکی ملهوڕانە بێ. هەروا نابێ پەلاماری ئابڕوو و شۆرەتیشی بدرێ. هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە یاسا لەم جۆرە مایەخۆتێکردن و پەلامارانەی بپارێزێ.

**ماددە 13**

1. **1**. هەموو کەسێك ئازادیی هاتوچۆ و نیشتەجێبوونی لەناو سنووری هەر دەوڵەتێکدا، هەیە.
2. **2**. هەموو تاکێك مافی ئەوەی هەیە کە هەر وڵاتێك، بە وڵاتەکەی خۆیشییەوە، بەجێ بهێڵێ و، هەم بۆیشی بگەڕێتەوە.

**ماددە 14**

1. **1**. هەموو تاکێك، لەبەر ستەم و چەوساندنەوە، مافی ئەوەی هەیە بە دوای پەنابەری لە وڵاتێکی دیکەدا بگەڕێ و کەڵکی لێ وەربگرێ.
2. **2**. هەر کەسێك لەبەر تاوانگەلێکی ناسیاسی درابێتە دادگە، یان لەبەر کار و کردەیەکی پێچەوانەی مەبەست و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کەڵك لەم مافە وەرناگرێ.

**ماددە 15**

1. **1**. هەر تاکێك مافی ئەوەی هەیە، دەوڵەتنامە (جنسیە)یەکی هەبێ.
2. **2**. نابێ هیچ کەسێك ملهوڕانە لە دەوڵەتنامەکەی بێبەش بکرێ، یان لە مافی گۆڕینی دەوڵەتنامەکەی بێبەش بکرێ.

**ماددە 16**

1. **1**. هەر ژن و پیاوێك تەمەنیان گەیشتبێتە تەمەنی هاوسەرگیری، بێ هیچ کۆتوبەندێك بە هۆی ڕەگەز، یان دەوڵەتنامە، یان ئایین، مافی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزانیان هەیە. ژن و پیاو، چ لە کاتی ژن و مێردایەتی و، چ لە باری هەڵوەشاندنەوەیشیدا، مافگەلی وەکیەکیان هەیە.
2. **2**. هاوسەرگیری، دەبێت بە ڕەزامەندیی ئازادانە و تەواوی هەر دوو لایەنی هاوسەرگیری بێ.
3. **3**. ماڵبات، یەکەیەکی سروشتیی بنەڕەتیی کۆمەڵگەیە و مافی ئەوەی هەیە لە لایەن دەوڵەت و کۆمەڵگەوە بپارێزرێ.

**ماددە 17**

1. **1**. هەر کەسێك، چ بەتەنیا و چ بە هاوبەش، مافی موڵکداریی هەیە.

2. **2**. هیچ کەسێك، نابێ ملهوڕانە و بەزۆر ملك و ماڵی لێ زەوت بکرێ.

**مادده 18**

هەر کەسێك مافی ئازادیی بیرکردنەوە و هۆش و ویژدان و ئایینی هەیە. ئەم مافەیش، ئازادیی گۆڕینی ئایین یان باوەڕ، ئازادیی ئایین دەربڕین، چ بەتەنیا و چ بە هاوبەش، لەگەڵ کەسانی دیکەدا، چ بەئاشکرا و چ بەنهێنێ، لە ڕێگەی خوێندن و فێرکردن و ڕەچاوکردن و بەجێهێنانی ڕێورەسمی ئایینییش، دەگرێتەوە.

**مادده 19**

هەر کەسێك مافی ئازادیی بیروڕا و ئازادیی ڕادەربڕینی هەیە. ئەم مافەیش ئازادیی پێڕەوکردنی هەر بیروڕایەك دەگرێتەوە بەبێ مایەی خۆتێکردن، هەروا وەدەستهێنان و وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بیروڕایش دەگرێتەوە، جا بە هەر ئامرازێکی میدیا بێ، بێ خۆبەستنەوە بە سنوورەکان.

**مادده 20**

1. **1**. هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە بەئازادانە بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆمەڵەدا بکات.
2. **2**. نابێ هیچ کەسێك ناچاری چوونەناو کۆمەڵەیەك بکرێ.

مادده 21

1. **1**. هەموو تاکێك مافی ئەوەی هەیە، ڕاستەوخۆ، یان لە ڕێگەی نوێنەرە بەئازادی هەڵبژێردراوەکانییەوە، بەشداری لە حکوومەتی وڵاتەکەیدا بکات.
2. **2**. هەموو کەسێك، تەبای هەر یەکێکی دیکە، مافی ئەوەی هەیە پۆستی گشتی لە وڵاتی خۆیدا وەربگرێ.
3. **3**. دەبێت خواست و ویستی گەل، چاوگەی دەسەڵاتی حکوومەت بێ. ئەم ویست و خواستەیش لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پاك و بێگەردی ناو بە ناودا دێتە دی، کە دەبێت بە دەنگدانی نهێنی و یەکسانیی لە نێوان هەمووان‌دا، یان هەر کارڕاییەکی دیکەی هاوشێوە کە ئازادیی دەنگدانی تێدا مسۆگەر ببێ، بێتە دی.

**مادده 22**

هەر کەسێك، وەك ئەندامێکی کۆمەڵگە، مافی بیمەی کۆمەڵایەتیی هەیە لەسەر بنەمای سوودمەندبوون لەو مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییانەی کە پێویستن بۆ پاراستنی ئابروو و کەرامەت و نەشونمای ئازادانەی کەسایەتیی خۆی، بە سایەی هەوڵی نەتەوەیی و هاریکاریی نێودەوڵەتی و بەگوێرەی ڕێکخستن و سەرچاوەکانی هەر دەوڵەتێك.

**مادده 23**

1. **1**. هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کار بکات، بەئازادی کار و شۆل بۆ خۆی هەڵبژێرێ، هەلومەرجێکی دادپەروەر و دڵخوازانەی کاری هەبێ و، لە بێکاربوون بپارێزرێ.

2. **2.** هەموو تاکێك، بێ هیچ جیاوازیدانانێك، مافی ئەوەی هەیە هەقدەستی یەکسان لە بەرانبەر کاری وەکیەك وەربگرێ.
3. **3.** هەموو تاکێك کار بکات، مافی ئەوەی هەیە لە بەرانبەردا هەقدەستێکی دادپەروەرانەی گونجاو وەربگرێ کە بژێو و گوزەرانێکی شیاو و بەکەرامەتی مرۆڤانە بۆ خۆی و بۆ خێزانەکەی دەستەبەر بکا، ئەمە سەرباری ئامرازەکانی دیکەی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە کاتی پێویستدا.
4. **4.** هەموو کەسێك بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی، مافی پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵەی پیشەیی و چوونەناو سەندیکای هەیە.

**مادده 24**

هەموو کەسێك مافی پشوودان و کات و دەمی بێشۆل و کاری هەیە، نەمازە دیاریکردنی بەجێ و ڕێی کاتژمێرەکانی کار و پشووی ناو بە ناوی بەمز (بەکرێ).

**مادده 25**

1. **1.** هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە ئاستێکی گوزەرانی هەبێ و تەندروستی و بژێوی خۆی وماڵباتەکەی پێ دابین بکا، بە خۆراك، جلوبەرگ، خانوبەرە و و چاودێریی پزیشکی و خزمەتگوزارییە پێویستە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە. هەروا مافی ئەوەیشی هەیە لە باری بێکاری، نەخۆشکەوتن، پەککەوتن و بێوەژنی و بێوەمێردی و پیربوون و هۆکاری دیکەی لەدەستدانی ئامرازەکانی بژێوی لە ئەنجامی هەلومەرجێکدا، بێ ویست و خواستی خۆی، ژیان و گوزەرانی بۆ دابین بکرێ.
2. **2.** دایکایەتی و منداڵێتی، مافی هاریکاری و چاودێریی تایبەتیان هەیە و، دەبێت سەرجەم مناڵان، جا چ لەدایکبوونیان ئاکامی گرێبەستێکی شەرعی بێ، یان ڕێگەیەکی ناشەرعی، مافی ئەوەیان هەیە وەکیەك لەباری کۆمەڵایەتییەوە بپارێزرێن.

**مادده 26**

1. **1.** هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە پێی بخوێندرێ. دەبێت خوێندن و فێربوون، بە لانی کەم لە هەر دوو قۆناخی سەرەتایی و بنەڕەتیدا، بەخۆڕایی بێ. دەبێت خوێندنی سەرەتایی بەزۆر بێ و، خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی بگشتێندرێ و، وەرگرتن لە خوێندنی باڵادا لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی و بۆ هەمووان وەکیەك بێ.
2. **2.** دەبێت ئامانجی پەروەردە و فێرکردن، پێگەیاندنی هەمەلایەنەی کەسایەتیی مرۆڤ و ڕێزگرتنی زێتری ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، برەودان بە لێکحاڵیبوون و لێبووردەیی و دۆستایەتیی نێوان سەرجەم گەل و گرووپ و کۆمەڵە ڕەگەزی و ئایینییەکان و هەوڵی زێتری نەتەوە یەکگرتووەکان بێ، بۆ پاراستنی ئاشتی.
3. **3.** دایکان و باوکان، پێش کەسانی دیکە، مافی ئەوەیان هەیە جۆری ئەو پەروەردەیە دیاری بکەن کە منداڵەکانیان پێ پەروەردە دەکرێ.

**مادده 27**

1. **1**. هەر تاکێك مافی ئەوەی هەیە ئازادانە بەشداری ژیانی کەلتووریی کۆمەڵگە بکا و، چێژ لە هونەر وەربگرێ و، بەشداری لە پێشکەوتنی زانستیدا بکا و، سوود لە دەسکەوتەکانی وەربگرێ.
2. **2**. هەر تاکێك مافی ئەوەی هەیە، بەرژەوەندە مەعنەوی و ماددییەکانی بپارێزرێن، کە بەرەنجامی هەر بەرهەمێکی زانستی، ئەدەبی، یان هونەری بن کە خۆی دایناوە.

**مادده 28**

هەر تاکێك مافی ئەوەی هەیە کەڵك لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتیی وەسا وەربگرێ کە بەسای ئەمەوە، ئەو ماف و ئازادییانەی لەم جاڕنامەیەدا هاتوون، بەتەواوی بێنە دی.

**مادده 29**

1. **1**. هەر تاکێك لە بەرانبەر ئەو کۆمیونیتەی کە، دەکرێ گەشەکردنی ئازادانە و هەمەلایەنەی کەسایەتیی بۆ بڕەخسێنێ، ئەرکگەلێکی دەکەونە ئەستۆوە.
2. **2**. تاکەکەس لە پراکتیزەکردنی ماف و ئازادییەکانی خۆیدا تەنیا مل بۆ ئەو کۆتوبەندانەی یاسا بڕیاری لێ داون، دادەنەوێنێ، بە مەبەستی دابینکردنی دانان و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی کەسانی دیکە و بۆ باوەگۆدانەوەی داخوازیی دادپەروەرانەی ڕەوشت، نیزامی گشتی و بەرژەوەندیی گشتی لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکدا.
3. **3**. نابێ لە هیچ بارێکدا پراکتیزەکردنی ئەم ماف و ئازادییانە پێکناکۆك بێ، لەتەك ئارمانج و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

**مادده 30**

لەم جاڕنامەیەدا دەقێکی تێدا نییە کە وا لێك بدرێتەوە مافی کار و کردەیەک یان چالاکییەکی ئەوتۆ بە دەوڵەتێك، گرووپێك، یان تاکەکەسێك بدا کە تێکدانی ماف و ئازادییەکانی ناو ئەم جاڕنامەیەی بەدواوە بێ.

---

# جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ

ئەم جاڕنامە جیهانییەی مافەکانی مرۆڤ، بە گوێرەی بڕیاری ژمارە 217 ئەلف (د-3) لە 10ی کانوونی یەکەمی 1948، بە 48 دەنگ لە کۆی 56 دەوڵەت و دەنگنەدانی 8 وڵات، پەسند کراوە.

THIS UNIVERSAL DECLARATION OF HUMAN RIGHTS

10/12/1948

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:** ئاسۆ کەریم 26, 12, 2016

**دیباجە**

لە سەرینی ئەوەی کە داننان بە ئابڕوو و کەرامەتی ڕەگئاژۆی سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی مرۆڤایەتی و، بە مافە وەکیەک و حاشالێنەکراوەکانی ئەوانیشەوە، بناغەی ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی لە دنیادا پێک دەهێنێ،

لەبەر ئەوەی کە لەبیرخۆبردنەوەی مافەکانی مرۆڤ و سووکایەتپێکردنیان، کردەوەی بەربەری و هۆڤییانەی ئەوتۆیان بەدواوە بووە کە ئازاری ویژدانی مرۆڤایەتییان داوە،

لەبەر ئەوەی کە ئاواتی هەرە بەرزی تەواوی خەڵک ئەوە بووە کە دنیایەک بێتە ئاراوە، مرۆڤ بەئازادانە قسەی خۆی بکا و، باوەڕی خۆی دەرببڕێ و لە ترس و بیم و نەداری و دەستکورتی ڕزگاری بێ،

لەبەر ئەوەی کە پێویست بووە، یاسا مرۆڤ بپارێزی، نەبادا لە دواجاردا ناچار بێ دژی ملهوڕی و ستەم ڕابپەڕێ و یاخی بێ،

لەبەر ئەوەی کە پێویست بووە، گەشەپێدانی پێوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوان پەرەی پێ بدرێ،

لەبەر ئەوەی کە گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرلەنوێ لە پەیماندا جەختیان لەسەر باوەڕبوون بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بە کەرامەت و بەها و بایەخی تاکەکەس و بە مافە وەکیەکەکانی پیاوان و ژنان کردووەتەوە و، بڕیاریان داوە کە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بەرەو ژوور ببەن و، لە کەشێکی بەرفرەتری ئازادیدا، ئاستەکانی ژیان و گوزەران بەرەو سەرتر ببەن،

لە سەرینی ئەوەی کە دەوڵەتانی ئەندام، بەڵێنی هاریکارییان بە نەتەوە یەکگرتووەکان داوە، بەردەوام چاودێریی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بکەن و ڕێزیان لێ بگرن،

لەبەر ئەوەی کە تێگەیشتنێکی هاوبەشی ئەم ماف و ئازادییانە، گرنگیی هەرە مەزنی لەو بەڵێنبردنەسەرەدا هەیە بەتەواوی،

هەنووکە، کۆمەڵەی گشتیی ئەم جاڕنامە جیهانییەی مافەکانی مرۆڤ، وەک نموونەیەکی هەرە بەرزی هاوبەشی تەواوی گەلان و نەتەوەکان، ڕادەگەیەنێ تا هەموو تاک و دەستە و گرووپێکی ناو کۆمەڵگە، بەردەوام ئەم جاڕنامەیان لەبەرچاو بێ کە لە ڕێگەی خوێندن و فێربوون و پەروەردە و ڕێوشوێنی جێگیری نەتەوەیی و جیهانییەوە، ڕێزگرتن لەو مافانە پەرە پێ بدەن و، بە شێوەیەکی جیهانی و کارا لەنێو گەلانی دەوڵەتە ئەندامەکان خۆیان و گەلانی ئەو هەرێمانەیشەوە کە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندان، دەستەبەری دانپێدانان و ڕەچاوکردنیان بکەن.

**مادده 1**

هەمی خەڵک بەئازادی لەدایک دەبن و لە کەرامەت و مافەکانیاندا وەکیەکن. گشتیان ئاوەز و هۆش و

ویژدانیان پێ بەخشراوە و، دەبێت بە گیانێکی برایانە مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا بکەن.

**مادده 2**

1. **1.** هەر یەکێك، بەبێ هیچ جیاوازیدانانێکی وەك توخم، ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی، یان هەر بیروڕایەکی دیکە، بنەچە و ئەسڵ و فەسڵی نیشتیمانی، یان کۆمەڵایەتی، سامان، باری لەدایکبوون، یان ڕەوش و باری دیکە، مافی کەڵکوەرگرتنی لە سەرجەم ئەو ماف و ئازادییانەدا هەیە کە لەم جاڕنامەیەدا جێیان بۆ کراوەتەوە.
2. **2.** سەرباری ئەوەیش، نابێ جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەوش و ستاتۆی سیاسی، دادوەری و نێونەتەوەیی وڵات، یان ئەو هەرێمەی کە کەسەکەی پێوە بەستراوە، بکرێ؛ جا هەرێمەکە سەربەخۆ بێ، یان لەژێر سایە و چاودێریدا بێ، یان هەرێمێکی ناخۆبەڕێوەر بێ، یان لەژێر سایەی هەر جۆرە بەرتەسکردنەوەیەکی دیکەی سەروەریدا بێ.

**مادده 3**

هەر تاکێك مافی ژیان، ئازادی و تەناهیی تایبەت بە خۆی هەیە.

**مادده 4**

نابێ هیچ تاکێك بە کۆیلە، یان ژێردەستە بکرێ. کۆیلایەتی و کڕین و فرۆشتنی بەندان، هەر شێوەیەکی هەبێ، قەدەغەیە.

**مادده 5**

نابێ هیچ کەسێك ئازار و ئەشکەنجە بدرێ، یان ڕەفتار و سزای توند و نامرۆڤانە و کەرامەتشکێنانەی لەتەکدا بکرێ.

**مادده 6**

مافی هەر یەکێکە، لە هەر جێیەك بێ، وەك کەسێك لە بەردەم یاسادا، دانی پێدا بنرێ.

**مادده 7**

هەموو خەڵك لە بەردەم یاسادا وەکیەکن و، دەبێت یاسا وەکیەك و بەبێ هیچ جیاوازیدانانێك بیانپارێزێ. هەمووان مافی ئەوەیان هەیە وەکیەك دژی هەر جیاوازیدانانێك کە ئەم جاڕنامەیە پێشێل بکا، دژی هەر جۆرە هاندانێك بۆ جیاوازیدانان، پارێزگارییان لێ بکرێ.

**مادده 8**

هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە هانا بۆ دادگەی نیشتیمانیی پسپۆڕ ببات تا لە بەرانبەر ئەو کار و کردانەی کە مافە بنەڕەتییەکانی پێشێل دەکەن و، دەستوور، یان یاسا دەستەبەری کردوون، چارەسەرێکی کارای بۆ

بدۆزێتەوە و هەقی بۆ بکاتەوە.

**مادده 9**

نابێ هیچ کەسێك لەخۆوە بگیرێ، گل بدرێتەوە، یان دوور بخرێتەوە.

**مادده 10**

هەر یەکێ، تەبای کەسانی دیکە، مافی ئەوەی هەیە لە لایەن دادگەیەکی سەربەخۆ و بێلایەن و دەستپاکەوە، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بەئاشکرا سەیری کەیسەکەی بکرێ و بڕیار لە ماف و پابەندییەکانی، یان هەر تۆمەتێکی پێی کراوە، بدرێ.

**مادده 11**

1. **1**. هەر کەسێك بە هەر تاوانێك تۆمەتبار بکرێ، تا ئەو دەمەی لە دادگەییکردنێکی بەئاشکرادا کە هەموو دەستەبەرێکی پێویستی بۆ بەرگریگردن لەخۆ بۆ دابین دەکرێ و تاوانباربوونەکەی بە یاسای بەسەردا ساغ دەکرێتەوە، بە بێتاوان دادەنرێ.
2. **2**. نابێ هیچ کەسێك بە هۆی کردن، یان نەکردنی کارێك، تاوانبار بکرێ کە بەپێی یاسای نیشتیمانی، یان یاسای نێودەوڵەتی لە کاتی تاوانکردنەکەدا، بە تاوان نەژمێردرێ. هەروا نابێ سزایەکی توندتر لەو سزایەی کە لە کاتی تاوانکردنەکەدا بۆ ئەو تاوانە دیاري کراوە، بەسەر ئەو کەسەدا بسەپێنرێ.

**مادده 12**

نابێ ژیانی تایبەتیی هیچ کەسێك، یان بنەماڵەکەی، یان ماڵ و نامە و نامەکارییەکانی مایەی هیچ جۆرە خۆتێکردنێکی ملهوڕانە بێ. هەروا نابێ پەلاماری ئابڕوو و شۆرەتیشی بدرێ. هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە یاسا لەم جۆرە مایەخۆتێکردن و پەلامارانەی بپارێزێ.

**مادده 13**

1. **1**. هەموو کەسێك ئازادیی هاتوچۆ و نیشتەجێبوونی لەناو سنووری هەر دەوڵەتێکدا، هەیە.
2. **2**. هەموو تاکێك مافی ئەوەی هەیە کە هەر وڵاتێك، بە وڵاتەکەی خۆیشییەوە، بەجێ بهێڵێ و، هەم بۆیشی بگەڕێتەوە.

**مادده 14**

1. **1**. هەموو تاکێك، لەبەر ستەم و چەوساندنەوە، مافی ئەوەی هەیە بە دوای پەنابەری لە وڵاتێکی دیکەدا بگەڕێ و کەڵکی لێ وەربگرێ.
2. **2**. هەر کەسێك لەبەر تاوانگەلێکی ناسیاسی درابێتە دادگە، یان لەبەر کار و کردەیەکی پێچەوانەی مەبەست و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کەڵك لەم مافە وەرناگرێ.

**مادده 15**

1. **1.** هەر تاکێك مافی ئەوەی هەیە، دەوڵەتنامە (جنسیە)یەکی هەبێ.
2. **2.** نابێ هیچ کەسێك ملهوڕانە لە دەوڵەتنامەکەی بێبەش بکرێ، یان لە مافی گۆڕینی دەوڵەتنامەکەی بێبەش بکرێ.

**مادده 16**

1. **1.** هەر ژن و پیاوێك تەمەنیان گەیشتبێتە تەمەنی هاوسەرگیری، بێ هیچ کۆتوبەندێك بە هۆی ڕەگەز، یان دەوڵەتنامە، یان ئایین، مافی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزانیان هەیە. ژن و پیاو، چ لە کاتی ژن و مێردایەتی و، چ لە باری هەڵوەشاندنەوەیشیدا، مافگەلی وەکیەکیان هەیە.
2. **2.** هاوسەرگیری، دەبێت بە ڕەزامەندیی ئازادانە و تەواوی هەر دوو لایەنی هاوسەرگیری بێ.
3. **3.**ماڵبات، یەکەیەکی سروشتیی بنەڕەتیی کۆمەڵگەیە و مافی ئەوەی هەیە لە لایەن دەوڵەت و کۆمەڵگەوە بپارێزرێ.

**مادده 17**

1. **1.** هەر کەسێك، چ بەتەنیا و چ بە هاوبەش، مافی موڵکداریی هەیە.
2. **2.** هیچ کەسێك، نابێ ملهوڕانە و بەزۆر مڵك و ماڵی لێ زەوت بکرێ.

**مادده 18**

هەر کەسێك مافی ئازادیی بیرکردنەوە و هۆش و ویژدان و ئایینی هەیە. ئەم مافەیش، ئازادیی گۆڕینی ئایین یان باوەڕ، ئازادیی ئایین دەربڕین، چ بەتەنیا و چ بە هاوبەش، لەگەڵ کەسانی دیکەدا، چ بەئاشکرا و چ بەنهێنی، لە ڕێگەی خوێندن و فێرکردن و ڕەچاوکردن و بەجێهێنانی ڕێورەسمی ئایینییش، دەگرێتەوە.

**مادده 19**

هەر کەسێك مافی ئازادیی بیروڕا و ئازادیی ڕادەربڕینی هەیە. ئەم مافەیش ئازادیی پێڕەوکردنی هەر بیروڕایەك دەگرێتەوە بەبێ مایەی خۆتێکردن، هەروا وەدەستهێنان و وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بیروڕایش دەگرێتەوە، جا بە هەر ئامرازێکی میدیا بێ، بێ خۆبەستنەوە بە سنوورەکان.

**مادده 20**

1. **1.** هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە بەئازادانە بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆمەڵەدا بکات.
2. **2.** نابێ هیچ کەسێك ناچاری چوونەناو کۆمەڵەیەك بکرێ.

مادده 21

1. **1.** هەموو تاکێك مافی ئەوەی هەیە، ڕاستەوخۆ، یان لە ڕێگەی نوێنەرە بەئازادی هەڵبژێردراوەکانییەوە، بەشداری لە حکوومەتی وڵاتەکەیدا بکات.

2. **2**. هەموو کەسێك، تەبای هەر یەکێکی دیکە، مافی ئەوەی هەیە پۆستی گشتی لە وڵاتی خۆیدا وەربگرێ.
3. **3**. دەبێت خواست و ویستی گەل، چاوگەی دەسەڵاتی حکوومەت بێ. ئەم ویست و خواستەیش لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پاك و بێگەردی ناو بە ناودا دێتە دی، کە دەبێت بە دەنگدانی نهێنی و یەکسانیی لە نێوان هەمووان‌دا، یان هەر کارڕاییەکی دیکەی هاوشێوە کە ئازادیی دەنگدانی تێدا مسۆگەر ببێ، بێتە دی.

**مادده 22**

هەر کەسێك، وەك ئەندامێکی کۆمەڵگە، مافی بیمەی کۆمەڵایەتیی هەیە لەسەر بنەمای سوودمەندبوون لەو مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییانەی کە پێویستن بۆ پاراستنی ئابروو و کەرامەت و نەشونمای ئازادانەی کەسایەتیی خۆی، بە سایەی هەوڵی نەتەوەیی و هاریکاریی نێودەوڵەتی و بەگوێرەی ڕێکخستن و سەرچاوەکانی هەر دەوڵەتێك.

**مادده 23**

1. **1**. هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کار بکات، بەئازادی کار و شۆل بۆ خۆی هەڵبژێرێ، هەلومەرجێکی دادپەروەر و دڵخوازانەی کاری هەبێ و، لە بێکاربوون بپارێزرێ.
2. **2**. هەموو تاکێك، بێ هیچ جیاوازیدانانێك، مافی ئەوەی هەیە هەقدەستی یەکسان لە بەرانبەر کاری وەکیەك وەربگرێ.
3. **3**. هەموو تاکێك کار بکات، مافی ئەوەی هەیە لە بەرانبەردا هەقدەستێکی دادپەروەرانەی گونجاو وەربگرێ کە بژێو و گوزەرانێکی شیاو و بەکەرامەتی مرۆڤانە بۆ خۆی و بۆ خێزانەکەی دەستەبەر بکا، ئەمە سەرباری ئامرازەکانی دیکەی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە کاتی پێویستدا.
4. **4**. هەموو کەسێك بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی، مافی پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵەی پیشەیی و چوونەناو سەندیکای هەیە.

**مادده 24**

هەموو کەسێك مافی پشودان و کات و دەمی بێشۆل و کاری هەیە، نەمازە دیاریکردنی بەجێ و ڕێی کاتژمیرەکانی کار و پشووی ناو بە ناوی بەمز (بەکرێ).

**مادده 25**

1. **1**. هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە ئاستێکی گوزەرانی هەبێ و تەندروستی و بژێوی خۆی و ماڵباتەکەی پێ دابین بکا، بە خۆراك، جلوبەرگ، خانوبەرە و و چاودێریی پزیشکی و خزمەتگوزارییە پێویستە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە. هەروا مافی ئەوەیشی هەیە لە باری بێکاری، نەخۆشکەوتن، پەککەوتن و بێوەژنی و بێوەمێردی و پیربوون و هۆکاری دیکەی لەدەستدانی ئامرازەکانی بژێوی لە ئەنجامی هەلومەرجێکدا، بێ ویست و خواستی خۆی، ژیان و گوزەرانی بۆ دابین بکرێ.

2. **2**. دایکایەتی و منداڵێتی، مافی هاریکاری و چاودێریی تایبەتیان هەیە و، دەبێت سەرجەم منالان، جا چ لەدایکبوونیان ئاکامی گرێبەستێکی شەرعی بێ، یان ڕێگەیەکی ناشەرعی، مافی ئەوەیان هەیە وەکیەك لەباری کۆمەلایەتییەوە بپارێزرێن.

**مادده 26**

1. **1**. هەر کەسێك مافی ئەوەی هەیە پێی بخوێندرێ. دەبێت خوێندن و فێربوون، بە لانی کەم لە هەر دوو قۆناخی سەرەتایی و بنەڕەتیدا، بەخۆڕایی بێ. دەبێت خوێندنی سەرەتایی بەزۆر بێ و، خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی بگشتێندرێ و، وەرگرتن لە خوێندنی باڵادا لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی و بۆ هەمووان وەکیەك بێ.
2. **2**. دەبێت ئامانجی پەروەردە و فێرکردن، پێگەیاندنی هەمەلایەنەی کەسایەتیی مرۆڤ و ڕێزگرتنی زێتری ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، برەودان بە لێکحاڵیبوون و لێبووردەیی و دۆستایەتیی نێوان سەرجەم گەل و گرووپ و کۆمەڵە ڕەگەزی و ئایینییەکان و هەوڵی زێتری نەتەوە یەکگرتووەکان بێ، بۆ پاراستنی ئاشتی.
3. **3**. دایکان و باوکان، پێش کەسانی دیکە، مافی ئەوەیان هەیە جۆری ئەو پەروەردەیە دیاری بکەن کە منداڵەکانیان پێ پەروەردە دەکرێ.

**مادده 27**

1. **1**. هەر تاکێك مافی ئەوەی هەیە ئازادانە بەشداری ژیانی کەلتووریی کۆمەڵگە بکا و، چێژ لە هونەر وەربگرێ و، بەشداری لە پێشکەوتنی زانستیدا بکا و، سوود لە دەسکەوتەکانی وەربگرێ.
2. **2**. هەر تاکێك مافی ئەوەی هەیە، بەرژەوەندە مەعنەوی و ماددییەکانی بپارێزرێن، کە بەرەنجامی هەر بەرهەمێکی زانستی، ئەدەبی، یان هونەری بن کە خۆی دایناوە.

**مادده 28**

هەر تاکێك مافی ئەوەی هەیە کەڵك لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتیی وەسا وەربگرێ کە بەسای ئەمەوە، ئەو ماف و ئازادییانەی لەم جاڕنامەیەدا هاتوون، بەتەواوی بێنە دی.

**مادده 29**

1. **1**. هەر تاکێك لە بەرانبەر ئەو کۆمیونیتەی کە، دەکرێ گەشەکردنی ئازادانە و هەمەلایەنەی کەسایەتیی بۆ بڕەخسێنێ، ئەرکگەلێکی دەکەونە ئەستۆوە.
2. **2**. تاکەکەس لە پراکتیزەکردنی ماف و ئازادییەکانی خۆیدا تەنیا مل بۆ ئەو کۆتوبەندانەی یاسا بڕیاری لێ داون، دادەنەوێنێ، بە مەبەستی دابینکردنی دانان و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییەکانی کەسانی دیکە و بۆ باوەگۆدانەوەی داخوازیی دادپەروەرانەی ڕەوشت، نیزامی گشتی و بەرژەوەندیی گشتی لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکدا.
3. **3**. نابێ لە هیچ بارێکدا پراکتیزەکردنی ئەم ماف و ئازادییانە پێکناکۆك بێ، لەتەك ئارمانج و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

**مادده 30**

لەم جاڕنامەیەدا دەقێکی تێدا نییە کە وا لێك بدرێتەوە مافی کار و کردەیەک یان چالاکییەکی ئەوتۆ بە دەوڵەتێك، گرووپێك، یان تاکەکەسێك بدا کە تێکدانی ماف و ئازادییەکانی ناو ئەم جاڕنامەیەی بەدواوە بێ.